کتێب : {حەزرەتی غەوس شێخ عەبدولقادری گەیلانی }

ساڵی بڵاوکردنەوە : ٢٠٢٢ زاینی – ١٤٤٣ کۆچی – ٢٧٢٢ کوردی

ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە : هەژیر ئیسماعیل لالە ئەحمەد

دیزاینی بەرگی دەرەوە : ئەلحەکەم نورەدین

## بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

سوپاس بۆ ئەو خودایەی ئەم ئومەتەی ڕێزدار کرد و لەناو ئەم ئومەتەشدا کەسانێکی کرد بە دۆستی خۆی و گەیشتن بە قافڵەی ڕێگای سەرفرازان ، درووود و سەڵەوات لەسەر ڕەهبەری پێغەمبەران حەزرەتی موحەمەد (صلی الله علیه وسلم) و ئالوبەیتی پاک و یاوەرانی چاکی هەتا ڕۆژی دوایی ، ئەم کتێبەی لە بەردەستی تۆی خوێنەری بەڕێزە ، بریتیە لە کتێبێک کە باس لە ژیاننامەی سوڵتانی ئەولیا حەزرەتی غەوس سەید شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەغدادی حەنبەلی حەسەنی حوسەینی دەکات ، بەو هیوایەم ئەم کتێب و بەرهەمە سوودبەخش بێت بۆ خزمەتکردنی مێژوو و کتێبخانەی کوردی

"هەژیر"

## بەشی یەکەم : ژیاننامەی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی :

ناوی عەبدولقادرە کوری موســا کوری عەبدوڵلا کوری یەحیای زاهید کوری موحەمەد کوری داود کوری موسا کوری عەبدوڵلا کوری موسای جون کوری عەبدوڵلای محض کوری حەسەنی موثەنا کوری ئیمام حەسەنی کوری ئیمام عەلی کوری ئەبو طالیبە (ڕەزای خودایـان لەســـەربێـت) [1] کوری عەبـدولموتەلیـب کوری هـاشـــم کوری عەبدولمەناف کوری قوسەی کوری کلاب کوری مرە کوری کەعب کوری لوئەی کوری غالب کوری فهر کوری مالک کوری قورەیش کوری کنانە کوری خوزیمە کوری مدرکە کوری ئیلیاس کوری مضـــر کوری نزار کوری معد کوری عەدنان [2] ، دایکیشـــی ئوم ئەلخەیر فاتیمە کچی سەید عەبدوڵلای سەومەعی زاهید کوری ئیمام جەمالەدینی ســـەیید موحەمەد کوری ســـەیید مەحمود کوری ئیمام ئەبی عەتا عەبدوڵلا کوری ئیمام کەمالەدین عیســای کوری ئیمام ســەید ئەبی عەلائەدین موحەمەد ئەلجەواد کوری ئیمام عەلی ڕەزا کوری ئیمام موســـای کازم کوری ئیمام جەعفەری ســـادق کوری ئیمام موحەمەد باقر کوری ئیمام زەینەلعابدین کوری ئیمام حوســـەین کوری ئیمام عەلی کوری ئەبو طالیبە (ڕەزای خودایان لەسەربێت) [3].

---

[1] الشيخ عبدالوهاب الشعراني : الطبقات الكبرى المسمى لواقح الانوار القدسية في مناقب العلماء و الصوفية ، تح : د.أحمد عبدالرحيم السايح ، مكتبة الثقافة الدينية – القاهرة ، ٢٠٠٥ ، چ ١ ، ل ١٢٤

[2] د.جمال الدين فالح الكيلاني : من الشك إلى اليقين (دراسة في نسب الشيخ عبدالقادر الجيلاني) ، بحث نقدي في مصادر التأريخ الإسلامي الوسيط ، دار الزنبقة – القاهرة ، ٢٠١٣

[3] نیاز مەستی : ڕشتەی نوور ، ٢٠١٨ ، چاپی یەکەم ، ل ١٢٤

هەروەها شـــێخ یونســـــی ســـــامەڕایی بۆچوونی وایە کە شـــێخی گەیلانی لە ڕەچەڵەکەوە پەیوەندی بە پێشـــەوایان (ئەبوبەکری ســـــدیق) و (عومەری کوڕی خەتـاب) هەیە ، دەڵێ : داپیرەی جەنـابی شـــێخ (دایکی بـاوکی) کە نـاوی ئوم ســەلەمەیە لە نەوەی عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکری ســدیقە ، هەروەها دایکی عەبـدوڵڵای مەحز کە یەکێکە لە بـاپیرانی جەنـابی شـــێخی گەیلانی ، نـاوی (حەفصە)ی کچی عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتتابە (ڕەزای خودایان لەسەر بێت) [4]

، شـــێخ مووســـــای باوکی حەزرەتی عەبدولقادر بە ((جنگی دوســـــت)) ناوبانگی دەرکردووە ، چونکە زۆر مەیلی لە غەزا کردن لە دژی کافرانی نزیک دەریای خەزەر بووە ، وە شێخ یەحیای باپیری بە شێخ یەحیای زاهید ناسراوە ، لەبەر ئەوە کە وازی لە دنیا هێناوە و زۆر خەریکی بەندەیی کردن بووە ، وە شێخ مووسای باپیرە گەورەی بە ((جون)) نـاوبـانگی دەرکردووە ، چونکە جون لە زمـانی عەرەبـا بە مـانـای ڕەش ئەســمەر هاتووە و ئەو زاتە وەک وتمان ئەســمەر بووە ، وە عەبدوڵڵای باوکی شـێخ مووسا بە (عبدالله المحض) ناسراوە ، چونکە خالس بووە و تان و پۆی سەیید بووە [5]

، پوری حەزرەتی گەیلانی ناوی ئوم عائیشە بووە و یەکێک بووە لە چاکان ، جارێکیان

---

[4] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیســـەکانی شـــێخی ئیســـلام "شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها – هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ٩

[5] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ١٨

خەڵکی گەیلان نوێژە بارانەیان کرد بەڵام باران نەباری ، ئوم عائیشـــە گســـکەکەی دەهێنێتە دەرەوە و بەردەم ماڵەکەی پاک دەکاتەوە و دەفەرموێت : خودایە ئەوە من پاکم کرد تۆش فەرشی بکە ، دوای ئەوە بارانێکی زۆر باری [6] .

شـــێخ عەبدولقادر لە ســـاڵی (٤٧٠ کۆچی – ١٠٧٨ زاینی) لە گەیلان لەدایکبووە ، گەیلان هەرێمێکە دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای دەریای قەزوین لە ئێران ، کە ئەسڵی ناوی گەیلان دەگەڕێتەوە بۆ گەیالی ، کە بە مانای قوڕ دێت ، ئەوەش لەبەر هەبوونی زەنگاوی زۆر لەو هەرێمە [7] ئەمەش ڕای پەســـەندە لای مامۆســـتا عەبدولکەریمی مودەرس کە دەفەرموێت : "لەســـەر هەندێ لەم ئەســـبابانە گەلێ لە ســـەیدەکان لە خـاکی حیجـاز دەرچوون بۆ وڵاتـانی دوور و لە ئـاوەرەییـدا ژیـان و لە ڕیزی ئەوانە دەرچوونی بـاوک و بـاپیرانی حەزرەتی عەبـدولقـادرە لە مەدینەوە بۆ عێراق و لە عێراقەوە بۆ وڵاتی ئێران و لە ئێرانا لە ناوچەی رەشـــت و گێلاندا بە ئارەزووی خۆیان دامەزراون و باوکی حەزرەتی عەبدولقادر کە شێخ مووسای جەنگی دۆست بووە لە شارۆچکەی (نیق) دا کە سەر بە گێلانە نیشتەجێ بووە ، جا حەزرەتی عەبدولقادر لە ٢٠ی مانگی (ربیع الثانی) ســـاڵی ( ٤٧٠ ک – ١٠٧٨ ز) لەدایک بووە و بە هاتنی خۆی وڵاتی ڕووناک کردووەتەوە " [8] ، لە سەرچاوەیەکی تریش دەڵێت کەوا حەزرەتی

---

[6] ابن عماد شهاب الدين الحنبلي الدمشقي : شذرات الذهب في أخبار من ذهب ، دار ابن كثير – دمشق ، ١٩٨٦ ، چ ١ ، بەرگی ٦ ، ل ٣٣١

[7] إبراهيم زكي خورشيد + أحمد الشنقناوي + د. عبدالحميد يونس : دائرة المعارف الإسلامية ، ١٩٣٤ ، چ ١ ، بەرگی ٧ ، ل ٢٢٢ .

[8] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ١٩

گەیلانی لە ١١ی مانگی (ربیع الثانی) ســـاڵی ( ٤٧٠ ک – ١٠٧٨ ز) لە جەیلانی عێراق لەدایکبووە کە گونـدێکە نزیـک لە مەدائین و نزیکەی ٤٠ کیلۆمەتر دوورە لە باشـوری بەغداد ، ئەمەشـیانە کە توێژینەوە مێژووییە ئەکادیمیەکان جێگیریان کردووە و پشــتی پێ دەبەســترێت لەلایەن بنەماڵەی گەیلانی لە بەغداد [9] ، گوندی جیلی ناوچەیەکە کە زۆربەی دانیشــــتوانی کوردن لە ئاوارەکانی کوردســــتانی گەورە و بەتایبەتی هۆزەکانی پشــــدەر کە ئەمەش عەباس عەزاوی مێژوونووس هێناویەتیەوە لە کتێبی (الکرد) لە کاتی لێدوان لەسەر گەشتی منشی بەغدادی و ڕۆژهەڵاتناسی ڕوســـی باســـیل نیکتین ، موحەمەد ئەمین زەکی دەیویســـت لە کتێبەکەی (اعلام الکرد) ژیانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بنوسێت ، بەڵام "ڕەشید عالی گەیلانی" داوای لێکرد کە دوایبخات لەبەر هۆکاری ســـیاســـی ، ئەمەش پەیوەســـت بوونی کوردەکـان بە شـــێخی گەیلانی دەردەخـات لەبەر ئەوەی لە ژینگەیەکی کوردیـدا لەدایکبووە و کوردەکان شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی بە یەکێک لە ناودارانی خۆیان دەزانن [10] ، شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی لە ســـاڵی (٥٦١ کۆچی – ١١٦٦ ز) لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە [11] لە قوتابخانەکەی خۆی لە بابولئەزەج دا نێژراوە [12] ،

---

[9] د.خاشع المعاضيدي : كتاب من بعض أنساب العرب ، دار الرشيد – بغداد ، ١٩٩٧ ، بەرگی ٢ ، ل ٧٧

[10] د. جمال الدين فالح الكيلاني : من الشك إلى اليقين قراءة متأنية في نسب الشيخ عبدالقادر الكيلاني ، دار الزنبقة – القاهرة ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ٨٩ - ٩٠

[11] الشيخ عبدالوهاب الشعراني : الطبقات الكبرى المسمى لواقح الانوار القدسية في مناقب العلماء و الصوفية ، تح : د.أحمد عبدالرحيم السايح ، مكتبة الثقافة الدينية – القاهرة ، ٢٠٠٥ ، چ ١ ، ل ١٢٤

[12] الشيخ ابن العماد الحنبلي : شذرات الذهب في أخبار من ذهب ، دار ابن كثير – بيروت ، ١٩٨٦ ، چ ١ ، بەرگی ٤ ، ل ٢٠٢ .

لە شەودا نێژراوە لەبەرئەوەی لە ڕۆژدا هەموو خەڵکی بەغداد هاتوون و قەرەباڵەغیەکی زۆر دروست بووە و بەمەش نەیانتوانیوە لە ڕۆژدا بینێژن [13] ، شێخ عەبدولوەهابی کوڕی نوێژی مردووی لەسەر کردووە [14] ، لە سەرەمەرگدا شێخ عەبدولجەباری کوڕی پرسی : باوکە کوێت دێشێت ؟ فەرمووی : هەموو ئەندامەکانی لەشم ئازاری هەیە جگە لە دڵم کە ئازاری نیە و لەگەڵ خودایە ، پاشان کەوتە سەرەمەرگ و لە سەرەمەرگدا فەرمووی : استعنت بلا إله إلا الله سبحانه و تعالى ، والحي الذي لا يخشى الموت ، سبحان من تعزز بالقدرة و قهر عباده بالموت ، لا إله إلا الله محمد رسول الله [15] ، شێخ موسای کوڕی حەزرەتی گەیلانی دەفەرموێت : باوکم لەسەرەمەرگدا فەرمووی الله الله الله ، پاشان دەنگی نەما و زمانی نوسابوو بە مەڵاژوویەوە ، و وەفاتی فەرموو [16] ، شێخ عەبدولقادر نەوەد و یەک ساڵ ژیاوە [17].

دایکی وتوویەتی : عەبدولقادر لە مانگی ڕەمەزاندا مەمکی نەگرتووە و شیری نەخواردووە ، هەتا بەهۆی ئەوەوە خەڵکی زانیویانە کە مانگی ڕەمەزان هاتووە [18] ، حەزرەتی شێخ عەبدولقادر لە گەیلان مایەوە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ کە تێیدا بەشێک لە زانستە ئاینیەکان فێربوو ، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس دەفەرموێت : "شێخ

---

[13] إبن كثير : البداية و النهاية ، مطبعة السعادة – مصر ، ١٩٦٨ ، بەرگی ٦ ، ل ٤٥٥
[14] الذهبي : سير أعلام النبلاء ، دار الرسالة للطباعة – بيروت ، ١٩٨٦ ، چ ٤ ، بەرگی ١٣ ، ل ٣٢٢
[15] د.جمال الدين فالح الكيلاني : فتوح الغيب للباز الاشهب الشيخ عبدالقادر الجيلي ، مركز الإعلام العالمي – بنغلاديش ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ١٣٦
[16] د.جمال الدين فالح الكيلاني : فتوح الغيب للباز الاشهب الشيخ عبدالقادر الجيلي ، مركز الإعلام العالمي – بنغلاديش ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ١٣٧
[17] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ٢٤
[18] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ١٩

عەبدولقادر کاتێک بەرەو بەغدا هاتووە بە کوردسـتاندا تێپەڕیوە بە خەتی هەوارامان و شـارەزووردا و لە دێی (نەرگسـەجاڕ) لای داوە و لە ماڵی شـێخ مسـتەفا ناوی نەرگسەجاڕی میوان بووە و چەن ڕۆژێ لەو دێیەدا ماوەتەوە ، وەکوو خەبەری موتەواتیر باسـی ئەوە هەیە کە لە سـێبەری دارپەلکێک کە لەو ڕۆژەدا لە باخی شـێخێک لەو شێخانەدا بووە دانیشتووە و خەریکی قورئان خوێندن و بەندەیی کردن بووە بۆ خودا ، وە لەسـەر بەردێکی پانی گەورە کە لەسـەر حەوز و ئاوی مزگەوت و لە حەوشـی مزگەوتدا بووە دانیشـتووە و گەلی جار نوێژی کردووە" [19] ، لە سـاڵی (٤٤٨ ک – ١٠٥٦ ز) ڕۆیشـت بۆ بەغداد کە ئەوکاتە بەغداد ناوەندی زانسـت و شـارسـتانیەت و ناوەندی زاناکان و فەیلەسـوفەکان و فەقیهەکان و موحەدیسـەکان و شـاعیرەکان و نوسەرەکان و مێژوونووسەکان بوو هەروەها شوێنی دونیا نەویست و صۆفیەکان بوو [20]، لەو ماوەیەی کە جەنابی شێخ تەشریفی هێنایە بەغدا ، چەندین زانا پەیدابوون و دانراوەکانیان بە جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبوویەوە ، جگە لە پێشەوا غەزالی ، ڕاغیبی ئەسفەهانی و قوشەیری و نەسەفی و واحیدی و زەمەشخەری و ماوەردی و ئەبو حەسـەنی ئەشـعەری و باقلانی و شـەهرسـتانی و لە فەیلەسـوفەکانیش نمونەی ئیبن سـینا [21] ، حەزرەتی گەیلانی زانسـتی تەسـەوفی وەرگرت لە شـێخ حەماد

---

[19] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا ــ تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ٢٠

[20] د. محمد درنيقة : الشيخ عبدالقادر الكيلاني و أعلام القادرية ، الدار العربية للموسوعات ــ بيروت ، ٢٠٠٦ ، ل ٢٣ ـ ٢٤

[21] د.محمد علي العيني : عبدالقادر الجيلاني شيخ كبير من صلحاء الإسلام ، دار الثقافة و النشر و التوزيع ـ عمان ، ١٩٩٣ ، چ ١ ، ل ٣٩

کوری موسلیمی دەباس (کە ساڵی {٥٢٥ ک – ١١٣١ ز} وەفاتی کردووە) و خەرقەی وەرگرتووە لە دەستی دادوەر و صۆفی حەزرەتی ئەبی سەعید موبارەکی مەخزومی (مەخرەمی) [22] کە لەسەر مەزهەبی حەنبەلی بووە ( کە ساڵی {٥٥١ ک – ١١٥٦ ز} وەفاتی کردووە) ، لە هەندێ سەرچاوەشدا هاتووە کە حەزرەتی گەیلانی تەسەوفی وەرگرتووە لە شێخ ئەبو یەعقوب یوسفی کوری ئەیوبی هەمەدانی [23] ، حەزرەتی گەیلانی زانستەکانی قورئان و ئوسوڵ و فروعەکانی لەسەر دەستی چەندین زانای گەورە خوێندووە لەوانەش : عەلی کوری عەقیلی حەنبەلی ، مەحفوزی کلوذانی حەنبەلی ، موحەمەدی کوری قاضی ، موحەمەدی کوری حوسەینی کوری موحەمەدی کوری فەرائی حەنبەلی [24] ، هەروەها لە مەدرەسەی (شێخ ئەبولوەفا) و (شێخ ئەبوولخەتاب) و (شێخ ئەبولحەسەن) و (شێخ ئەبوو سەعد) دا زانستە ئیسلامیەکانی خوێندووە و تەواوی کردووە ، هەروەها زانستی فەرموودەی لەلای (ئەبوو غالب کوری حەسەنی باقلانی کوردی) و چەند زانایەکی تر خوێندووە [25] ، لە ساڵەکانی کۆتایی خوێندنی (فیقه) دا جەنابی شێخ عەبدولقادر هاتە لای قازی ئەبی سەعید ، هەتا وەفاتی کرد لای ئەو مایەوە ، وانەی

---

[22] مەخزومی – دەگەڕێتەوە بۆ بەنی مەخزوم ، مەخرەمی – گەڕەکێکی دێرینی بەغدادە

[23] علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الاسرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٤١

[24] د. محمد درنيقة : الشيخ عبدالقادر الكيلاني و أعلام القادرية ، الدار العربية للموسوعات – بيروت ، ٢٠٠٦ ، ل ٢٣ - ٢٤

[25] عبدالرحمن محمد امين : کۆڕ و مەجلیسەکانی شێخی ئیسلام "شێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها – هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ١٠

فیقهی لەلای ئەو خوێند و تەریقەتیشـــی هەر لەو وەرگرت ، پێش مردنی داوای لە جەنابی شـــێخ عەبدولقادر کرد لەوێ وانە بڵێتیەوە ، دوای مردنی ئەبو ســـەعید لە ســـاڵی (٥٢٨ ک – ١١٣٤ ز) ، قوتابخانەکە دووبارە نۆژەن کرایەوە و فراوانکرا ، ئینجا درایە جەنابی شێخی گەیلانی و هەر بە ناوی ئەو ناوبانگی بڵاو بوویەوە [26].

کەواتە دەتوانین مامۆستاکانی حەزرەتی گەیلانی بەم شێوەیە پۆلێن بکەین [27] :

- مامۆستاکانی لە شەرع دا :

1. شـــێخ ئەبو خەتاب مەحفوزی کوری ئەحمەدی کوری حەســـەنی کلوذانی بەغدادی حەنبەلی
2. ئەبولوەفا عەلی کوری عقیلی کوری موحەمەدی حەنبەلی
3. قازی ئەبو حوسەین
4. شێخ ئەبو سەعید موبارەک کوری عەلی مەخرەمی مەخزومی

- مامۆستاکانی لە حەدیثی شەریف دا :

1. شـــێخ ئەبولحوســـەین موبارەکی کوری عەبدولجەباری کوری ئەحمەدی کوری قاسمی کوری ئەحمەدی صیرفی کە ناسراوە بە (ابن الطیوري)

---

[26] أبو الحسن علي الحسني الندوي : رجال الفكر و الدعوة في الإسلام ، دار ابن كثير - دمشق ، ٢٠٠٧ ، چ٣ ، بەرگی ١ ، ل ٢٩٦

[27] د. عمر محمود حسين السامرائي : الشيخ عبدالقادر الكيلاني و منهجه في التربية و السلوك ، دار الزنبقة – القاهرة ، ٢٠١٩ ، ل ١١٣ – ١١٤ – ١١٥ – ١١٦ ، ١١٧

2. شـــێخ ئەبو ســـەعید موحەمەدی کوڕی عەبدولکەریمی کوڕی موحەمەدی کوڕی خشیشی کاتیب

3. شـــێخ ئەبولبەرەکات هیبەتوڵڵا کوڕی موبارەکی کوڕی موســـای سەقەتی

4. شێخ ئەبو موحەمەد جەعفەری کوڕی ئەحمەدی کوڕی حوسەینی سراج

5. شێخ ئەبولغەنائیم موحەمەدی کوڕی عەلی کوڕی مەیمونی کوڕی موحەمەدی نورسی کوفی

6. شـــێخ ئەبو تـاڵـب عەبـدولقـادری کوڕی موحەمەدی کوڕی عەبدولقادری کوڕی موحەمەدی کوڕی یوسفی بەغدادی

7. شێخ ئیسماعیلی کوڕی موحەمەدی ئەسبەهانی

8. شێخ ئەبوبەکر ئەحمەدی کوڕی موزەفەری کوڕی سوسنی تەمار

9. شێخ ئەبوغالب موحەمەدی کوڕی حەسەنی باقلانی

10. ئەبولقـاســـم عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی موحەمەدی کوڕی بەیانی کەرخی

11. ئەبو زەکەریا ، یەحیای کوری عەبدولوەهابی کوری موحەمەدی کوری ئیســـحاقی کوری موحەمەدی کوری یەحیای کوری مندەی عەبدی ئەسبەهانی

- مامۆستاکانی لە زمان و ئەدەب دا :

1. ئەبو زەکەریا یەحیای کوری موحەمەدی کوری حەســـەنی کوری بەستامی شەیبانی تەبریزی

- مامۆستاکانی لە تەسەوف دا :

1. ئەبو عەبدوڵلا حەمادی کوری موسلیمی دەباسی ڕەحبی
2. شێخ ئەبو سەعید موبارەکی کوری عەلی مەخرەمی مەخزومی

حەزرەتی گەیلانی کۆمەڵە خوێندکارێکی زۆری هەبووە لەوانەش [28] :

1. موەفەقەدین عەبــدوڵلای کوری ئەحمەدی کوری موحەمەدی کوری قودامەی مەقدسی
2. شێخ عوسمانی کوری مەرزوقی قورەیشی
3. شـــێخ ئەبو موحەمەد عەبـدوڵلای کوری ئەبولحەســـەنی کوری ئەبو فەرەجی شامی جوبائی

[28] د. عمر محمود حسين السامرائي : الشيخ عبدالقادر الكيلاني و منهجه في التربية و السلوك ، دار الزنبقة ــ القاهرة ، ٢٠١٩ ، ل ١١٨ ــ ١١٩ ــ ١٢٠ ــ ١٢١ ــ ١٢٢

4. شێخ ئەبو حەفس عومەر کوری موحەمەدی کوری عەبدوڵای قورەیشی تەیمی سوهرەوەردی
5. ئەبو حەجەر حامیدی حەرانی خەتیب
6. ئەبولسعودی کوری شیبلی عەطار
7. تەڵحەی کوری موزەفەری کوری غانمی عەلثی
8. ئەبو مەدین شوعەیبی مەغریبی
9. ئەبولقاسم کوری ئەبوبەکر ئەحمەدی کوری ئەبی ئەلسەعادات
10. ئەبولحەسەن عەلی کوری ئەبو تاهیر کوری ئیبراهیمی ئەنساڕی
11. عەبدولغەنی مەقدیسی
12. ئەبو عەلی حەسەنی کوری موسلیم

لە ناودارترین شـــێخەکانی کە هاوســـەردەمی حەزرەتی گەیلانی بوون بریتی بوون لە [29] :

1. بەقای کوری بەطو
2. عودەی کوری موسافیر
3. ئەبو سەعیدی قلوبی
4. عەبدولقاهیری سوهرەوەردی

[29] د. عمر محمود حسين السامرائي : الشيخ عبدالقادر الكيلاني و منهجه في التربية و السلوك ، دار الزنبقة – القاهرة ، ٢٠١٩ ، ل ١٢٢

5. عەلی کوڕی هەیتی

6. ئەحمەدی کوڕی ساڵەحی حەلەبی

7. ماجدی کوردی

8. سەید ئەحمەدی کوڕی ئەبولحەسەنی ڕیفاعی

9. ئەبو عەبدوڵلا حوسەین

10. عومەری کوڕی مەسعودی بەزاز

11. عەلی کوڕی ئیدریسی یەعقوبی

حەزرەتی گەیلانی دەفەرموێت [30] : حەزرەتی پێغەمبەرم ﷺ بینی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممەی شانزدەی مانگی شەوال ساڵی (٥٢١ ک – ١١٢٧ ز) ، پێی وتم : ئەی ڕۆڵەکەم بۆچی قسە ناکەیت ؟ ، وتم : ئەی باپیرە من کەسێکی هەژارم ، چۆن بە زمانی ڕەوانی عەرەبی قسە بکەم لە بەغداد ، فەرمووی : دەمت بکەرەوە ، منیش دەمم کردەوە ، حەوت جار فووی تێداکرد و فەرمووی : قسە بۆ خەڵک بکە ، بانگەواز بۆ ڕێگای خودا بکە بە دانایی و ئامۆژگاری چاک ، نوێژی نیوەڕۆم کرد و دانیشتم خەڵکێکی زۆر ئامادەی مەجلیسەکەم بوون ، حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبم بینی لە نزیکمەوە لە مەجلیسەکەدا و پێی فەرمووم : کورم بۆچی قسە

[30] علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الاسرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ١٧٤ - ١٧٥

ناکەیت ؟ منیش وتم : ئەی باپیرە قســـەکردنم لێ تێکچووە ، فەرمووی: دەمت بکەرەوە ، دەمم کردەوە و شەش جار فووی تێداکرد ، وتم : بۆچی تەواوی ناکەیت بۆ حەوت دانە ؟ ، فەرمووی : لەبەر ئەدەب کردن لە پێغەمبەر ﷺ ، پاشـــان تەشـــریفی نەما لەبەردەمم ، وتم : (غواص الفكر ، يغوص في بحر القلب على درر المعارف ، فيستخرجها إلى ساحل الصدر ، فينادي عليها سمسار ترجمان اللسان ، فتشتري بنفائس أثمان حســـن الطاعة ، في بيوت أذن الله أن ترفع) [31] ، شـــێخی گەیلانی دەفەرموێت [32] : زیاتر لە پێنجسەد جولەکە و گاور موسوڵمان بوونە لەسەر دەستم و زیاتر لە سەد هەزار جەردە و ڕێگا پڕ لەسەر دەستم تەوبەیان کردووە

جەنابی شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی کوڕێکی زۆری هەبووە کە دیارترینیان (١١) کەسن [33] ، هەموویان زانا و خواناس و ڕەبانی بوون ، کە ئەمانەن [34] - [35] - [36] :

1. شێخ عەبدوڵڵا : زانا و فەرموودەناس و شەرعزان بووە ، گەورەترین منداڵی حەزرەتی شـــێخ بووە ، لە ســـاڵی (٥٠٨ ک – ١١١٤ ز) لەدایکبووە و لە

---

[31] واتا : مەلەوانی هزر ، لە قوڵایی دەریای دڵدا مەلە دەکات لەسەر گەوهەرەکانی زانین ، دەری دەهێنێت بۆ کەنار دەریای سنگ ، زمان بانگەواز بۆ فرۆشتنی دەکات ، دەکڕدرێت بە هەناسەکانی کاری چاکە ، لە ماڵانێک کە خوای گەورە ڕوخسەتی دا کە بەرزبکرێتەوە

[32] علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٣٣٤

[33] لە (فتح المبين) دا لە (ابن النجار)ەوە دەگێڕێتەوە و ئەڵێ : لە شـێخ عەبدولڕەزاقم بیسـت فەرمووی : باوکم ٤٩ نەوەی نێر و مێی بووە ، ٢٧ لەوانە نێرینە بووە (بڕوانە " مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ٣٠ "

[34] عبدالرحمن محمد امين : کۆڕ و مەجلیسـەکانی شـێخی ئیسـلام "شـێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها – هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ١١ - ١٢

[35] عبدالغني الدروبي : المختصر في تأريخ شيخ الإسلام عبدالقادر الكيلاني ، باكستان – كراجي ، ١٩٧٢ ، ل ١٢

[36] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ٣٠ – ٣١ – ٣٢ – ٣٣ – ٣٤ - ٣٥

ساڵی (٥٨٧ ک – ١١٩١ ز) لە مانگی سەفەردا لە بەغدا وەفاتی فەرمووە ، لە خزمەت باوکی و (ابن البنا) خوێندویەتی .

2. شێخ عەبدولوەهاب : لە سەرەتای ساڵی (٥٢٢ ک – ١١٢٨ ز) لەدایکبووە ،زانێکی زۆر گەورەبوو و خاوەنی زانستێکی زۆر بووە ، خاوەنی زانستی زاهیر و باتین بووە ، لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا لە جێگای باوکیدا وانەی وتۆتەوە ، لە شەوی ٢٥ی شەوالی ساڵی (٥٩٣ ک – ١١٩٧ ز) وەفاتی فەرمووە و گۆڕەکەی لە شاری بەغدادە لە گۆڕستانی (حەلەبە) لە خۆرهەڵاتی خوێندنگاکەی باوکیدا ، گەلێ لە زانایان لە خزمەتیدا خوێندنیان تەواو کردووە وەکوو : شەریفی حسەینی بەغدایی و ئەحمەدی کوڕی (عبدالواسع) ، و لە نەوەی شیخ عەبدولقادر لەمەیان وریاتر و هۆشیارتر نەبووە ، لە واقیع دا زانایەکەی گەورە و شەرع زان و خاوەن بیرورا بووە لە گەلێ مەسەلەکانی ئوسوڵدا و پیاوێکی قسەخۆش و نوکتەزان بووە .

3. شێخ عیسا : لە (٥٣٩ ک – ١١٤٤ ز) دا لەدایکبووە ، زۆر زانا و شارەزابوو ، پەرتووکی (جواهر الأسرار و لطائف الأنوار) ی داناوە لە زانستی تەسەوف دا ، جەنابی شێخی گەیلانی پەرتووکی (فەتحی غەیب)ی بۆ ئەو داناوە ، لە خزمەت باوکی و لەلای (ابوالحسنی ابن صرما)خوێندوویەتی ،

تەشـــریفی بردۆتە شـــام و گوێی لە حەدیســـی زانایان گرتووە بەتایبەت عەلی کوری مەهدی کوری فەرەجی هیلالی لە ساڵی (٥٦٢ ک – ١١٦٧ ز) دا ، دوای ئەوە لە شـــامەوە تەشـــریفی بردۆتە میســـر ، لە ١٢ی رەمەزانی ســاڵی (٥٧٣ ک – ١١٧٧ ز ) لە تەمەنی (٣٤) ســاڵیدا وەفاتی فەرمووە لە وڵاتی میسر [37] ، لە سەرچاوەیەکیش لە ساڵی (٥٩٣ ک – ١١٩٧ ز) وەفاتی کردووە [38] ، (ابن النجار) دەفەرموێت : لەســـەر گۆری عیسای کوری شێخ عەبدولقادری گەیلانی قورئانم خوێندووە

4. شێخ عەبدولعەزیز : لە ٢٧ی شەوالی (٥٣٢ ک – ١١٣٨ ز) لەدایکبووە ، لە خزمەت باوکییدا زانســـتی باتین و زاهیری خوێندووە و هەروەها لەلای ئەبومەنســـوور عەبدولرەحمانی کوری محەمەدی قەزاز خوێندویەتی ، چەندین زانا لە خزمەتیدا خوێندوویانە ، لەگەڵ ســـوپای ســـەلاحەدینی ئەیوبی دا بۆ جیهاد دەرچووە دژ بە خاچپەرســـتان لە عەســـقەلان و ســـەردانی شـــاری قودســـی کردووە و لەوێ شـــاخێک بەناوی کراوە کە ناســـراوە بە (جبل عبدالعزیز) ، پاشـــان گەراوەتەوە بۆ عێراق و لە ئاکرێ نیشـــتەجێ بووە ، لە رۆژی چوارشـــەممەی ١٨ی ربیع الاول لە ســـاڵی

---

**[37] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ٣٠ – ٣١ – ٣٢ – ٣٣ – ٣٤ - ٣٥**

**[38] علي بن يوســف الشــطنوفي : بهجة الاســرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشــهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٦٧**

(٦٠٢ ک – ١٢٠٦ ز) له تەمەنی ٧٠ ســـــاڵیـدا وەفـاتی کردووه   و له شارۆچکەی (ئاکرێ) نێژراوه و گۆرەکەی لەوێیه

5. شێخ عەبدولجەبار :  ساڵی لەدایکبوونی بەتەواوی نەزانراوه ، له خزمەت باوکی و ئەبو مەنســــوردا وانەی خوێندووه و خۆشـــــنووس بووه ، ڕێگا و ڕێچکەی صۆفیەکانی گرتۆته بەر ، له ١٩ی مانگی (ذی الحجه)ی ســاڵی (٥٧٥ ک – ١١٧٩ ز) وەفاتی فەرمووه و له بەغداد نێژراوه له هۆدەیەک له هۆدەکانی مزگەوتی حەزرەتی شێخ له نزیکی مەرقەدی باوکیەوه

6. شـــــێخ عەبدولڕەزاق : زۆر زانا بووه ، حەدیســــێکی زۆری لەبەربووه ، له مەزهەبی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل زۆر شــــارەزا بووه ، له ســــاڵی (٥٢٨ ک – ١١٣٤ ز) لەدایکبووه و له ساڵی (٦٠٣ ک – ١٢٠٧ ز) له شەوی شــەممەی ٦ ی شــەوال وەفاتی فەرمووه و له بەغداد له (باب الحرب) له بەری کەرخـدا نێژراوه ، ٧٥ ســــــاڵ ژیـاوه ، لەخزمەت بـاوکی و لەلای (ابوالحسن ابن صرما) وانەی خوێندووه

7. شـــــێخ ئیبراهیم : زانا و بلیمەت بووه ، لەخزمەت باوکی و ابن البنا وانەی خوێندووه ، ئیرشـــــادی کردووه و خەڵکی زۆری پێگەیاندووه ، له ســــــاڵی (٥٩٢ ک – ١١٩٦ ز) له پارێزگای واســــیت وەفاتی فەرمووه ، پیاوچاکانی هەولێریش به نمونەی مەرحومی (ســەید شـێخ عەبدوڵڵا قەلاتگەیی) له

ڕێگای کەشف و کەراماتەوە فەرموویانە لە ساڵی (٦٢٣ ک – ١٢٢٦ ز) لە هەولێر وەفاتی کردووە و لە نێو خانووەکانی قەڵادا نێژراوە

8. شـــێخ یەحیا : لە ســـاڵی (٥٥٠ ک – ١١٥٥ ز) لەدایکبووە ، لە خزمەت باوکی و موحەمەدی کوڕی عەبدولباقی خوێندنی تەواو کردووە ، زانا و شارەزا بووە ، تەشریفی بردووە بۆ میسڕ پاشان گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد ، لە مانگی شـــەعبانی ســـاڵی (٦٠٠ ک – ١٢٠٤ ز) وەفاتی فەرمووە و لە بەغـداد لە گۆڕســـتانی حەلەبەدا نێژراوە ، ئەم زاتە بچوکترین منـداڵی حەزرەتی شێخە

9. شـــێخ موســـا : لە مانگی ڕەبیعولئەوەلی ســـاڵی (٥٣٩ ک – ١١٤٤ ز) لەدایکبووە ، لەخزمەت باوکی و لای (ابن البنا) خوێندنی تەواوکردووە ، پاشــان چووە لە دیمەشــق دانیشــتووە ، پاشــان چووە بۆ میســڕ پاشــان گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق ، لە سەرەتای مانگی (جماد الثانی) لە ساڵی (٦١٨ ک – ١٢٢١ ز) وەفـاتی فەرمووە و لە گەڕەکی (عقبە) لە جیهـان دەرچووە و لە گۆڕســتانی (قاســیون) دا نێژراوە ، و کۆتا منداڵی حەزرەتی شێخە کە وەفاتی کردبێت

10. کوڕی دەیەمی ناوی (صـــالح)ە : کە زانیاری ورد لەســـەر ژیانی ئەودا بەردەست نییە ، لە بەغداد نێژراوە

11. شـــێخ محەمەد : ئەمیش لە خزمەتی باوکیدا خوێندوویەتی ، هەروەها لە خزمەتی (ابن البنا) و (ابو الوقت) و غەیری ئەوانیشـــدا خوێندوویەتی و لە شاری بەغدادا حەدیسی وتووەتەوە ، لە ٢٥ی (ذی الحجە) ی ساڵی (٦٠٠ ک – ١٢٠٤ ز) وەفـاتـی فەرمـووە لە بەغـداد و لەلای شـــێـخ عەبدولوەهابی برایدا لە گۆرستانی حەلەبە نێژراوە

دەربارەی کچەکانی حەزرەتی شـــێخیش ، شـــێخ عەبدولڕەحمان لە فەتحولموبیندا ئەفەرموێت : ناودارترینیان ئەمانەن [39] :

1. خەدیجە
2. فاطمە السمینە
3. عائیشـە

لە بواری زاڵبوون بەسەر حەز و نەفس دا پەروەردەی ژێر دەستی شێخ حەماد دەباس بوو ، ئەم شـــێخە گەورەی شـــێخەکانی بەغداد بوو ، بۆیە حەزرەتی گەیلانی بەناو بیابانەکانی عێراقدا گەڕا ، کە خەڵوەت و موجاهەدەی نەفس و حەز و ئارەزووەکانی هاوســـەفەری بوون ، خۆی ســـەرقاڵ کردبوو بە پەرســـتن و خوێندنی زیکر و خۆ برســـیکردن و کەم خەوتن و دامرکاندنی حەز و ئارەزووەکان [40] ، حەزرەتی شـــێخ

[39] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ٣٤
[40] الشیخ یوسف بن إسماعیل النبهاني : جامع کرامات الأولیاء ، تح : إبراهیم عطوة عوض ، المکتبة الثقافیة – بیروت ، ١٩٩١ ، بەرگی ٢ ، ل ٢٠٢

بەتوانابوو لە وتاردان و وانەوتنەوەی زانسـتە ئاینیەکان ، لەسـەر مەزهەبی حەنبەلی بوو ، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە مورید و خوێندکاران لە دەوری کۆبونەوە ، لە زانستەکانی ئاین و زانسـتەکانی تەصـەوف گەیشـتبووە ئەوپەڕی ، کەسـێکی دونیا نەویسـت و لەخودا ترس بوو

1. حەزرەتی گەیلانی کۆمەڵە نازناوێکی هەیە لەوانەش [41] - [42] - [43] - [44] :

1. باز الله الأشهب
2. تاج العارفين
3. محيي الدين
4. قطب بغداد
5. الغوث الأعظم ، لە کوردەواریشدا (حەزرەتی غەوس)
6. سلطان الأولياء
7. المتصرف في مماته كالمتصرف في حياته
8. الغوث الصمداني
9. القنديل النوراني

[41] جمال محمد محمد امين : ديوانى ويسالّى ، مطبعة دار الجاحظ للطباعة و النشر – بغداد ، ل ١٩٥

[42] علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الاسرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٣٨

[43] علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الاسرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٥١ - ٥٢

[44] حياة الفقيه الجيلاني : الفتوحات الربانية في الاوراد القادرية ، دار الوابل الصيب للإنتاج و النشر و التوزيع – القاهرة ، ٢٠١٩ ، چ ١ ، ل ٤٣ - ٤٤

10. شيخ الإنس و الجان

11. ذو البيانين و اللسانين

12. كريم الجدين و الطرفين

13. صاحب البرهانين و السلطانين

14. إمام الفريقين و الطريقين

15. ذو السراجين و المنهاجين

16. سلطان العارفين

17. جميل المحيا

18. ساقي الحميا

19. بركة الأنام

20. شمس الشموس

21. زهرة النفوس

22. حجة العاشقين

23. صالح الأحوال

24. سلطان الواصلين

25. معدن الرموز

26. وسيلة الطالبين

27. سلطان الطريقة
28. برهان الحقيقة
29. طراز الأولياء
30. سر الأسرار

حەزرەتی شێخ عەبدولقادر پیاوێکی مەیلەو درێژ بوو ، گران و لەسەرخۆ و خۆگربوو ، ناوچەوانی پان و ئەسمەر بوو ، قژی دەگەیشتە سەر ناوچەوانی و لەدواوەی درێژ بوو ، شانی پان و ڕێک بوو ، دەنگی خۆ بوو ، گوتەکانی دانسقە بوون ، نیگای تیژ بوو ، کەم کەس هەبوو چاو لە چاوی ببڕێت ، ڕیشی درێژ و ناوەنجی بوو ، بەلای پریدا ، گران و سەنگین و جوان بوو [45]

حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی تەریقەتەکەی وەرگرتووە لە شێخ ئەبی سەعیدی مەخزومی ئەویش لە شێخ عەلی هەکاری ئەویش لە شێخ ئەبولفەرەجی تەرتوسی ئەویش لە شێخ عەبدولواحیدی تەمیمی ئەویش لە شێخ ئەبوبەکری شیبلی ئەویش لە شیخ جونەیدی بەغدادی ئەویش لە شێخ سری سەقەتی ئەویش لە شێخ مەعروفی کەرخی ئەویش لە شێخ دادوی تائی ئەویش لە شێخ

[45] د.محمد علي العيني : عبدالقادر الجيلاني شيخ كبير من صلحاء الإسلام ، دار الثقافة و النشر و التوزيع - عمان ، ١٩٩٣ ، چ ١ ، ل ٦٢

حەبیبی عەجەمی ئەویش لە شێخ حەسەنی بەصری ئەویش لە حەزرەتی ئیمامی عەلی ئەویش لە حەزرەتی پێغەمبەر ﷺ [46] - [47] .

زۆر گرنگی بە هەژاران دەدا و فەرمانی بە موریدەکانی دەکرد کە هەمیشـە هاوکاری هەژاران بکەن ، خۆی دەفەرموێت : بیست ڕۆژ لە بەغدا بووم هیچم دەست نەکەوت بیخۆم ، حەڵاڵم دەستنەکەوت ، چوومە تاقی کیسرا تاوەکوو حەڵاڵم دەست بکەوێ ، بینیم حەفتا کەس لەوێ بۆ ئەمە هاتوون ، گوتم : ئەوە بێ ویژدانییە منیش ببمە بار بەسـەریانەوە ، بۆیە گەڕامەوە بەغدا ، یەکێکی خەڵکی شـارەکەم بینی کە نەمدەناسـی و هەندێ پارەی دامێ و گوتی : ئەمە دایکت بۆتی ناردووە ، منیش پارچەیەکم بۆ خۆم هەڵگرت و بەخێرایی ئەویترم بردە تاقی کیسـرا و بەسـەر حەفتا کەسـەکەم دابەشـکرد ، گویان : ئەمە چییە ؟ گوتم : لە دایکمەوە بۆم هاتووە و لە ئێوە پێویستترم نەدۆزیەوە ، پاشان گەڕامەوە بەغدا و بە پارچەکەی لای خۆم خواردنم پێ کڕی و بانگی هەژارانم کرد و بەیەکەوە خواردمان [48]

ئەبو سـاڵەح نەسـر دەڵێت [49] : باوکم بۆی گێراینەوە و فەرمووی : لەگەڵ شـێخ عەبدولقادری باوکم بووین لە مزگەوت ڕۆژی هەینی ، بازرگانێک هات بۆلای و وتی :

---

[46] نیاز مەستی : ڕشتەی نوور ، ٢٠١٨ ، چاپی یەکەم ، ل ٨٧ - ٨٨
[47] عبدالقادر الجيلاني : فتوح الغيب ، المكتبة الأزهرية للتراث ـ القاهرة ، ٢٠٠٤ ، ل ١٣٥
[48] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیسـەکانی شـێخی ئیسـلام "شـێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها ـ هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ١٧
[49] علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم ـ المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ١٢٢

قوربان پارەیەکم هەیە دەمەوێت بیدەم بە هەژار و نەداران کە ئەمە پارەی زەکاتیش نییە و کەسم نەدۆزیەوە شیاوی بێت بۆیە فەرمانم پێ بفەرموو کە بیدەم بەوکەسەی دەتەوێت ، حەزرەتی شێخ فەرمووی : بیدە بەو کەسەی شایستەیەتی و بەوەشی شایستەی نییە و پاداشتیش لەلای خودا دەبێت

هەروەها ئەبو ســاڵەح نەســر دەڵێت [50] : باوکم بۆی گێراینەوە و فەرمووی : لەگەڵ شــێخ عەبدولقادری باوکم بووین هەژارێکی دڵ شــکاوی بینی و فەرمووی : بۆ وایە حاڵت ؟ ، هەژارەکە وتی : قوربان بەلای ڕووبارەکەدا ڕۆیشتم داوام لە دەریاوانێک کرد کە بمبات بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە بەڵام ڕازی نەبوو و دڵی شــکاندم لەبەر هەژاریەکەم ، هەژارەکە پێش ئەوەی قسەکانی تەواو بکات پیاوێک خۆی کرد بە ژوورەوەدا و لەناو تورەکەیەکدا ســی دیناری پێبوو کە بە نەزر هێنابووی بۆ شــێخ ، شــێخی گەیلانی بە هەژارەکەی فەرموو : ئەم تورەکەیە ببە و بڕۆ بۆلای دەریاوانەکە و پێی بدە و پێشــــی بڵێ کە هەرگیز داوای هەژار ڕەت نەکاتەوە ، هەروەها شێخی گەیلانی قەمیسەکەی داکەند و دای بە هەژارەکە

یەکەم حەج کە حەزرەتی گەیلانی کردبێتی پێش بەناوبانگ بوونی ســاڵی (٥٠٩ ک – ١١١٥ ز) بووە کە تێیدا بەتەنها حەجی کردووە و لە ڕێگادا گەیشــــتووە بە شــێخ

[50] علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ١٢٢

عودەی کوری موســـافیر و بووە بە هاوســـەفەری ، دوای بەناوبانگ بوونیشـــی تەنها یەکجار حەجی کردووە ئەوەش بە هاوەڵی دایکی بووە [51] ، لە ســـەرچاوەیەکیشـــدا شێخ عەبدولڕەزاقی کوری هاوسەفەری بووە [52]

یەکەم دانیشتنی حەزرەتی گەیلانی لەسەر کورسی ئامۆژگاری کردن ساڵی (٥٢١ ک – ١١٢٧ ز) بوو ، ئەوەش دوای ئەو ئاشـــوبە بوو کە ڕوویدا لە نێوان حەنبەلیەکان و شـــەرعزانی ســـۆفی ئەشـــعەری ئەبی ئەلفەتوحی ئەســـفەرایینی ، دەرکەوتنی گەیلانی لەو کاتەدا گرنگیەکی تایبەتی هەبوو لە پەیوەندی نێوان ئەشـــعەریەکان و حەنبەلیەکان ، و حەزرەتی گەیلانی توانی تەســـەوف ڕزگار بکات لەو ناکۆکیانەی کەوتبووە نێوان حەنبەلیەکان و ئەشـــعەریەکان [53] ، حەزرەتی گەیلانی فەتوای دەدا لە مەزهەبی ئەبو حەنیفە و مەزهەبی شـــافیعی و مەزهەبی ئیبن حەنبەل [54] ، نمونەیەک لە فتواکانی ئەوەیە کە پیاوێک تەڵاقی خواردبوو کە دەبێ پەرســـتشـــێک بکات بۆ خودای گەورە کە لەو کاتەدا هیچ کەســـێک نەیکردبێت ، حەزرەتی گەیلانی

[51] علي بن يوســف الشــطنوفي : بهجة الاســرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشــهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٤٥

[52] إبن رجب الحنبلي : الذيل على طبقات الحنابلة ، مطبعة الحلبي – القاهرة ، ١٩٥٢ ، بەرگ ٢ ، ل ٤٠

[53] علي بن يوســف الشــطنوفي : بهجة الاســرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشــهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٤٦ - ٤٧

[54] علي بن يوســف الشــطنوفي : بهجة الاســرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشــهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٤٨

فەتوای دا کە پیاوەکە بچێتە مەککە و تەوافی بۆ چۆڵ بکرێت و بەتەنها حەوت جار بەدەوری کەعبە بسورێتەوە و بەمەش تەڵاقەکە ناکەوێت [55]

کاتێک شـــێخ عەبدولقادر دەچوو بۆ مزگەوت لە هەینیدا ، خەڵکی بازاڕ هەموو ڕادەوەستان و دەپاڕانەوە کە خودای گەورە بۆ خاتری ئەو ڕاز و نیازیان بەجێ بهێنێ [56] ، شـــێخی گەیلانی لە هەفتەیەکدا ســـێ جار فەرمایشـــتی هەبوو کە دوانیان لە قوتابخانەکەی دەبوو کە یەکێکیان لە ڕۆژی هەینی و یەکێکیان لە شەوی سێشەممە دەبوو و سـێهەم جاریشـیان لە ڕۆژی یەکشـەممە دەبوو ، وتاری بۆ خەڵکدا بۆ ماوەی چل ساڵ لە ساڵی (٥٢١ ک – ١١٢٧ ز) بۆ ساڵی (٥٦١ ک – ١١٦٦ ز) و وانەوتنەوە و فتوادانیشی سی و سێ ساڵی خایاند لە ساڵی (٥٢٨ ک – ١١٣٤ ز) بۆ ساڵی (٥٦١ ک – ١١٦٦ ز) [57]

دەگێڕنەوە ، جارێکیان شـێخ عەبدولقادری گەیلانی لە یەکێک لە شـەوە ساردەکانی زســـتاندا لە خەو هەڵدەســـتێ و لە ناو جێگاکەیدا دێتە دەرەوە ، کە دەگەڕێتەوە دەبینێت وا پشـــیلەیەک لەســـەر جێگەکەی خەوی لێ کەوتووە ، ئەمیش پێی خۆش

---

[55] إبن رجب الحنبلي : الذيل على طبقات الحنابلة ، مطبعة الحلبي – القاهرة ، ١٩٥٢ ، بەرگی ١ ، ل ٢٩٤
[56] علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الاسرار ، مطبعة مصطفى الحلبي – القاهرة ، ١٩١١ ، ل ٢٠٨
[57] محمد بن عيسى التادفي : قلائد الجواهر في مناقب عبدالقادر ، دار الباز – فلوريدا ، ١٩٩٨ ، ل ٣٧ - ٣٨

نەبووە لەخەو هەڵیبســـتێنێت و دەری بکات ، هەروا وازی لێهێناوە تا بەیانی ڕۆژ دەبێتەوە [58]

هەندێک لە بەرهەمەکانی حەزرەتی گەیلانی [59] [60] :

- إغاثة العارفين و غاية منى الواصلين
- أوراد الجيلاني : کۆمەڵە نزا و پاڕانەوەیەک کە نیوەڕۆ دەخوێنرێت ، هەروەها پێشی دەوترێت (الحزب الربانى) ، نمونەیەکی لە کتێبخانەی ظاهریە هەیە بە ژمارەی (٥٠٨٣)
- إرشاد المريد : دەستنوسێک لەمە هەیە لە ناوەندی صدام بۆ دەستنوسەکان بە ژمارەی (٣٢٨٩١)
- أوراد الأيام و الأوقات : دەســتنوســە ، نمونەیەکی لە کتێبخانەی ظاهریە هەیە بە ژمارەی (١١٣٧٨)
- أوامر الشيخ عبدالقادر : نمونەیەکی دەستنوسی لە کتێبخانەی فوز الله شێخ موراد هەیە لە تورکیا بە ژمارەی (٢٥١)
- أدلة الخيرات : دەستنوسێک لە ئەزهەر – میسر ، بە ژمارەی (٨٠٥ / ٣٤٣٠٨)

---

[58] هونەر خورشید : جەننەتم وەسڵی ئەوە ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە - هەولێر ، ٢٠٢١ ، چ ١ ، ل ١٦٧

[59] د.عماد عبدالسلام رؤوف : الشيخ عبدالقادر الكيلاني رؤية تاريخية معاصرة ، مؤسسة مصر مرتضى للكتاب العراقي – بغداد ، ٢٠١١ ، چ١ ، ل ٨٧

[60] عمر محمود حسين السامرائي : الشيخ عبدالقادر الكيلاني و منهجه في التربية و السلوك ، دار الزنبقة – القاهرة ، ٢٠١٩ ، ١٣١ - ١٣٨

- بداية المريدين : نمونەیەكی هەیە لە ناوەندی صـــەدام بۆ دەســـتنوس ، بە ژمارەی (١٨٧٧ / ٢)
- بيان الأســـرار : نمونەیەكی دەســـتنوســـی هەیە لە ناوەندی صـــەدام بۆ دەستنوس ، بە ژمارەی (٢٩٩٢١)
- آداب السلوك و التوصل إلى منازل السلوك
- تحفة السالكين : دەستنوس لە ناوەندی صەدام ، بە ژمارەی (٨٩٤٧)
- تحفة المتقين و سبيل العارفين
- تحفة الأبرار و لوامع الأنوار : دانەیەكی لە ناوەندی صەدام بۆ دەستنوس هەیە بە ژمارەی (٨٩٤٣)
- تذكرة الشـــقيق الجامعة لمعرفة الطريق : ســـەبارەت بە ئەخلاقی ئەهلی تەسەوف ، لە كتێبخانەی الحضره القادريه بە ژمارەی (٦٨٨)
- تفســـير القرآن : دەســـتنوســـە بە دوو بەش لە كتێبخانەی ڕەشـــيد كرامە – تەرابلوس شام
- جلاء الخاطر من كلام الشيخ عبدالقادر : دەستنوسێكی لە كتێبخانەی قادريە و دانەیەكیش لە ناوەندی صەدام بۆ دەستنوس بە ژمارەی (٢٨١٠) و دوو دانە لە كتێبخانەی ظاهريە بە ژمارەی (٤٨٤٩) و (٨٤٨١)
- حزب الرجاء و الانتهاء

- الحزب الكبير : له کتێبخانەی الظاهریه به ژمارەی (٦٣٠٢)
- الدلائل القادرية
- مراتب الوجود
- دعاء البسملة : له کتێبخانەی ظاهریه به ژمارەی (٥٨٥٧)
- دعـاء أوراد الفتحيـة : دانەیەکی له کتێبخـانەی الظـاهریه هەیه به ژمـارەی (٩١٧٧)
- الرســـالة الغوثية : دانەیەکی له کتێبخانەی ئەوقافی بەغداده ، له ناوەندی صدام بۆ دەستنوس به ژمارەی (٤٠٣١ / ٥)
- رسالة في الأسماء العظيمة للطريق إلى الله
- الغنية لطالبي طريق الحق : له ناودارترین کتێبەکانیەتی له ڕەوشـــت و ئادابی ئیسلامی و دوو بەشە
- طريقة كيفية أخذ العهد : دەســـتنوســـە و دانەیەکی له ناوەندی صـــەدامه بۆ دەستنوسەکان به ژمارەی (٣٩٨١ / ٢)
- السيف القاطع : دەستنوسە ، دانەیەکی له ناوەندی صەدام بۆ دەستنوسەکان هەیه به ژمارەی (٤٦٧٢ / ١)
- الفتح الرباني و الفيض الرحماني : له کتێبه بەناوبانگەکانیەتی

- فتوح الغيب : بریتیە لە وتارەكانی شێخ لە باوەڕ و ئیرشاد دا و پێكهاتووە لە ٧٨ وتار
- معراج لطيف المعاني
- يواقيت الحكم
- رد الرافضة : دەستنوسێكە لە كتێبخانەی قادری
- سر الأسرار في التصوف : كتێبێكی ناودارە و دانەیەكی لە كتێبخانەی قادریە لە بەغداد
- الطريق إلى الله : كتێبێكە سەبارەت بە خەڵوەت و بەیعەت و حەوت ناوەكە
- رسائل الشيخ عبدالقادر : بریتیە لە ١٥ نامەی جەنابی شێخ كە وەرگێردراوە بۆ فارسی و دانەیەكی لە كتێبخانەی زانكۆی ئەستەنبوڵە
- المواهب الرحمانية
- حزب عبدالقادر الجيلاني : دەستنوسە كە دانەیەكی لە كتێبخانەی ئەوقافی بەغدادە
- تنبيه الغبي إلى رؤية النبي : دانەیەک لەم دەستنوسە لە كتێبخانەی ڤاتیكانە لە ڕۆما ، دانەیەكیش لە كتێبخانەی قادریە لە بەغداد بە ژمارەی (١٣٦٧)
- وصايا الشيخ عبدالقادر : لە كتێبخانەی فەیزوڵلا موراد بەردەستە بە ژمارەی (٢٥١)

- بهجة الأسرار و معدن الأنوار في مناقب الباز الأشهب
- تفسير الجيلاني : دەستنوسە کە لە کتێبخانەی ڕەشید کرامی هەیە لە تەڕابلسی شام
- الدلائل القادرية
- الحديقة المصطفوية : چاپکراوە بە فارسی و ئۆردۆیی ، دانەیەکی لە کتێبخانەی شێخ عەبدولقادر هەیە
- الحجة البيضاء
- عمدة الصالحين في ترجمة غنية الصالحين
- بشائر الخيرات في الصلاة على صاحب الآيات البينات : چاپکراوە لە ئەسکەندەریە – میسر ساڵی (١٣٠٤ ک – ١٨٨٧ ز) ، و چاپکراوە لە بەغداد ساڵی (١٣٣٤ ک – ١٩١٦ ز)
- ورد الشيخ عبدالقادر الجيلاني
- كيمياء السعادة لمن أراد الحسنى و زيادة : دانەیەکی لە زانکۆی کامبریج هەیە ، دوو دانەی لە کتێبخانەی قادری بە ژمارەی (٦٦٦ / ٦٦٧)
- المختصر في علم الدين
- الفتوحات : نامەیەکی دەستنوسیە لە ناوەندی صەدام بۆ دەستنوسەکان بە ژمارەی (٢٦١٣٢)

- مولـد النبي الكريم : دانەیەکی لە کتێبخـانەی الظـاهریە هەیە بە ژمـارەی (٩٩٢٢)
- دیوان شــعر : دانەیەکی لە ناوەندی صــەدام بۆ دەســـتنوس هەیە بە ژمارەی (٩٩٩) ، هەروەها لە زانکۆی ئیستەنبول هەیە بە ژمارەی (١٨٦٥)

شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی حەفتا و ســـێ ســـاڵی لە بەغداد بەســـەر بردووە ، هاوســـەردەمی پێنج لە خەلیفە عەباســـیەکان بووە ، کاتێک هاتە بەغداد خەلیفە (المســـتظهر بأمر الله) لە دەســـەڵات بووە ، پاشـــان (المســـترشـــد) کە بەهێزترین و باشـــترین خەلیفەی عەباســـی بووە ، (الراشـــد) ، (المقتفي لأمر الله) و پاشـــان (المستنجد بالله) [61]

کاتێک شـــێخ عەبدولقادر دێت بۆ بەغداد دەبینێت خەڵک بت دەپەرســـتن ، بەڵام ئەم بتە لە بەرد دروســـت نەکرابوو بەڵکو بتەکە دەســـەڵاتدارانی شـــار و ناوچەکە بوون کە خەڵک وایدەزانی قەزا و قەدەر و ســـود و زیان بەدەســـت ئەم کاربەدەســـت و دەســـەڵاتدارانەی دەوڵەتە لە پادشـــا و کارمەندەکانی ، بۆیە هات ئاڕاســـتەی خەڵکی کرد کە خودا بپەرســـتن و هانا بۆ ئەو ببەن و پشـــت بەو ببەســـتن نەوەک بە پادشـــا و دارو دەستەکەی و دەسەڵاتداران بەمەش تەوحیدی داچەقاند لە ناخی خەڵکەکەدا [62]

61 أبو الحسن علي الحسني الندوي : رجال الفكر و الدعوة في الإسلام ، دار ابن كثير - دمشق ، ٢٠٠٧ ، چ٣ ، بەرگی ١ ، ل ٣١١
62 أبو الحسن علي الحسني الندوي : رجال الفكر و الدعوة في الإسلام ، دار ابن كثير - دمشق ، ٢٠٠٧ ، چ٣ ، بەرگی ١ ، ل ٣١٣

، پاشـــان دژ بە ئەو هاوبەشـــدانەر و موشـــریکانە وەســـتایەوە کە خودایەکی نوێیان هەبوو کە بریتی بوو لە (پارە) و (سامان) و (هێز) و (دەسەڵات) [63]

لە عەقیدە و بیروباوەڕیشدا حەزرەتی گەیلانی بیر و باوەڕی وەک ئەشعەریەکان بووە و دەفەرموێت : خودای گەورە بە دوورە لە چۆنیەتی ، دروستکەری شوێنە و شوێنی هێناوەتە بوون ، بەدوورە لەوەی شـــوێنی هەبێت ، هەموو شـــتێکی هێناوەتە بوون ، خودای گەورە بە لاشـــەیەک ناناســـرێتەوە ، ئەگەر کەســـێک بوایە قەبارەی دەزانرا ، ئەگەر جەســـــتەیەک بوایە ئەوا لە پارچە و بەش پێکدەهات ، بەڵکو یەکێکە تاک و بێ شێوە ، هیچ جوڵەیەک ئەنجام نادرێت لە خێر و شەڕدا لە ئاشکرا و پەنهاندا لە بەحر و بەڕ دا مەگەر بە ئیزن و ڕێپێدانی ئەو نەبێت ، دادپەروەرە زوڵم لەکەس ناکات [64]

بنەماڵەی گەیلانیەکان لە شـــام و ئوردون و فەلەســـتین و عێراق بەم شـــێوەیەی خوارەوەیە [65] :

- لە سوریا :

1. آل شرف الدين الكيلاني
2. آل القصير الكيلاني
3. آل التنبكجي

63 أبو الحسن علي الحسني الندوي : رجال الفكر و الدعوة في الإسلام ، دار ابن كثير ـ دمشق ، ٢٠٠٧ ، چ٣ ، بەرگی ١، ل ٣١٦
64 حياة الفقيه الجيلاني : الفتوحات الربانية في الاوراد القادرية ، دار الوابل الصيب للإنتاج و النشر و التوزيع – القاهرة ، ٢٠١٩ ، چ ١ ، ل ٥٣
65 د. عمر محمود حسين السامرائي : الشيخ عبدالقادر الكيلاني و منهجه في التربية و السلوك ، دار الزنبقة – القاهرة ، ٢٠١٩ ، ل ٧٧ ـ ٧٨

4. آل الحمادي

5. آل عمر الكيلاني

6. آل سلام

7. آل عقيل

8. آل لحلح

9. آل بجبح

10. آل ظبيان

11. آل كتاني

- له ئوردن :

1. آل زيد الكيلاني

2. آل النوباني

3. آل الحمادي

4. آل الهنيدي

- له فەلەستين :

1. آل زيد الكيلاني

2. آل عدوي

3. آل النوباني

4. آل الحمادي

5. آل الهنيدي

6. آل كتاني

- له عێراق :

1. آل سلطان الكيلاني

2. آل الطيار الآلوسي

3. آل البعاج الكيلاني

4. آل الحمادي

5. آل عشيرة البو جمعة

کۆمەڵێک مامۆستا لە خوێندنگای قادری وانەیان وتووەتەوە بەم شێوەیەیە [66] :

1. شێخ ئەبو سەعیدی مەخرەمی (دامەزرێنەری خوێندنگاکە)
2. شێخ عەبدولقادری گەیلانی
3. نەوە و نەوەزاکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بۆ ماوەی چەند سەدەیەک
4. شـــێخ عەبدووڵلا ســـوێدی (لەدایکبوون : ١١٠٤ ک – ١٦٩٣ ز ، وەفات : ١١٧٠ ک – ١١٧٠ ز)

[66] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ٢٨ – ٢٩ - ٣٠

5. شـێخ عەلائەدینی موسـڵی (لەدایکبوون : ١١٧٠ ک – ١١٧٠ ز ، وەفات : ١٢٤٠ ک – ١٢٠٣ ز)
6. شـێخ حوسـەین (لەدایکبوون : ١١٩٠ ک – ١٧٧٦ ز ، وەفات : ١٢٣٦ ک – ١٨٢١ ز بە تاعوون)
7. سەید ئیبراهیمی بەرزنجی (وەفات : ١٢٦٣ ک – ١٨٤٧ ز )
8. عەبدولفەتاحی واعیز (وەفات : ١٢٤٦ ک – ١٨٣٠ ز )
9. ابوالثناء شەهابەدینی ئالوسـی – موفتی بەغدا -
10. سەیید محەمەد ئەمینی واعیز ( بە یوسفی دووەم بەناوبانگ بووە )
11. سـەیید عەبدولفەتاحی مودەڕیس (سـاڵی وانەوتنەوە : ١٢٩٥ ک – ١٨٧٨ ز )
12. شێخ عەبدوللەتیفی راویی (وەفات : ١٢٩٢ ک – ١٨٧٥ ز )
13. شێخ عەبدولحەقی هیندیی (وەفات : ١٢٧٩ ک – ١٨٦٢ز )
14. شێخ عەبدولسەلامی شەوواف (وەفات : ١٣١٨ ک – ١٩٠٠ ز)
15. شـێخ یوسـفی عەتا – موفتی بەغدا - (وەفات : ١٣٧١ ک - ١٩٥٢ ز ، سـاڵی وانەوتنەوە : ١٣١٠ ک – ١٨٩٣ ز ، سـاڵی بوون بە وتاربێژی مزگەوتی گەیلانی : ١٣٣٦ ک – ١٩١٨ ز)

16. شێخ عەبدولمەلیکی شەوواف (ساڵی وانەوتنەوە : ١٣١٩ ک – ١٩٠١ ز)

17. شێخ قاسمی قەیسی – موفتی بەغدا -

18. شێخ محەمەد قزڵجی (وەفات : ١٣٨٠ ک – ١٩٦٠ ز)

19. شێخ کەمالەدینی تائی

20. شێخ مەلا عەبدولکەریمی مودەریس + شێخ عەبدولقادری خەتیب + شێخ عەبدوڵڵا سۆفی

وە نەقیبەکانی بەغدا لە نەوەی شێخ عەبدولعەزیز لەسەر ئەم ڕیزبەندیەن [67] :

1. شێخ زەینەدین کوری شێخ محەمەد شەرەفەدین کوری شەمسەدین محەمەدی هەتتاک کوری شێخ عەبدولعەزیز (وەفات : ١٠٨٥ ک – ١٦٧٤ ز)

2. شێخ نوورەدین کوری شێخ وەلی یەدین کوری زەینەدین (وەفات : ١٠٧٥ ک – ١٦٦٥ز)

3. شێخ حیسامەدین کوری شێخ نوورەدین (وەفات : ١١٦٣ ک – ١٧٥٠ز )

4. شێخ محەمەد دەروێش کوری شێخ حیسامەدین (وەفات : ١١٧٥ ک – ١٧٦٢ ز)

---

[67] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ٥٣ – ٥٤ - ٥٥

5. شێخ زەینەدینی بچوک (وەفات : ١١٩٢ ک – ١٧٧٨ ز)

6. شێخ مستەفای کوری شێخ زەینەدین (وەفات : ١٢٠١ ک – ١٧٨٧ ز)

7. سەیید سلێمان کوری سەیید مستەفا (وەفات : ١٢٣٥ ک – ١٨٢٠ ز)

8. سەیید مورادی کوری سەیید عوسمان (وەفات : ١٢٦٨ ک – ١٨٥٢ ز)

9. سەیید عەلی کوری سەیید سولەیمان (وەفات : ١٢٨٩ ک – ١٨٧٢ ز)

10. سـەیید سـولەیمان کوری سـەیید عەلی نەقیب (وەفات : ١٣١٥ ک – ١٨٩٧ ز)

11. سەیید عەبدولڕەحمان کوری سەیید عەلی (وەفات : ١٣٤٥ ک – ١٩٢٦ ز)

12. سـەیید مەحمودی حیسـامەدین کوری سـەید عەبدولڕەحمان (وەفات : ١٣٢٣ک - ١٩٠٦ ز)

13. سەیید ئەحمەد عاسیمی گەیلانی کوری سەید عەبدولڕەحمان (وەفات : ١٣٧١ ک – ١٩٥٢ ز)

14. سـەیید ئیبراهیم سـەیفەدینی گەیلانی کوری سـەیید مسـتەفا کوری سەیید سولەیمان (وەفات : ١٣٨٠ ک – ١٩٦٠ ز)

15. سەیید بورهانەدینی کوری سەیید عەبدولڕەحمان (وەفات : ١٣٩٣ ک – ١٩٧٣ ز)

16. سـەييد سـالمی کوڕی سـەييد عەبدولڕەحمان (وەفات : ١٤٠١ ک – ١٩٨١ ز)
17. سـەييد ئەحمەد موزەففەری کوڕی سـەيد مەحموودی کوڕی سـەييد عەبدولڕەحمان
18. سەييد يوسف + سەييد ئەحمەد موزەففەر

بەشـێک لە ناودارترين ئەو کتێبانەی لەسـەر ژيانی حەزرەتی شـێخ عەبدولقادری گەيلانی نوسراون ئەمانەن :

1. أسنى المفاخر في مناقب الشيخ عبدالقادر : عبدالله بن سعد اليافعي
2. أنوار الناظر : عبدالله بن ناصر البكري البغدادي
3. أنهار المفاخر : محمد غوث الدين الشافعي
4. بهجة الأسـرار و معدن الأنوار : نورالدين أبي الحسـن علي بن يوسـف اللهمي الشطنوفي الشافعي
5. الباز الأشهب : إبراهيم الدروبي
6. بستان الأصاغر و الأكابر ترجمة الشيخ عبدالقادر : عبدالحي القادري
7. البهجة الصـغرى في مناقب عبدالقادر الجيلاني : عبدالعزيز بن أحمد سعيد عزالدين الدميري الدهري
8. تفريج الخاطر في مناقب عبدالقادر : عبدالقادر كمال الدين

9. تنشيط الخاطر : ضياء الدين ترك زادة
10. توفيق الملك القادر بسـلوك طريق الغوث عبدالقادر : زادة كمال الدين الحريري
11. تحفة الأبرار و لواقح الأنوار : علي بن يحيى الجيلاني
12. تزيين الدفاتر : للشيخ محمد حبيب الله الشنقيطي
13. تحفة القادر : محمد أبي علي المعالي
14. الجاني والداني : السيد جعفر البرزنجي
15. الحق الظاهر في شرح أحوال الشيخ عبدالقادر
16. حال عبدالقادر الجيلي : سراج الدين ابن الملقن
17. خلاصة المفاخر في مناقب الشيخ عبدالقادر : الإمام عفيف الدين أسعد اليافعي
18. الدر الفاخر في مناقب الشـيخ عبدالقادر : عبدالرحمن بن محمد بن علي السائح
19. الدر الفاخر في مناقب الشـيخ عبدالقادر : السـيد عبدالقادر بن الشـيخ العيدروسي اليمني
20. در الجواهر في مناقب الشيخ عبدالقادر : الشيخ أبي حفص ابن الملقن المصري

21. الروض الزاهر في مناقب الشيخ عبدالقادر : أبي العباس القسطلاني

22. رياض البساتين في أخبار مولانا عبدالقادر محيي الدين : محمد الأمين

23. روضة الناظر في ترجمة عبدالقادر : الشيخ أبي طاهر حمد

24. الروض الناظر في ترجمة الشيخ عبدالقادر : محمد سعيد السنجادي

25. الروض الناظر : مجد الدين أبي طاهر الفيرزآبادي

26. رشف المهلين في تخميس أبيات الشيخ محيي الدين عبدالقادر : تقي الدين أبي الركات ابن حجة

27. زبدة الأسرار في مناقب غوث الأبرار : عبدالحق الدهلوي

28. زبدة الاعصار في أخبار قطب الأخيار

29. السر الظاهر : سليمان العلمي (الحوات)

30. السيف الرباني في عنق من اعترض على الشيخ الجيلاني : السيد محمد المكي بن السيد مصطفى بن محمد عزوز

31. السفينة القادرية : منلا التونسي القادري

32. سلطان العارفين : صلاح الدين عبدالقادر محمد فائز

33. الشرف الباهر : الشيخ الإمام قطب الدين موسى

34. الشراب النيلي في ولاية الجيلي : الشيخ محمد بن إبراهيم الحلبي

35. شـــمس المفاخر لذيل كتاب قلائد الجواهر : محمد بن حمد بن أحمد (البخشي)

36. الشيخ عبدالقادر – حياته و آثاره : الشيخ يونس إبراهيم السامرائي

37. الطريقة القادرية العلية : حكيم محمد حسن

38. عبدالقادر أكبر ولي في الإسلام : محمد علي عيسى

39. غبطة الناظر : ابن حجر العسقلاني

40. الفتح المبين : عبدالرحمن الكيلاني

41. الفتح الرباني في حياة ســيدنا الشــيخ عبدالقادر الجيلاني : طاهر علاء الدين القادري

42. قلائد الجواهر في مناقب الشـــيخ عبدالقادر : الشـــيخ محمد بن يحيى التادفي الحنبلي

43. الكوكب الزاهر في مناقب الشـــيخ عبدالقادر : الشـــيخ أبي الهدى الصيادي

44. الكواكب الدرية في المناقب القادرية : محمد رشيد الرافعي

45. كرامات الشيخ الجيلاني : مرجيلوث

46. الموجز في تاريخ القطب الغوث و الباز الأشهب : فخري نوري الجيلاني

47. مناقب الشيخ عبدالقادر الجيلاني : الشيخ قطب الدين موسى بن محمد الحنبلي

48. المختصر في تاريخ شيخ الإسلام عبدالقادر و أولاده : إبراهيم الدروبي

49. مختصر الروض الزاهر : إبراهيم الديري الشافعي

50. الإمام عبدالقادر الجيلاني : أبو الحسن الندوي

51. مناقب الشيخ عبدالقادر بن إبي صالح الجيلاني : عبدالرحمن بن محمد السائح

52. منظومة رائية من البحر الوافر في مناقب الشيخ عبدالقادر : الشيخ محمد الكيلاني بن إبراهيم بن أحمد الشريف الحسني الحشيشي القادري

53. مناقب الشيخ عبدالقادر : عبدالرحمن الطلباني

54. نزهة الخاطر في ترجمة سيدي الشريف عبدالقادر : علي بن سلطان بن محمد القادري

55. نزهة الناظر : علي محمد بن عبداللطيف البغدادي

56. نشأة القادرية : د. ماجد عرسان الكيلاني

57. نشر الجواهر : قاضي الإسلام محمد صبغة الله

58. وصايا الشيخ عبدالقادر الجيلاني : جميل إبراهيم حبيب

## بەشی دووەم : فەرمایشتی زانایان دەربارەی حەزرەتی گەیلانی :

- ئیبن جەوزی دەڵێت : "جەنابی شێخ عەبدولقادر لە قوتابخانەی موخەڕەمیی شێخی خۆی وانەی دەوتەوە ، و بە زوبانی ئامۆژگاری قسەی بۆ خەڵکی دەکرد ، تا بە زاهید ناوی دەرکرد ، قوتابخانەکەی پڕ بوو لە خەڵک ، لای شورەی بەغدا دادەنیشت و پاڵی بە تەکیەکەی دەدا و خەڵکێکی زۆر لە کۆڕەکانیدا تەوبەیان دەکرد [68] .
- عەبدوڵڵای کوڕی قودامە (کە ساڵی ٦٢٠ ک – ١٢٢٣ ز وەفاتی کردووە) لە ستایشی حەزرەتی شێخ دەفەرموێت : "نەمبیستووە کەس بە ئەندازەی ئەو کەراماتی زۆری لێ بگێڕدرێتەوە" [69].
- لە ستایشی تەریقەتەکەشیدا ئیبن تەیمیە دەڵێت: "تەریقەتێکی شەرعی ڕاستە" [70].
- دکتۆر حفنی دەڵێت : " تەسەوف لای گەیلانی تەنها قسەیەک نیە بوترێت ، بەڵکو ڕێگایەکە تێیدا خۆ برسیکردن و بڕینی حەز و ئارەزووەکانە" [71] .

---

[68] العلامة محمد صديق حسن خان القنوجي البخاري : التاج المكلل من جواهر مآثر الطراز الآخر و الاول ، وزارة الأوقاف و الشؤون الإسلامية – قطر ، ٢٠٠٧ ، چ ١ ، ل ١٥٦

[69] د.عبدالمنعم الحفني : الموسوعة الصوفية أعلام التصوف و المنكرين عليه و الطرق الصوفية ، دار الرشاد – مصر ، ١٩٩٢ ، چ ١ ، ل ١٤

[70] د.عبدالمنعم الحفني : الموسوعة الصوفية أعلام التصوف و المنكرين عليه و الطرق الصوفية ، دار الرشاد – مصر ، ١٩٩٢ ، چ ١ ، ل ١٤

[71] د.عبدالمنعم الحفني : الموسوعة الصوفية أعلام التصوف و المنكرين عليه و الطرق الصوفية ، دار الرشاد – مصر ، ١٩٩٢ ، چ ١ ، ل ١٤

- شـــێخ موەفەقەدین دەفەرموێت : نەمبیســـتووە کەس بە ئەندازەی ئەو کەرامـاتی لێ بگێڕدرێتەوە و نەمـدیوە کەس بە ئەنـدازەی ئەو خەڵـک شکۆمەندی بکەن لەپێناو ئایندا [72].

- ئیبن ســـەمعانی دەرحەقی دەڵێت : ئیمامی حەنبەلیەکان و شـــێخیانە لە سەردەمی خۆی ، زانا و پیاوچاک ، زۆر زیکر دەکات ، بەردەوام لە بیرکردنەوە دایە ، خێرا فرمێسک بە چاوی دێت [73].

- ئیبن ڕەجەب دەڵێت : شـــێخ عەبدولقادر دەرکەوت بۆ خەڵک ، خەڵک بە تەواوەتی قبوڵیان کرد ، هاتنە ســەر ڕێگا و ڕێچکە و باوەڕەکانی ، ســودیان لە قســەکانی بینی ، ئەهلی ســونەت بە دەرکەوتنی ســەرکەوت ، حاڵ و فەرمایشـــت و کەراماتەکانی لەناو خەڵک دەنگی دایەوە ، پادشـــاکان لێی دەترسان [74].

- شــێخ عیزەدینی کوڕی عەبدولســەلام دەفەرموێت : هیچ کەراماتێکمان بۆ نەقڵ نەکراوە کە بەقەد کەراماتەکانی شـــێخ عەبدولقادر شـــاهیدی زۆر بوبێت [75].

---

[72] ابن عماد شهاب الدين الحنبلي الدمشقي : شذرات الذهب في أخبار من ذهب ، دار ابن كثير – دمشق ، ١٩٨٦ ، چ ١ ، بەرگی ٦ ، ل ٣٣٢
[73] ابن عماد شهاب الدين الحنبلي الدمشقي : شذرات الذهب في أخبار من ذهب ، دار ابن كثير – دمشق ، ١٩٨٦ ، چ ١ ، بەرگی ٦ ، ل ٣٣٣
[74] ابن عماد شهاب الدين الحنبلي الدمشقي : شذرات الذهب في أخبار من ذهب ، دار ابن كثير – دمشق ، ١٩٨٦ ، چ ١ ، بەرگی ٦ ، ل ٣٣٣
[75] ابن عماد شهاب الدين الحنبلي الدمشقي : شذرات الذهب في أخبار من ذهب ، دار ابن كثير – دمشق ، ١٩٨٦ ، چ ١ ، بەرگی ٦ ، ل ٣٣٢

- شـــەطنوفی دەڵێـت : موســـــای کوڕی شـــێخ عەبـدولقـادری گەیلانی فەرموویەتی : لە باوکمم بیســـتووە فەرموویەتی : دەرچووم بۆ گەڕان بەناو دەشــــت و کێودا و بۆ چەند ڕۆژێک مامەوە کە ئاوی لێنەبوو و توینیم بوو ، بینیم هەورێـک هـات و بەرەو ڕووم دابەزی منیش لەو ئـاوەی تێیـدا بوو خواردمەوە ، پاشـــان بینیم ڕووناکیەک دەرکەوت کە ئەو ناوەی هەمووی ڕووناک کردەوە ، شــێوەیەک دەرکەوت ، وتی : ئەی عەبدولقادر من خودای تۆم ئەوە حەرامەکانم بۆت حەڵاڵکرد ، حەزرەتی گەیلانیش فەرمووی : پەنا دەگرم بە خودا لە شـــەیتانی ڕەجیم ، بێدەنگبە ئەی نەفرەت لێکراو ، بینیم کە ڕووناکیەکە بوو بە تاریکی و شــێوەکە بوو بە دوکەڵ و پاشـــان قســـەی لەگەڵ کردم و وتی : ئەی عەبدولقادر زانســـتەکەت بە حیکمەتی خودا و تواناکەت ڕزگاری کردیت لێم ، حەفتا لە ئەهلی تەریقەتم بەم شـــتە گومڕا کردووە [76].
- حەزرەتی ئەبولعەلەمەین سـەید ئەحمەدی ڕیفاعی لە ستایشـی حەزرەتی گەیلانی دەفەرموێت : (جا کێ هەیە بگاتە ئەوەی شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی پێی گەیشتووە ، ئەو پیاوێکە کە دەریای شـەریعەت لە ڕاسـتیەتی و دەریای حەقیقەت لە چەپیەتی ، لە هەرکامەیان بیەوێت لێی دەرئەکات

[76] ابن عماد شـهاب الدين الحنبلي الدمشـقي : شـذرات الذهب في أخبار من ذهب ، دار ابن كثير – دمشـق ، ١٩٨٦ ، چ ١ ، بەرگی ٦ ، ل ٣٣٣ - ٣٣٤

، لەم ســــەردەمەی ئێمەدا هاوشـــێوەی نییە ، و ئەی مورید ئەگەر ڕۆژێک چویتە بەغـداد هیچ شــــتێـک مەخە پێش زیـارەتکردنـت بۆ لای شــــێخ عەبدولقادری گەیلانی [77].

- شــــێخ بەقای کوری بطو دەفەرموێت : ڕێگای شــــێخ محێدین عەبدولقادر بریتیە لە یەکگرتنی کردار و گوفتار ، یەکگرتنی خود و دڵ ، و کارکردن بە قورئان و ســونەت لە هەموو هەنگاوێک و هەموو ســاتێک و هەموو حاڵێک [78] .

- شێخ ئەبولحەسەنی قرشی دەفەرموێت : ڕێگاکەی تەوحید بوو لە وەسف و حوکم و حاڵدا ، و جێبەجێکاری شەرع بوو لە ئاشکرا و پەنهان دا [79] .

- ڕۆژهەڵاتناس شــیمل ســـتایشـــی شــێخ عەبدولقادر دەکات و دەڵێت : " گەورەترین پیاوچاکی میللییە لە جیهانی ئیسلامیدا " [80] .

- شــــێخ عودەی کوری موســــافیر دەفەرموێت [81] : کاتێک لەلای شــــێخ عەبـدولقـادر دادەنیشــــتیـت دەتوت خەونە ، ڕەوشــــتی زۆر بەرز بوو ، سیفەتەکانی زۆر نایاب بوو ، زۆر خۆ بەکەمزان بوو ، لەگەڵ میوانەکان نانی

---

[77] علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٣٦

[78] علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الاسرار ، مطبعة مصطفى الحلبي – القاهرة ، ١٩١١ ، ل ١٧٩

[79] عبدالقادر الجيلاني : تفسير الجيلاني ، دار الكتب العلمية – بيروت ، ٢٠٠٧ ، بەرگی ١ ، ل ٨

[80] ئانا مارى شيمل : الأبعاد الصوفية في الاسلامي و تاريخ التصوف ، منشورات الجمل – كولونيا ، ٢٠٠٦ ، چ ١ ، ل ٢٧٩

[81] علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ١٢٣

دەخوارد ، لەگەڵ هەژار و لاوازەکان دادەنیشت ، سەردانی نەخۆشەکانی دەکرد ، ئارامی لەسەر داواکارانی زانست دەگرت ، لە کاروباری هاوەڵەکانی دەپرسی و لە هەڵەیانی دەبووری و باوەڕی بەو کەسە دەکرد کە سوێندی بخواردایە .

- ئەبو مەدینی ئەندەلوسی دەفەرموێت [82] : شێخ عەبدولقادر فرمێسک دابەزینی خێرابوو ، زۆر لەخواترس بوو ، زۆر بە شان و شکۆ بوو ، پاڕانەوەی گیرابوو ، ڕەوشتی بەرز بوو ، لە هەموو خەڵک دوورتربوو لە خراپەکاری ، لە هەموو خەڵک نزیکتر بوو بۆ حەق.
- ئەبو عەبدوڵڵا موحەمەد کوڕی الخضری حوسەینی دەفەرموێت : شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە سیانزدە زانست دا فەرمایشتی دەبوو ، وانەیەک لە تەفسیر ، وانەیەک لە حەدیس ، وانەیەک لە مەزهەب ، وانەیەک لە خیلاف و ناکۆکی ، بەیانیان تەفسیر و زانستەکانی حەدیس و مەزهەب و خیلاف و ئوسوڵ و نەحوی لەخزمەت دەخوێنرا و نیوەڕوان قورئانی دەخوێند بە خوێندنەوە جیاوازەکان [83] .

[82] علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الاسرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ١٢٣

[83] علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الأسرار و معدن الأنوار ، دار الكتب العربية – مصر ، ١٣٣٠ ک ، ل ١١٨

- ئیبن وەردی دەفەرموێت : شێخی گەیلانی دادەنیشت بۆ ئامۆژگاری کردنی دوو پیاو یان سـیان ، بەرەبەرە دەبینرا خەڵکێکی زۆر کۆدەبێتەوە ، خەڵک بەسـەر ئەسـپ و ماین و گوێدرێژ و حوشـترەکانیان دەهاتن و لە کۆتایی مەجلیسەکەی وەک شورایەکیان دروست دەکرد [84] .
- ئیبن تغری بردی دەفەرموێت : شێخی گەیلانی شێخی عێراق بوو خاوەنی حاڵ و فەرمایشـت بوو ، زانایەک بوو کاری بە زانسـتەکەی دەکرد ، قوتبی وجود بوو ، ئیمامی ئەهلی تەریقەت و مایەی شـانازی شـێخەکانی سـەردەمی خۆی بوو ، خودای گەورە لە بەرەکەتی خۆی و نەوە پاک و چاکەکانی بێبەشمان نەکات [85] .

[84] زين الدين ابو الوردي المعري الكندي : تأريخ ابن الوردي ، دار الكتب العلمية – بيروت – ١٩٩٦ ، چ ١ ، بەرگی ٢ ، ل ٦٩
[85] يوسف بن تغري بردي الحنفي : النجوم الزاهرة في ملوك مصر و القاهرة ، دار الكتب – مصر ، بەرگی ٥ ، ل ٣٧١

## بەشی سێهەم : فەرمایشتەکانی حەزرەتی گەیلانی :

- عەبدولقادری گەیلانییان دی لە حەوشـی بەیت ڕووی لەسـەر وردە بەردەکان دائەنا و ئەیوت : ئەی خوایە بم بەخشە ، وە ئەگەر شایانی سزام لە قیامەت بە کوێری هەڵم سێنە تا لە ڕووی چاکانا شەرمەزار نەبم .[86]

- شـــێخ عەبدولڕەزاقی گەیلانی دەفەرموێت : شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی هەرکاتێک منداڵێکیان دەبوو ، دەهات و بانگ و قامەتی لە بن گوێی دەکرد ، ئینجا دووعای ســاڵح بوونی بۆ دەکرد ، پاشــان لەســەر دەســتەکانی خۆی دایدەنا و دەیگوت : ئەو منداڵەم مردووە ، پەروەردگار لە دڵی من دەری بهێنە ، ئەگەر ئەو منداڵە وەفاتی کردبا ، دەیگوت : بیشـــۆن و کفنی بکەن و بۆم بیهێننە مزگەوت ، ئینجا نوێژی لەســـەر دەکرد و چەند دڵۆپێک فرمێســـکی دەڕشـــت و لەســـەر دەســـتەکانی دایدەنا و هەتا بەردەم دەرگەی مزگەوت دەیبرد ، پاشان دەیگوت : بیبەن و ئەسپەردەی خاکی بکەن ، من ناتوانم بێم و وانەم هەیە ، ئینجا دەچوو وانەی بە سـۆفیەکان دەگوتەوە ، لێیان پرسـی : بۆچی بۆ ئەسپەردەی ڕۆڵەکانت نایەیت ؟ گوتی : هەر کەسێک لە دایک بێت

---

[86] شێخ مصلح الدین سعدی شیرازی : گوڵستانی سەعدی ، و.: مصطفى رسول ، ٢٠٠٨ ، چ ٢ ، ل ١١٦

دەبێت بمرێت ، بۆیە ناتوانم وانەی سۆفیەکان ڕابگرم بەهۆی مردنی ڕۆڵەکەم ، فێربوونی وانەی تەزکیە و سلوک زۆر ئەولاترە .[87]

❖ جارێکیان شـێخ عەبدولقادری گەیلانی لەگەڵ هاوەڵەکانی بەڕێگایەکدا دەڕۆن کە زۆر باریکە ، لەوکاتەدا سـەگێک بەو کۆڵانە دا دێت ، بۆیە شـێخ دەکشـێتە دواوە و ڕێگاکە بۆ سـەگەکە دەکاتەوە ، یەکێک لە موریدەکانی زۆری پێناخۆش دەبێت کە چۆن سـەگێک ڕێگای بۆ بکرێتەوە و بەپێش بکەوێت ، خۆ مرۆڤ بەڕێزتر و لایەقترە و گەورەترە لە هەموو بونەوەرێکی دیکە ، چۆن ئەمە دەبێ ؟ شـێخ لەوکاتەدا ڕووی وەرگێڕا لای موریدەکانی و گوتی : ڕۆڵەکانم ! ئەو سـەگە بەزمانی حاڵ گوتی : لە کۆنی کۆندا چ کەم و کوریەک لە من هەبووە ، تاوەکو بەرگی سەگ بەمن ببەخشن ؟ ئادەی پێم بڵێ چ گەورەییەک لە تۆ هەبوو تاوەکو خەڵاتی سـوڵتانی عارفینت پێ ببەخشـرێت ؟ بۆیە منیش ڕێگاکەم پێشکەش کرد چونکە بەدەست خۆی نەبووە کە بوەتە سەگ .[88]

❖ جارێکیان شێخ عەبدولقادری گەیلانی چووە سەر مینبەر و وتاری دەخوێندەوە ، لەو وتـارەدا زۆر هێرشـی کردە سـەر خەلیفە (مقتفی لامر الله) و سەرزەنشتی کرد لەسەر ئەوەی کە (ابن المزاحم) ی ستەمکاری کردووە بە قازی بۆ ئەوەی دادوەری خەڵکی پێ بکات ، ڕوی کردە خەلیفە و گوتی : ئەی

87 زامدار قادری : گوڵستانی عاریفان ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ــ هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ٢ ، ل ١٨٤
88 زامدار قادری : گوڵستانی عاریفان ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ــ هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ٢ ، ل ٢٢٧

خەلیفە ، گوێ بگرە تۆ سـتەمکـارترین سـتەمکـارت کردووە بە گەورەی موسـولمانان ، بەیانی لە دیوانی حەزرەتی حەق (رب العالمین) چی وەلام دەدەیەوە لە کاتێک ئەو (ارحم الراحمین)-ە ، خەلیفە لەو کاتە لەبەر قسـە بەسام و هەیبەتەکانی شێخ عەبدولقادر ، زۆر ترسا و دەست بەجێ فرمانی دا (ابن مزاحم) یان دورخستەوە لە دادوەرێتی [89].

❖ دەیفەرموو : ئەی خەڵکینە هەلەکان بقۆزنەوە و دەرفەتی ژیان لەدەسـت مەدەن ، خۆتان بۆ قیامەت دەوڵەمەند بکەن ، مادەم دەرگای ژیان تا ئێسـتا کراوەیە ، فریای بکەون ، بەم نزیکانە ژیانتان بەڕوو دا دەخرێت [90].

❖ دەیفەرموو : ئەی ڕۆڵەکەم ، ئەوە بزانە کە هاوڕێیەتی کەسـانی خراپەکار ، دەتخاتە گومانی خراپ بەرامبەر کەسانی چاک و باش [91].

❖ دەیفەرموو : لەو کەسـانە مەبن کە ئامۆژگاری خەڵک دەکەن ، خۆشـیان ئامۆژگاری وەرناگرن ، کاتێکیش شتێکی باش دەبیستن ، کاری پێ ناکەن [92].

❖ دەیفەرموو : سوربوونت لەسەر دونیا لەلای خودا و خەڵکیش ئاوڕووت دەبات ، چەند سـەیریت تۆ ، ڕزقی دونیات دەوێت ، ئەگەر بە کەمبوونی ئیمانیشـت بێت ! [93].

---

[89] زامدار قادری : گوڵستانی عاریفان ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە – هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ٢ ، ل ٢٢٧
[90] زامدار قادری : عاشقانە دێم ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە – هەولێر ، ٢٠١٩ ، چ ١ ، ل ٥٧
[91] زامدار قادری : عاشقانە دێم ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە – هەولێر ، ٢٠١٩ ، چ ١ ، ل ٦٠
[92] زامدار قادری : عاشقانە دێم ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە – هەولێر ، ٢٠١٩ ، چ ١ ، ل ٦٣
[93] زامدار قادری : عاشقانە دێم ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە – هەولێر ، ٢٠١٩ ، چ ١ ، ل ٧٢

❖ جـارێکیـان حەزرەتی شـــێخ عەبـدولقـادری گەیلانی بە کۆڵانێکی بەغـداد دەڕۆیشـــت ، هەندێ قوتابیی لەگەڵ بوو ، گەیشـــتنە لای ســـەرخۆشـــێک ، قاچی بە قەراغی ڕێگەکەدا درێژ کردبوو ، بەرگی پیس بووبوو ، لەحاڵێکدا بوو بەزەییت پێدابێتەوە ، ســەرخۆشــەکە ڕێگای لێگرتن و گوتی : ئەی عەبدولقادر خودا بەتوانایە (قادر)-ە یان نا ؟شـــێخی گەیلانی بزەیەکی کرد و گوتی : بێگومان بەتوانایە ، بۆ جاری دووەم ، گوتی : بەتوانایە یان نا ؟ شـــێخی گەیلانی بزەیەکی کرد و گوتی : بەڵێ بێگومان بەتوانایە ، بۆ جاری ســـێهەم بانگی کرد و گوتی : ئەرێ عەبدولقادر خودا بەتوانایە یان نا ؟ شـێخ دەســتی بە گریان کرد و یەکسـەر چووە سوجدە و گوتی : بەڵێ سوێند بە پەروەردگار ، خودای گەورە بەتوانایە ، بەتوانایە ! ، فەرمانی کردە قوتابییەکانی هەڵیبگرن و بیشۆن و ڕێزی لێ بگرن ، قوتابیەکانی بەم کارەی سەرسامبوون و پرسییان : قوربان قسەکانی ئەو سەرخۆشە چی واتایەکیان هەبوو ؟ شێخ فەرمووی : یەکەمجار پرســـی : خودای گەورە دەتوانێ لێم خۆش بێت ، یان نا ؟ منیش گوتم : بەڵێ دەتوانێت ، دووەمجار پرســی : خودای گەورە دەتوانێ من بخاتە جێگا و مەنزڵی تۆ ؟ گوتم : بەڵێ دەتوانێت ، سێیەم جار گوتی : ئەی دەتوانێ تۆ بخاتە ئەم جێگە و حاڵەی من ؟ منیش لە ترسی خودا دەستم بەگریان کرد

و گوتم : بەڵێ دەتوانێ ، دەتوانێ ، ســــوجدەم برد و تکام لە پەروەردگار کرد ناتەواوییەکانم بشارێتەوە و بمپارێزێت [94].

❖ دەیفەرموو : ئەی بەندەکانی خودا ڕاســــتگۆ بن ڕزگارتان دەبێ ، کەســــی ڕاستگۆ ناگەڕێتە دوواوە [95] .

❖ دەیفەرموو : دڵ ئەگەر ڕاست و ساخ بوو گوێی لێ نییە کێ پێچەوانەیەتی و کێ هاوڕایەتی ، کێ ســــوپاســــی دەکات و کێ بە خراپ باســــی دەکات ، گوێنادات کە کێ پێی دەبەخشێ و کێ لێی قەدەغە دەکات ، کێ لێی نزیک دەبێتەوە و کێ پشــــتی تێ دەکات ، چونکە پڕ دەبێت لە یەکتایی خودا و تەوەکول و یەقین و ئارامیی و باوەڕ و لەخودا نزیکبوونەوە [96] .

❖ دەیفەرموو : هاوار بە حاڵتان شــەڕ لەســەر ئەوە دەکەن کە بۆتان پڕاوەتەوە و کێشمەکێشمی لەسەر دەکەن ! لەکاتێکدا دەزانن هەر دەمرن ، ئەوەی بۆتان دیاریکراوە چۆن دەگۆڕێت ؟ لەکاتێکدا ئەوەی بۆتانی دیاری کردووە پەروەردگارە [97] .

---

[94] زامدار قادری : عاشقانە دێم ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ــ هەولێر ، ٢٠١٩ ، چ ١ ، ل ٢٠٢ ــ ٢٠٣ ـ ٢٠٤

[95] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیســەکانی شــێخی ئیســلام "شــێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها ــ هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ١٩

[96] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیســەکانی شــێخی ئیســلام "شــێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها ــ هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ٤٧

[97] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیســەکانی شــێخی ئیســلام "شــێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها ــ هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ١١٣

❖ دەیفەرموو : تێبکۆشــن هەزاران ڕەتمەکەنەوە ، هەرشــتێکتان هەبوو پێیانبدەن ، کەمێک باشــترێکە لە بێبەشــکردنی ، ئەگەر هیچ شــتێکتان لەبەر دەســت نەبوو بە هێمنی و نەرم و نیانی و قســـەی خۆش بەڕێی بکەن ، هەرچۆنێک هەیە دڵی مەشـــکێنە ، چونکە دونیا دەگۆڕێت ، لە شـــەو و ڕۆژێکدا هەرچی هەیە گۆڕانی بەسەردا دێت [98] .

❖ دەیفەرموو : ژیربە و شەرم لە خودا بکە ، دونیا بەردەوام نابێت ، ڕۆژیی دوایی بەردەوامی دەبێت ، ئارەزووەکانی دونیا کۆتاییان هەیە ، ئارەزووەکانی ڕۆژی دوایی کۆتاییان نییە ، پرِوادار دونیا بە ڕۆژی دوایی دەگۆڕێتەوە و خەڵکیش بە خودا دەگۆڕێتەوە [99] .

❖ دەیفەرموو : پرِوادار ئەو کەســـەیە کە لە ماڵی نەفس و هەوا و خوەکانی دەردەچێـت و بەرەو لای پەروەردگـاری دەکەوێتە ڕێ ، کـاتێ لەو ڕێگـایەیـدا چەندین بەڵا و ناخۆشـــی و چەرمەســـەری لەلایەن خۆی و ماڵ و ماڵباتەکەی دێنە ڕێی ، حەپەساو و سەرسام دەبێت ، بۆ لای گوناهـ و ڕەوشتە خراپەکان

---

[98] عبدالرحمن محمد امين : کۆڕ و مەجلیســەکانی شــێخی ئیســلام "شــێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها ــ هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ٢٥٣

[99] عبدالرحمن محمد امين : کۆڕ و مەجلیســەکانی شــێخی ئیســلام "شــێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها ــ هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ٣٣١

دەگەڕێتەوە ، گەر سـەرپێچی سـنوورەکانی ئایین بکات دواتر ڕاسـتەوخۆ تۆبە دەکات و دەگەڕێتەوە لای پەروەردەگاری [100].

- دەیفەرموو : زەوی لە ژێر پێی شـێخەکان دەڕوات ، ئەو شـێخانەی وازیان لە دونیا و خەڵکی هێناوە ، وازیان لە هەرچی شـتە هێناوە – لەوانەی لە ژێر عەرشی خودایە ، تا ئەوانەش کە کەوتونەتە ژێر خاک – ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە ، وازیان لە هەرچی شـتە هێناوە و هیچ کات بۆی ناگەڕێنەوە ، خۆیان لە هەرچی کەسـە دەپارێزن ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە هەموو بارودۆخ و کاتێکدا لەگەڵ خودادان [101].
- دەیفەرموو : هاوار بە حاڵتان ، زۆربەتان لە ئارەزووەدان ، لە پەرسـتگاکانتان خەڵک دەپەرسـتن ، خوداپەرسـتی و نزیکبوونەوە لێی " تەنیا بە مانەوە و خەڵوەت کردن بە نەزانییەوە ناکرێ ، ماڵوێران" بۆ دەستکەوتنی زانست بچنە لای زانایان ، بچن تا فریو نەخۆن ، بە جەسـتە و دواتر بە ناواخنتان و دواتر بە دڵتان بڕۆن ، گەر بە جەستە و ڕوح بە ئاگابوویت و دانیشتی ، ئەوکات لە خودا نزیک دەبیتەوە و دەگەیتە لای ئەو [102].

---

[100] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیسـەکانی شـێخی ئیسـلام "شـێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها ـ هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ٢٤٢

[101] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیسـەکانی شـێخی ئیسـلام "شـێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها ـ هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ٥٩

[102] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیسـەکانی شـێخی ئیسـلام "شـێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها ـ هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ٦٦

- دەیفەرموو : ئاقڵ بە ، واز لە خۆبەزلزانی بێنە ، وەرە لێرە دانیشـــە ، وەکوو یەکێک لەو خەڵکە دانیشــە ، بۆ ئەوەی وتەکانم لە دڵتدا پرویت دانیشــە ، گەر ژیر بیت لە نزیک من دادەنیشـــی و هەموو ڕۆژێ بە پارووبەک ئۆقرە دەگری و لەگەڵ زەبری وتەکانم ئارام دەگری ، ئەوەی پرواى هەبێت ، جێگیر و دامەزراو دەبێت ، ئەوەی پروایشی نەبێت لێم ڕادەکات .[103]
- دەیفەرموو : ڕۆڵەکەم خۆت بە شـــتانی بێ ســـود خەریک مەکە ، چونکە خۆ خەریککردن بەو شـــتانە لە خەریکبوون بە شـــتە گرنگەکان دوورتدەخاتەوە ، باسکردنی خەڵکی و خەریک بوون بە عەیبەکانیان کاری تۆ نییە ، خەریکبوون بە حاڵی خۆت و عەیبەکانت ، لە پێشینەی کارەکانتە .[104]
- دەیفەرموو : ئەی ئەو کەســـەی بە دەوڵەمەندی و پاکێکیەکەت لەخۆبایی بوویت ، لەو نزیکانە پاکیەکەت گەرد دەیگرێت ، دەوڵەمەندیەکەت نامێنێ و هەژار دەبیت ، تواناکەت نامێنێت ، بەو حاڵەی ئێســـتات لەخۆبایی مەبە ، پێویستە بەردەوام بەشداری کۆڕ و مەجلیسی زیکر بکەیت ، گومانی باش بە

---

[103] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیســەکانی شـێخی ئیســلام "شـێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها – هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ٨٣ - ٨٤

[104] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیســەکانی شـێخی ئیســلام "شـێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها – هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ١٠٧

"شێخی خاوەن زانست و کردار" ببە و گوێیان بۆ شلکە و کار بە قسەکانیان بکە.[105]

- ❖ دەیفەرموو : ماڵوێران ، چەند جار دەڵێیت (الله اکبر) ، درۆ دەکەیت ، نان لات ئەکبەر و گەورەترینە ، خەڵکی لات ئەکبەر و گەورەترینە ، گۆشـــت لەلات گەورەترینە ، ئەو دەوڵەمەنـدیەی ژیـانـت لەلات گەورەترینە ، پـاسـەوانی فرۆشــگەکەت ، پاســەوانی تولە ڕێکەت ، لەلات گەورەترینە ، ســوڵتانی وڵاتەکەت لەلات گەورەترینە.[106]
- ❖ دەیفەرموو : گەر بەڕۆژوو بوون واز لە درۆ و شــایەتی درۆ و غەیبەت و دوزبانی و تێکدانی نێوان خەڵکی بێنن ، واز لە خواردنی ماڵی خەڵک بێنن ، بەڵکوو بۆ ئەوە بەڕۆژوو بن تا لە گوناهەکانتان پاکبنەوە.[107]
- ❖ دەیفەرموو : ئەی خەڵکینە ، دڵنەوایی هەژاران بکەن ، لەکاتی لاوازی ئیمانیان هانیان بدەن ، لەکاتی بەهێزی پشـــتگیریان بکەن و زەردەخەنە بخەنە ســەر

[105] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیسـەکانی شـێخی ئیسـلام "شـێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها – هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ١١٤

[106] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیسـەکانی شـێخی ئیسـلام "شـێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها – هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ١٦٥

[107] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیسـەکانی شـێخی ئیسـلام "شـێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها – هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ١٩٠

لێوانیان ، بە بەخشـــین پێشـــوازی لە هەژاران بکەن ، لەکاتی نەبوونیشـــدا بە جوانترین شێوە وەڵامیان بدەنەوە .[108]

- دەیفەرموو : پارچە نانێک لە سکی برسیەکدا خێرترە لە دروستکردنی هەزار مزگەوت و لە پۆشـــینی بەرگی کەعبە و لە هەســـتان بۆ نوێژ و لە جیهادی کـافران و لە بەڕۆژووبوون لە گەرمیەکی زۆر بەتین دا ، ئەگەر خواردن بچێتە ســـکی برســـیەک ئەوا کەســـی خواردن پێدەر نورێکی وەک ڕووناکی خۆر بۆ دەبێت ، خۆشبەختی بۆ ئەوەی خواردن دەداتە برسیەکان .[109]

- فەرموویەتی : لەکاتی خەڵوەتدا کاتێک خەوم لێدەکەوت دەنگێکم دەبیســـــت دەیـوت : ئەی عەبـدولـقـادر تـۆمـان بـۆ خەوتـن دروســـــت نەکـردووە ، خۆشـــمانویســـتیت کاتێک هیچ نەبویت بۆیە ئێســـتا کە شـــتێکیت لێمان غافڵ مەبە .[110]

- عەبدوڵڵای جوبائی دەفەرموێت : گوێم لە کتێبی (حلية الأولياء) دەگرت لە ئەبوفەزڵی کوری ناسری شێخم ، دڵم نەرم بووەوە و حەزم دەکرد داببڕێم لە خەڵک و ســـەرقاڵببم بە پەرســـتش ، پاشـــان چوومە لای شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی و نوێژم لەدوایەوە کرد ، کاتێک دانیشـــتم شـــێخ عەبدولقادر ســـەیری

---

108 عبدالرحمن محمد امين : کۆڕ و مەجلیســەکانی شـێخی ئیســلام "شـێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها – هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ٢٣٦

109 د.جمال الدين الكيلاني : هكذا تكلم الشيخ عبدالقادر الكيلاني ، مركز الاعلم العالمي – بنغلادش ، ٢٠١٤ ، ل ١٦ - ٣٥

110 علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٤٤

کردم و فەرمووی :" ئەگەر دەتەوێت دابپڕێیت ئەوا دامەپڕێ هەتا فێری شەرع نەبیت و لەخزمەت مامۆسـتایان دانەنیشـیت ، ئەوکات دەتوانیت لەخەڵک دابپڕێیت ، چونکە ئەگەر لەکاتی خەڵوەتەکەتدا بابەتێکی شەرعیت لا دروست بوو خۆ نایەیتە دەرەوە و پرسـیار لە خەڵک بکەی دەربارەی ؟ چاک نیە بۆ ئەو کەسەی لە خەڵوەتە بێتە دەرەوە و پرسیار لە خەڵک بکات دەربارەی کاروباری ئاینەکەی ، پێویسـتە خاوەن خەڵوەت وەک مۆمێک بێت ڕوناکیەکەی گەشـاوە بێت [111].

- حەزرەتی گەیلانی فەرمووی [112] : ئیبلیس وتی : "من" [113] ، بەمەش لە ڕەحمی خودا دەرکرا ، حەلاج فەرمووی : "من" [114] ، بەمەش لە خودا نزیکبووەوە ، چونکە حەلاج کە وتی "من" مەبەسـتی فەنا و نەمان بوو بۆ ئەوەی تەنها خودا بمێنێتەوە بەمەش گەیشـتە پلەی ویسـاڵ و بۆ هەمیشـە مایەوە ، و ئیبلیسـیش مەبەسـتی بەقا و مانەوە بوو کە وتی "من" ، بۆیە خودای گەورە ناو و نیشانی هەمووی بەفەنادا برد و پلەکەی دابەزاند.

---

111 إبن رجب الحنبلي : الذيل على طبقات الحنابلة ، مطبعة الحلبي – القاهرة ، ١٩٥٢ ، بەرگ ٢ ، ل ٤٦

112 علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ١٤٩

113 (أنا خير منه <سورة ص – آية ٧٦> ، واتا : من لەو باشترم ؛ ئەو : واتا حەزرەتی ئادەم

114 (أنا الحق) ، واتا : من حەقم ، لە هەمان سەرچاوە لە لاپەڕە ١٤٥ ئاماژە بەم قسەیە دراوە

❖ دەفەرموێت : دونیا لە دڵت دەربهێنە و بیخە ناو دەســـتت ئەوکات زیانت پێ ناگەیەنێت .[115]

❖ ســەبارەت بە شــەرم کردن فەرمووی : بریتیە لەوەی کە بەندە شــەرم بکات لەوەی بڵێت (الله) و حەقی ئەو ناوە نەدات ، واز لە تاوان بهێنێت لەبەر شەرم لە خودا نەک ترسان لێی ، و پەرستشەکانی بکات بەوەی سەیری بکات کە کەمتەرخەمە لە پەرستشەکانی .[116]

❖ ئەبوســالح نەســری کوڕی عەبدولڕەزاقی کوڕی شــێخ عەبدولقادری گەیلانی دەفەرموێــت [117] : لە مـامم ئەبو عەبـدوڵلا عەبـدولوەهـابی کوڕی شـــێخ عەبـدولقـادر بســـیتوومە کە فەرمووی : لە وڵات دوورکەوتمەوە و چەنـدین زانســتی جۆراوجۆر فێربووم ، کە گەڕامەوە بۆ بەغداد بە باوکمم وت دەمەوێت قســـە بۆ خەڵک بکەم لە خزمەتتا ، ئەویش ڕێگای پێدام ، چومە ســـەر کورسیەکە ، ئەوەی خودا پێی بەخشیبووم لە زانست و زانیاری پێی قسەم کرد و وتار و ئامۆژگاریم دا ، باوکیشـــم گوێی دەگرت ، نەمبیبیســـت هیچ کەســێک دڵی نەرم ببێت و هیچ فرمێســکێک نەڕژا ، خەڵکی مەجلیســەکە

115 علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ١٥١
116 علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ١٦٤
117 علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٣٣١

تاقەتیان چوو و داوایان لە باوکم کرد کە ئەو قســەیان بۆ بکات ، من دابەزیم و باوکم چووە ســەر کورســیەکە ، ســەیردەکەم خەڵکی مەجلیســەکە حاڵیان لێهات و هاواریان دەکرد ، کاتێک باوکم دابەزی وتم باوکە ئەمە چ حاڵێک بوو ؟ ئەویش فەرمووی : ڕۆڵەکەم تۆ لەســەر زەوی بۆ زانســت گەڕایت و گەشــتت کرد ، بەڵام ئایا بۆ ئێرە گەشـــتت کرد ، ئاماژەی بۆ ئاســـمان کرد ، پاشـــان فەرمووی : ڕۆڵەکەم کە چوومە ســـەر کورســـیەکە خودای گەورە زمانمی کردەوە و ئەوە ڕوویدا کە بینیت لە خەڵکەکە .

❖ فەرمووی : ئەگەر تەوحید لە بەردەرگای ماڵێک بێت و شـــیرک لەناو ماڵەکە بێت ئەوە ئەوپەڕی دوروویيە [118].

❖ فەرمووی : ساتێک بیرکردنەوە باشترە لە شەونوێژ [119].

❖ فەرمووی : خۆتان ســـەرقاڵکردووە بە کۆکردنەوەی شـــتانێک کە نایخۆن ، و خەیاڵ و ئاواتێک کە پێی ناگەن ، و بونیادنانی شـوێنانێک کە تێیدا نامێننەوە [120] .

---

[118] علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٣٦٢

[119] علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٣٦٤

[120] علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٣٦٦

❖ دەفەرموێت : دونیا دەکرێت لەناو دەســـت بێت ، دەکرێت لەناو گیرفان بێت ، هەڵگرتنی بە نیەتێکی چاک دەبێت ، بەڵام ناکرێت لە ناو دڵ بێت.[121]

❖ دەفەرموێت : ئاگاداری ســـەیرکردن بن بە حەز و شـــەهوەتەوە چونکە تاوان لەناو دڵەکانتان دەچێنێت.[122]

❖ دەفەرموێت : ڕۆڵەکەم هەرگیز وەها سـەیری شـێخەکەت نەکەیت پێت وابێت پارێزراوە لە تاوان ، ئەویش مرۆڤێکە هەڵە دەکات و ڕاســـت دەکات ، ئەگەر هەڵەیەکت لێی بینی ، هەوڵبدە بەهانەیەکی شـەرعی بۆ بدۆزیتەوە ، ئەگەر بەهانەت نەدۆزیەوە ئەوا داوای لێخۆشـــبوونی لە خودا بۆ بکە چونکە ئەویش مرۆڤێکە ڕاسـت و هەڵەی هەیە.[123]

❖ شـێخی گەیلانی پێنج مەرج دادەنێت بۆ شـێخی پەروەردەکار ، کە ئەگەر ئەو پێنج مەرجەی تێدا نەبێت ئەوا شـــیاو نیە ڕێنوێنی و ڕێنمایی خەڵک بکات ، مەرجەکانیش ئەمانەن[124] :

✓ پێویسـتە زانا بێت بە حوکمەکانی شـەریعەت و ئاین ، زانابێت بە حەڵاڵ و حەرام ، زانابیت بە سـنوورەکانی شـەرع و سـنوورەکانی سـونەتی نەبەوی .

---

[121] أبو الحسن علي الحسني الندوي : رجال الفكر و الدعوة في الإسلام ، دار ابن كثير - دمشق ، ٢٠٠٧ ، چ٣ ، بەرگی ١ ، ل ٣١٩

[122] علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٣٧٣

[123] د. جمال الدين فالح الكيلاني : هكذا تكلم الشيخ عبدالقادر الكيلاني ، دار الكتب العلمية – بنغلاديش ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ٢٢ - ٢٣

[124] د. جمال الدين فالح الكيلاني : هكذا تكلم الشيخ عبدالقادر الكيلاني ، دار الكتب العلمية – بنغلاديش ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ٢٥

- ✓ پێویستە زانا بێت بە زانستی حەقیقەت و تەریقەت ، زانا بێت بە حاڵی دڵەکان و نەفسەکان و ڕێگای خاوێنکردنەوەیان ، و شارەزابێت بە حاڵی پەیڕەوکارانی ڕێگاکە و بیانخاتە سەر ڕێگای گەیشتن بە خودا و ئەم زانستەی لە شێخێکی مورشیدی کامڵ وەرگرتبێت لە ڕێگەی سەنەدێکەوە کە بگاتەوە بە پێغەمبەر ﷺ .
- ✓ پێویستە بەڕێز بێت لەگەڵ میوانەکان و بەخشندەبێت لەگەڵیان ، شیاو نیە بۆ مورشیدێک کە بەخشندە نەبێت ، پێویستە لەگەڵ میوانان هەردەم دەم بە خەندە بێت و پێشوازیکار بێت.
- ✓ پێویستە خۆ بەکەمزان بێت بۆ پروادارن و لەخزمەتیاندابێت بە گوفتار و کردار .
- ✓ پێویستە سەرکەوتوو بێت لە پەروەردەکردنی موریدەکان و خاوێنکردنەوەی دەروونیان ، ئەمەش ڕوونادات هەتا پێشتر دەروونی خۆی خاوێن نەکردبێتەوە کە ئەوەش لە سەر دەستی شێخێکی شارەزا و لێهاتوو ئەنجامی دابێت و هەروەها ڕێگەپێدراوبێت بۆ ڕێنمایی کردن و شێخایەتی لەلایەن شێخەکەیەوە بە سەنەدی بەستراو بە پێغەمبەر ﷺ .

❖ دەفەرموێت [125] : وەســـــیەتت دەکەم بە تەقوای خودا و گوێڕایەڵیکردنی ، و پابەندبوون بە شـــەرع ، و خۆ بەکەمزانین ، و دەم بە خەندەبوون ، و وەســـتان لە ئازاردان ، و بەرگەگرتنی ئازار و هەژاری ، و پاراستنی شکۆی شێخەکان ، و ئامۆژگاری کردنی بچوک و گەورەکان و وازهێنان لە ناکۆکی ، و هاوکاری کردن لە کاروباری دین و دونیا.

❖ فەرمووی [126] : تەصەوف دامەزراوە لەسەر هەشت سیفەت و ئاکار :

✓ ئاکاری یەکەم : خۆ بەکەم زانین ؛ کە دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتی ئیبراهیم علیه السلام.

✓ ئاکاری دووەم : ڕەزامەندی ؛ کە دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتی ئیســـــحاق علیه السلام.

✓ ئاکاری ســـــێهەم : ســـــەبر ؛ کە دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتی ئەیوب علیه السلام.

✓ ئاکاری چوارەم : ئاماژە ؛ کە دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتی زەکەریا علیه السلام.

---

125 د.جمال الدين فالح الكيلاني : فتوح الغيب للباز الاشهب الشيخ عبدالقادر الجيلي ، مركز الإعلام العالمي – بنغلاديش ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ١٢٦

126 حياة الفقيه الجيلاني : الفتوحات الربانية في الاوراد القادرية ، دار الوابل الصيب للإنتاج و النشر و التوزيع – القاهرة ، ٢٠١٩ ، چ ١ ، ل ٥٨ - ٥٩

- ✓ ئاكارى پێنجەم : غوربەت ؛ كە دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتى يەحيا عليه السلام.
- ✓ ئاكارى شـــەشـــەم : لەبەركردنى خورى ؛ كە دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتى ئادەم و موسا عليهم السلام.
- ✓ ئاكارى حەوتەم : گەشتكردن ؛ كە دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتى عيسا عليه السلام.
- ✓ ئاكارى هەشتەم : هەژارى : كە دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەرمان صلى الله عليه و اله وسلم.

❖ فەرمووى [127] : خۆت بە سێ شت پابەند بكە :

- ✓ خۆبەكەمزانين لەپێناو خوداى گەورە.
- ✓ ڕەوشت بەرزى لەگەڵ هەموو بونەوەرەكان.
- ✓ بە بەخشندەيى نەفس.

❖ فەرمووى [128] : لە دوونيادا دوو شت بۆت بەسە :

- ✓ هاوڕێيەتى هەژارێكى خوداناس.
- ✓ خزمەتكردنى پياوچاكێكى كامڵ.

---

[127] حياة الفقيه الجيلاني : الفتوحات الربانية في الاوراد القادرية ، دار الوابل الصيب للإنتاج و النشر و التوزيع – القاهرة ، ٢٠١٩ ، چ ١ ، ل ٥٩

[128] حياة الفقيه الجيلاني : الفتوحات الربانية في الاوراد القادرية ، دار الوابل الصيب للإنتاج و النشر و التوزيع – القاهرة ، ٢٠١٩ ، چ ١ ، ل ٥٩

❖ دەیفەرموو [129] : خوایە ئێمە گومڕاین هیدایەتمان بدە ، هەژارین دەوڵەمەندمان بکە ، لاوازین بەهێزمان بکە ، تاوانبارین لێمان خۆش ببە .

❖ دەفەرموێت [130] : ڕاستی زوهد ئەوکاتە دەردەکەوێت ، کاتێ وازت هێنا لە دونیا و ئاخیرەت و هەوەس و خۆشی و ناخۆشی و وازهێنان لە داواکردنی پلەی بەرزی قیامەت و داواکردنی کەرامات و جەننەت.

❖ دەیفەرموو : بانگەشەی خۆشەویستی خودا دەکەیت و لەلای خەڵکیش سکاڵای لێ دەکەیت ؟ لە خۆشەویستیەکەت ڕاست ناکەیت ؟ ئەوەی لە حاڵی دەوڵەمەندی خۆشیبوێت و لە هەژاریشدا سکاڵای لێ بکات ، ئەوە درۆزنە ، گەر هەژاری بێتە سەر دڵێکی بەتاڵ لە ئیمان ، ئەو دڵە خۆی بۆ ناگیرێت و ئیمان و متمانەی تێدا ئۆقرە ناگرێت ، تا بەو شێوەیە بێت دەبێتە هاوەڵی بێبڕوایی ، هەژاری بۆ بڕوادارێکی پارێزراو نەبێت گونجاو نییە ، بڕوادار چۆن ئارامناگرێت لە کاتێکدا دونیا زیندانەکەیەتی ، ئایا کەستان بینیوە لە زینداندا داوای خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی بکات [131].

---

[129] حیاة الفقیه الجیلاني : الفتوحات الربانیة في الاوراد القادریة ، دار الوابل الصیب للإنتاج و النشر و التوزیع – القاهرة ، ٢٠١٩ ، چ ١ ، ل ٧٤

[130] زامدار قادری : موریدی حەزرەتی پەروانەم ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە – هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ٦٥

[131] عبدالرحمن محمد امین : کۆڕ و مەجلیسەکانی شێخی ئیسلام "شێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها – هەولێر ، ٢٠٢٠ ، چ ١ ، ل ١٦٨

## بەشی چوارەم : کەراماتەکانی حەزرەتی گەیلانی :

- ❖ دایکی حەزرەتی گەیلانی گێڕاویەتیەوە و فەرموویەتی : هەر بە منـداڵی عەلامەت و نیشانەی گەورەیی لە ناوچاوانی عەبدولقادر دا دیار بوو ، لە ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا ، تا ئێوارە شـــیری نەدەخوارد و مەمکی نەدەگرت ، جارێک هەور بوو ، خەڵک نەیانزانی داخۆ ئەو ڕۆژە ڕەمەزانە یان نا ؟ هاتن لە منیان پرسی و گوتم : عەبدولقادر ئیمڕۆ مەمکم ناگرێ ، مەعنای وایە ڕەمەزانە ، لە ئاخیریدا دەرکەوت کە ئەو ڕۆژە ڕەمەزان بووە و خەڵک ڕۆژووەکەیان گرتەوە.[132]
- ❖ یەکێک لە ســوڵتانەکانی ســەلجوقیەکان کاروانێک دەنێرێت بۆ ئەوەی مەی بۆ بهێنن ، کە کاروانەکە دێتەوە و مەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە بە بەردەم شـێخ عەبدولقادر تێدەپەڕن ، شێخی گەیلانی کاروانەکە دەوەستێنێت و ڕاستەوخۆ ئاژەڵەکان دەوەســـتن و ناجوڵێن ، ئەو مەیەی هەڵیان گرتووە دەگۆڕێت بۆ ســرکە ، کاتێک کاروانەکە ئەم هەواڵە بە ســوڵتانی ســەلجوقی دەگەیەنن ، خێرا سوڵتان دێتە خزمەت حەزرەتی شێخ و لەسەر دەستی تەوبە لە زۆرێک لە حەرامەکان دەکات.[133]

---

[132] مەلا محمدی شەڵماشی : مەجلیسی ئەولیا ، انتشارات کردستان – سنه ، ٢٠١١ ، چ ٥ ، بەرگی ١ ، ل ٢٠٨
[133] علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الاسرار ، مطبعة مصطفى الحلبي – القاهرة ، ١٩١١ ، ل ١٨٠

❖ یەکێک لە کەراماتەکانی شـــێخی گەیلانی ئەوەبوو کە لە مەجلیســـەکەیدا دوورترین کەس وەک نزیکترین کەس فەرمایشـــتەکانی دەبیســـت و کاتێک فەرمایشـــتی بفەرمووایە لەو شـــتانەدا قســـەی دەکرد کە بە دڵی خەڵکدا دەهات و بەمەش ئاڕاستەیانی دەکرد بۆ ڕێگای دروست.[134]

❖ ڕۆژێک خەلیفەیەکی خۆشـــەویســـتی عەرزی دەکات و دەڵێت : "ڕۆحم بە فیدات بێ ، بۆچی تۆ ناوت (عەبدولقادر)ە و پێت دەڵێن (موحیەدین)؟ " ، ئەویش دەفەرموێــت : "ڕۆژێکی جومعە ، لە بەغــدا دەرکەوت بووم ، لە گەڕانەوەدا تووشـی نەخۆشێکی زۆر زەعیف بووم ، ڕەنگی گۆڕابوو ، کە چاوی بە من کەوت گوتی : (السلام علیک یا عبدالقادر) ، فەرمووی : منیش وەڵامم دایەوە گوتی : وەرە پێشـــەوە ، چوومە بەردەمی ، ووتی : هەڵمســـتێنە ، چوومە بن باڵی و ڕاســـتم کردەوە ، تەماشـــام کرد نەخۆشـــی یەکەی نەما و ڕەنگی ڕوون بوەوە ، فەرمووی : پرســـیارم لێ کرد تۆ کێی ؟ ووتی : بۆ نام ناســـی ؟ ووتم نا ، ووتی : ئەی (عەبدولقادر) من دینی باپیری تۆم ، وەک چاوت پێم کەوت ئاوا نەخۆش و زەعیف بووم ، بەڵام خوای گەورە بەهۆی تۆوە زیندووی کردومەتەوە ، دەفەرمووێ : هاتمەوە بۆ مزگەوت دوو ڕکات نوێژم کرد و ویستم بێمە دەرێ ، کابرایەک هات ، پێڵاوەکەی بۆ دانام و لەخۆڕا وتی : (یا

[134] علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الاسرار ، مطبعة مصطفى الحلبي – القاهرة ، ١٩١١ ، ل ١٩٩

شێخ موحیەددین) فەرمووی :کە هاتمە دەرەوە هەرکەس چاوی پێم دەکەوت ، پەلاماری دەدامێ و دەیگوت (یا شێخ موحیەدین) ، فەرمووی : ئەوەیە هۆی ئەو ناوەم" .[135]

- ❖ ڕۆژێکیان جۆرە باڵندەیەک کە لە کوردیدا پێی دەڵێن (کۆلارە) دێتە ناو مەجلیسەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و دەنگی زۆر دەردەکات بەمەش ئامادەبووانی مەجلیسەکە ناڕەحەت دەکات و ناتوانن بەباشی هۆشیاری فەرمایشتەکانی حەزرەتی گەیلانی ببن ، حەزرەتی غەوس سەیری باڵندەکە دەکات و دەفەرموێت : "ئەی هەوا ملی ئەم باڵندەیە ببە" ، لەو ساتەدا سەری باڵندەکە لە لەشی جیادەبێتەوە و دەکەوێتە سەر زەوی ، حەزرەتی غەوس لە کورسیەکەی دادەبەزێت و سەری باڵندەکە و جەستەی بە هەردوو دەستی دەگرێت و دەینێت بەیەکەوە و دەفەرموێت : بسم الله الرحمن الرحیم ، باڵندەکە زیندوو دەبێتەوە و دەفڕێت .[136]
- ❖ کاتێک شێخ عەبدولقادری گەیلانی ناوبانگی دەرکرد ، سەد زانا لە زاناکانی بەغداد و هەرە بلیمەتەکانیان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی لە زانستی جیاواز و جۆراوجۆر پرسیار لە شێخی گەیلانی بکەن ، هاتنە لای شێخی گەیلانی ،

---

[135] مەلا محمدی شەڵماشی : مەجلیسی ئەولیا ، انتشارات کردستان – سنه ، ٢٠١١ ، چ ٥ ، بەرگی ١ ، ل ٢١١

[136] یوسف بن اسماعیل النبهاني : جامع کرامات الأولیاء ، تح : ابراهیم عطوة عوض ، مرکز اهل سنت برکات رضا – هند ، ٢٠٠١ ، چ ١ ، بەرگی ٢ ، ل ٢٠٣

نورێک دای بەناو سـنگیان ، کە دەیدا لە هەر کەسـێکیان حاڵی لێدەهات و هاواری دەکرد و مێزەرەکەی دەکەوت و پۆشـاکەکەی دادەدڕی ، شـێخ بەپەلە دانە بە دانەیانی لە باوەش دەگرت و دەیوت تۆ پرسیارەکەت فڵان پرسیار بووە و ئەمەش وەڵامەکەیەتی ، کاتێک مەجلیسـەکە تەواوبوو پرسـیاریان لێکرا کە ئەمە چ حاڵێکە ؟ وتیان هەر کە لەلای شێخ دانیشتین هەرچیمان دەزانی لە زانسـت لەبیرمان چووەوە و کاتێک لە باوەشـی گرتین زانسـتەکەمان بۆ گەڕایەوە و پرسیارەکانمان بەیاد هاتەوە کە دامانابوو لێی بپرسین و بە جۆرە وەڵامێک وەڵامی پرسیارەکانمانی دەدایەوە کە نەماندەزانی .[137]

❖ ئافرەتێک منداڵەکەی هێنایە لای حەزرەتی گەیلانی و وتی : کورەکەم زۆر پەیوەستە پێتەوە بۆیە دەمەوێت لە ژێر خزمەت و فەرمانی تۆدابێت ، حەزرەتی شـێخیش فەرمانی موجاهەدەی نەفس و گرتنە بەری ڕێباز و ڕەفتاری پێکرد ، ڕۆژێکیان دایکی هات سەر لە منداڵەکەی بدات ، بینی منداڵەکەی جەستەی لاواز بووەتەوە و ڕەنگی زەرد بووە لە پاشماوەی برسێتی و خواردنی نانی جۆ ، بەجێی هێشت و چوو بۆلای شێخ بینی مریشک دەخوات ، وتی : قوربان تۆ مریشـک دەخۆیت و منداڵەکەم نانی جۆ ؟! شـێخ عەبدولقادری گەیلانی دەستی خستە سەر ئێسک و پروسکی مریشکەکە و فەرمووی : بە ئیزن و

[137] علي بن يوسـف الشـطنوفي : بهجة الاسـرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشـهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ ، چ ٢ ، ل ٣٣٥

فەرمانی خودا هەســتەوە ، مریشــکەکە هەســتایەوە ، شـێخی گەیلانی بە ئافرەتەکەی فەرموو : کەی کورەکەت توانی ئاوها بکات یا حەزی لەهەرچی بوو بیخوات .[138]

❖ کاتێک شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی بەڕێکەوت بەرەو بەغداد ، دایکی چل دیناری پێ دا و خســـتیە ناو تورەکەیەکی بچوک و لەناو پشـــتوێنی کەمەری شـــاردیەوە بۆ ئەوەی دز و چەتەکانی ڕێگا لێی نەبەن ، دایکی وەســـیەتی دەکات و دەفەرموێت : "کورم نەکەیت هەرگیز درۆ بکەیت ، ئیماندار درۆ ناکات ، کورم هەردەم ڕاســـتگۆ ببە ، وەک چۆن پەروەردەم کردویت لەســـەری " ، شـــێخی گەیلانی و قافڵەکە بەڕێکەوتن بەرەو بەغداد لە هەمەدانەوە ، دوای ئەوەی ماوەیەک ڕۆیشـــتن لە ڕێگادا دز و چەتەکانی ڕێگا لێیان پەیدابوون لەســـەر ئەسـپەکانیانەوە بەخێرایی بەرەو ڕووی قافڵەکە هاتن ، تاک بە تاکی قافڵەکەیان دەپشـــکنی و پارەکانیان دەبرد ، کە گەیشـــتنە لای شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی ، بینیان ئەمە کوڕێکە کە هێشـتا ڕیشـی لێ نەهاتووە ، جلێکی سادەی لەبەرە کە نیشانە نییە بۆ دەوڵەمەندی و پلەو و پایە ، و لە بـازرگـانیش نـاچێـت ، چەتەکە بەدەم ڕێگـاوە بۆ کەســـی دواتر بە شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی دەڵیت : "ئایا هیچ شتێکت هەڵگرتووە لەگەڵ خۆت ؟ "

---

[138] الشيخ محمد الكسنزان الحسيني : الطريقة العلية القادرية الكسنزانية ، ل ٢٠٨

، چەتەکە چاوەڕوان بوو بە نەخێر وەڵام ببیســتێت ، بەڵام شــێخ عەبدولقادری گەیلانی فەرمووی : "بەڵی چــل دینــارم پێیە" ، چەتەکە بــاوەڕی پێنەکرد و پرســـــیارەکەی دووبارەکردەوە و شـــێخ عەبدولقادر هەمان وەڵامی دایەوە ، چەتەکە وای زانی پێی ڕادەبوێرێت و بەڕاستی نیە ، چەتەکە سەری سوڕما و وتی وەرە لەگەڵم بچین بۆلای گەورەی چەتەکان ، گەورەی چەتەکان هەمان پرسیاری لێکرد و ئەویش هەمان وەڵامی دایەوە ، وتیان : "کوا لەکوێیە پارەکە ؟!!" ، لە ژێر پشتوێنەکەی دەری هێنا ، سەریان سوڕما و کە ژماردیان بینیان چل دینارە ، گەورەی چەتەکان وتی : "چی پاڵی پێوەنایت کە شــوێنی پارەکە کەشـــف بکەیت لەکاتێکدا لە شـــوێنێکی باش شـــاردبوتەوە و ئێمە وامانزانی هیچت پێ نییە ؟!!" ، ئەویش فەرمووی : "چونکە دایکم وەســـــیەتی کردووم کە ســەفەرم کرد ڕاســتگۆ ببم هەمیشــە و هەرگیز درۆ نەکەم چونکە ئیماندار درۆ ناکات ، ئەو پیاوەش پرســـــیاری ئەوەی لێکردم کە ئایا هیچم پێیە ؟ بۆیە منیش وەڵامی ڕاســـتم پێ وت و درۆم لەگەڵ نەکرد " ، ســـەرۆکی چەتەکان زۆر بەمە کاریگەر بوو و چاوی پڕ بوو لە فرمێســـک ، لەکاتێکدا ئەو ســـەرۆکی چەتانە هەرگیز نەدەگریا ، ڕووی کردە شێخی گەیلانی و وتی : "تۆ وەسیەتی دایکت دەپارێزیت ئەگەر هەموو ئەوەی هەتە لەدەســـتیشـــی بدەیت کەچی ئێمە چەند ساڵە خیانەت لە پەیمانەکەمان لەگەڵ خودا دەکەین و ڕێگا دەبڕین

و پارە دەدزین و خەڵک دەترسێنین ، بە خۆشمان دەڵێین موسوڵمان !! ، شاهید بە کورم کە من لە ئێستاوە تەوبەم لەو کارانە کرد" ، و بانگی هاورێکانی کرد و هەموویان کاریگەر بوون و تەوبەیان کرد لەوەی جارێکی تر لەم جۆرە کارانە بکەنەوە ، هەموو پارەکەیان بۆ خەڵکی قافڵەکە گەڕاندەوە و بە چاودێری و پارێزگاری ئەوان قافڵەکە بەڕێکەوت هەتا گەیشتە بەغداد.[139]

- گێردراوەتەوە کە شێخ عەبدولقادری گەیلانی قسەی لەگەڵ مردووانی گۆڕستان کردووە و ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە.[140]
- دەگێرنەوە کە شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە منداڵێکی ئیفلیجی کوێر و نەخۆش و لەجێگا کەوتوو دەڵێت : "هەستە بە ئیزنی خودا" ، ئەویش هەڵدەستێتەوە و هیچ عەیبی نابێت.[141]
- خەلیفەی عەباسی موستەنجید هات بۆ لای شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە خوێندنگاکەی و دە تورەکە پارەی خستە بەردەمی ، شێخ عەبدولقادری گەیلانی فەرمووی : "پێویستم پێی نییە " ، ڕازی نەبوو وەری بگرێت ، خەلیفەکە زۆری لێکرد کە وەری بگرێت ، شێخی گەیلانیش تورەکەیەکی لە

---

139 حشاني محمد رضا : الوجود عند عبدالقادر الجيلاني ، اشراف : د. عبدالله العشي ، أطروحة دكتوراه – جامعة باتنة – الجزائر ، ٢٠١٧ ، ل ٢٤ ـ ٢٥

140 تاج الدين السبكي : طبقات الشافعية الكبرى ، تح : د. محمود محمد الطناحي ، دار هجر للطباعة و النشر و التوزيع – مصر ، ١٤١٣ ك ، چ ٢ ، بەرگی ٢ ، ل ٣٣٩

141 تاج الدين السبكي : طبقات الشافعية الكبرى ، تح : د. محمود محمد الطناحي ، دار هجر للطباعة و النشر و التوزيع – مصر ، ١٤١٣ ك ، چ ٢ ، بەرگی ٢ ، ل ٣٤٠

دەستی چەپ و دانەیەکی لە دەستی ڕاستی گرت و هەردووکیانی گوشی و بەمەش خوێنی لێ هاتە خوارەوە ، بە موســـتەنجیدی وت : "ئەی ئەبو موزەفەر لە خودا ناترســیت ! خوێنی موســوڵمانان دەبەیت و دەیهێنیت بۆ من !! موستەنجید لەوێدا لەهۆش خۆی دەکەوێت .[142]

- جارێکیان ئاوی دیجلە بە ڕادەیەک زیاد بوو کە بەغداد نزیکبوو ژێرئاو بکەوێت ، شـــێخی گەیلانی گوچانەکەی هەڵگرت و هاتە لای ڕووباری دیجلە ، لەلای ئاوەکە هێڵێکی کێشا و فەرمووی : " هەتا ئێرە " ، ئاوەکەش هەتا ئەو ئاستە دابەزی .[143]

- خەڵکێکی زۆر دەگێڕنەوە [144]: جارێکیان شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی لەناو مەجلیسەکەیدا لەسەر کورسیەکەی فەرمایشتی دەفەرموو بۆ خەڵک و حاڵ و ئەحواڵی بەسەرهات و فەرمووی (ئەم پێیەم لەسەر ملی هەموو وەلیەکی خودایە) ، کە وای فەرموو هەموو ئەولیاکانی ســـەر زەوی لەو کاتەدا ملیان دانەواند تەنها یەکێک نەبێت لە ئەسبەهان کە وای نەکرد و بەمەش حاڵەکەی لێ وەرگیرایەوە ، و ئەولیاکان لەمڕووداوە فەرموویانە :

---

[142] علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الأسرار و معدن الأنوار ، دار الكتب العربية – مصر ، ١٣٣٠ ك ، ل ٦١
[143] علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الأسرار و معدن الأنوار ، دار الكتب العربية – مصر ، ١٣٣٠ ك ، ل ٦٢
[144] عفيف الدين عبدالله اليافعي : خلاصة المفاخر في مناقب الشيخ عبدالقادر ، تح : أحمد فريد المزيدي ، دار الآثار الإسلامية – سريلانكا ، ٢٠٠٦ ، چ ١ ، ل ٣٥ – ٣٦

- ✓ شــێخ ئەبو نەجیبی ســوهرەوەردی ســەری دانەواند بۆ نزیک زەوی و دەیفەرموو : لەسەر سەرم ، لەسەر سەرم ، لەسەر سەرم ، سێ جار وتیەوە .
- ✓ شــێخ ئەحمەدی ڕیفاعی لێی دەگێرنەوە کە دانیشــتبوو لە تەکیەکەی لە (ام عبیدە) ، ملی دانەواند و فەرمووی :" لەسەر ملم" ، پرسیاریان لێکرد دەربارەی ئەو فەرمایشتە ، فەرمووی : ئێستا شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغداد فەرمووی : پێم لەســـەر ملی هەموو وەلیەکی خودایە .
- ✓ شـــێخ ئەبو مەدینی مەغریبی لێی دەگێرنەوە ڕۆژێک لەناو هاوەڵانی ملی دانەواند و فەرمووی : " منیش لەوانم ، خودایە تۆ و فریشــتەکانت دەکەم بە شاهید کە بیستم و گوێڕایەڵم " ، هاوەڵەکانی دەربارەی ئەو فەرمایشتەی پرسیاریان لێکرد ، فەرمووی : ئێستا شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغداد فەرمووی : پێم لەســـەر ملی هەموو وەلیەکی خودایە ، دواتر قافڵەیەک لە عێراق هاتن بۆ مەغریب و وتیان کە لەو کاتەدا شێخی گەیلانی وای فەرمووە.
- ✓ شـــێخ عەبدولڕەحیمی قەناوی دەگێرنەوە ڕۆژێکیان ملی دانەواند و فەرمووی : "ڕاســـتی فەرموو ڕاســـتبێژی بڕواپێکراو" پێیـان وت کە

مەبەستی کێیە ؟ فەرمووی : شێخ عەبدولقادری گەیلانی فەرموویەتی : پێم لەسەر ملی هەموو وەلیەکی خودایە .

لە دروســــتێتی ئەم فەرمایشـــتەش کۆمەڵێک زانا فەرمایشـــتیان هەبووە لەوانیش [145]:

- ✓ شــــێخ عودەی کوری موســــافیری ئومەوی دەفەرموێت : هەموو ئەولیاکان ملیان دانەواند لەبەر فەرمانەکە ، ئایا نابینیت فریشــتەکان سوجدەیان بۆ حەزرەتی ئادەم نەبرد هەتا فەرمانیان پێنەکرا.
- ✓ شــــێخ ئەبو ســــەعید قلیوی دەفەرموێت : بە فەرمان فەرموویەتی بەبێ گومان و ئەوەش زمانی قوتبیەت بووە.
- ✓ شــــێخ عەلی هیتی دەفەرموێت : کاتێک شــــێخ عەبدولقادر ئەو فەرمایشـــتەی فەرموو چوومە بەرپێی و پێیم خســـتە ســـەر ملم ، هاوەڵەکان وتیان بۆ وات کرد ؟ وتم : چونکە ئەمە فەرمانە و دەبێ گوێرایەڵی بین.
- ✓ پرســــیار لە شـــێخ ئەحمەدی ڕیفاعی کرا کە ئایا ئەوەی شـــێخی گەیلانی فەرموویەتی بە فەرمـان بووە یـاخود بەبێ فەرمـان ؟ فەرمووی : بەڵێ بە فەرمان بووە.

[145] عفيف الدين عبدالله اليافعي : خلاصة المفاخر في مناقب الشيخ عبدالقادر ، تح : أحمد فريد المزيدي ، دار الآثار الإسلامية – سريلانكا ، ٢٠٠٦ ، چ ١ ، ل ٣٦ - ٣٧

پێش ئەوەی شـێخی گەیلانی ئەم فەرمایشـتە بڵێت چەند کەسـێک لە گەورە پیاوچاکان چەندین سـاڵ پێش ئەوە فەرموویانە کە کەسـێک ئەم فەرمایشتە دەڵێت ، لەوانیش [146]:

- شێخ عەبدوڵلا الجونی فەرمووی : شاهید بووم کە لە زەوی خاکی عەجەم دا کەسـێک لەدایک دەبێت کە سـەرچاوەی کەراماتە ، و هەموو ئەولیاکان قبوڵی دەکەن و دەفەرموێت : پێم لەسـەر ملی هەموو ئەولیـاکـانی خودایە ، هەموو ئەولیـاکـان دەچنە ژێر پێی ، هەرکەس ببینێت سودمەند دەبێت لێی.
- شـێخ تاجولعارفین ئەبولوەفا کاتێک شـێخ عەبدولقادری گەیلانی بە گەنجی هاتە خزمەتی ، شـێخ ئەبولوەفا بە ئامادەبووانی فەرموو : "هەستن بۆ وەلی خودا" . هاوەڵەکانی سەبارەت بەمە پرسیاریان لێکرد ، فەرمووی: وەک ئەوەی ببینم کە لە بەغدادە و دەفەرموێت : پێم لەسەر ملی هەموو ئەولیاکانی خودایە ، بەمەش هەموو ملی ئەولیاکانی سـەردەمی خۆی بۆی دادەنوێت ، قوتبیان دەبێت ، هەرکەستان ئەوکاتە لە ژیاندابوو با لەخزمەتیدا بێت.

---

[146] عفيف الدين عبدالله اليافعي : خلاصة المفاخر في مناقب الشيخ عبدالقادر ، تح : أحمد فريد المزيدي ، دار الآثار الإسلامية – سريلانكا ، ٢٠٠٦ ، چ ١ ، ل ٣٧ ـ ٣٨

- شێخ عەقیلی مەنبەجی پرسیاری لێکرا دەربارەی قوتبی زەمان کە کێیە ؟ ئـامـاژەی بۆ عێراق کرد و فەرمووی : لێرەدا دەردەکەوێـت کەســێکە قســـە بۆ خەڵک دەکات لە بەغداد ، کەراماتەکانی لە ناو خەڵک بەربڵاو دەبیت و قوتبی زەمانی خۆیەتی و دەفەرموێت : پێم لەســـەر ملی هەموو ئەولیاکانە ، ئەولیاکانیش ملی بۆ دادەنێن ، ئەگەر لەو سـەردەمە بوومایە سـەرم بۆی دادەنا .
- شـــێخ عەلی کوڕی وەهەبی بوخاری فەرموویەتی : خودای گەورە دونیای ڕوناک کرد بە دەرکەوتنی کەســێک بەناوی عەبدولقادر ، کە لە عێراق دەرکەوتووە ، و لە بەغداد دەڵێت : پێم لەسـەر ملی هەموو ئەولیایەکە.

## بەشی پێنجەم : بڵاوبوونەوەی تەریقەتی قادری :

یوسف زەیدان کە یەکێکە لە بیرمەندەکان دەڵێت" [147] : سەبارەت بە تەریقەتی قادری ، یەکێک بووە لە گرنگترین و بەربڵاوترین تەریقەتەکان ، بەتایبەت چەند هۆکارێک بوونە هۆی ئەوەی کە لەکۆتاییدا ئەم تەریقەت هەستێتە سەرپێ و بە بەهێزی بەردەوام ببێت دوای وەفاتی دامەزرێنەرەکەی ، گرنگترینیشیان چوار هۆکارە :

1. حەزرەتی گەیلانی گرنگی بە دامەزراندنی بنەماکانی تەریقەتەکەی دا لەسەر ڕێگای قورئان و سونەت ، بەمەش لە ڕێگایەکی ڕاست و دوور لە ناکۆکی مایەوە ، بۆیە تەریقەتەکەی ڕوون بوو بۆ جیهان ، و دوای وەفاتی ، تەریقەتەکەی بۆ چەندین سەدە هەر مایەوە .
2. حەزرەتی گەیلانی نەوەیەکی زۆری بەدوای خۆی بەجێ هێشتووە ، منداڵ و نەوەکانی هەستان بە زیندووکردنەوەی ڕێگە و تەریقەتەکەی کە دوای وەفاتی خۆی شێخ عەبدولڕەزاقی گەیلانی کوڕی بووە جێگەداری باوکی لە شێخایەتی دا ( کە ساڵی ٦٠٣ ک – ١٢٠٧ز وەفاتی کردووە) .
3. زۆرێک لە سۆفیەکانی ناوچە ئیسلامیەکانی جیهان تەریقەتی قادری و خەرقەدی سۆفێتیان لە حەزرەتی گەیلانی وەرگرت جا لە مەککە بێت یاخود

[147] یوسف محمد طه زیدان : الطریق الصوفي و فروع القادریة بمصر ، دار الجیل – بیروت ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ١٧٥ – ١٧٦ – ١٧٧ - ١٧٨

بەغداد ، بۆیە ئەو کەسانەش لە هەوڵی بڵاوکردنەوە و فراوانکردنی تەریقەتەکە بوون بە هەموو جیهاندا لە کاتی ژیان و دوای وەفاتی حەزرەتی گەیلانی .

4. کارەساتی سەدەی حەوتەمی کۆچی کە کەوتنی بەغداد بوو لەسەر دەستی مەغۆلەکان ســـاڵی (٦٥٦ ک – ١٢٥٨ ز) بووە هۆی ئەوەی کە قوتابخانەی گەیلانی و بنەماڵەکەی لە بەغداد کاڵبوونەوەیەک بەخۆیانەوە ببینن ، بەڵام ئەو لقانەی لە تەریقەتەکەوە دروســـتبوون توانیان ببنە بنچینەی درێژەپێدان بە تەریقەتەکە ، کە توانــا و زانســـتەکەیــان لە خودی حەزرەتی گەیلانی و بەرهەمەکانی کە دوونیای پڕکردبوو وەردەگرت .

ڕۆژهەڵاتناس مرگلیۆت دەڵێت : " هەندێک لە ســـۆفیەکان بانگەوازیان بۆ تەریقەتی قادری دەکرد لەوکاتەی حەزرەتی گەیلانی لە ژیاندا مابوو ، لەوانەش شـــێخ عەلی کوڕی حەداد کە توانی پەیڕەوانی تەریقەتەکە زیاد بکات لە یەمەن ، هەروەها شـــێخ موحەمەد بەتـائحی لە بەعلەبەک و ســـوریـا ، هەروەهـا شـــێخ موحەمەد کوڕی عەبدولسەمەد کە بانگەوازی بۆ تەریقەتەکە دەکرد لە میسڕ " [148].

تەریقەتی قادری لە فراوانترین تەریقەتەکانی ســـۆفیگەرەکانە کە بڵاوبووەتەوە بەناو جیهانی ئیسـلامیدا ، قوتابخانەیەکی گەورەی سـۆفیگەری دامەزرا لەسـەر دەستی شێخ شەرەفەدینی جبرتی لە یەمەن ( کە ساڵی ٨٠٦ ک – ١٤٠٤ ز وەفاتی کردووە)

---

**[148] Kadiriayah, the Ency. of Islam (Margaliouth) p. 381.**

که قادری بووه و مەیلی بەرەو لای بەرهەمەکانی شـــێخی ئەکبەر حەزرەتی ئیبن عەرەبی هەبووە ، لەم قوتابخانەیەدا کەسانێکی وەک ( ئەحمەد رداد دادوەری یەمەن ، فەیروزئابادی خاوەنی (القاموس) ، شێخ عەبدولکەریمی جیلی ) هەڵکەوتن [149]، له فەلەســـتین شـــێخ ئەبولوەفای عەلەمی قادری و منداڵەکانی ســـەرپەرشـــتی قوتابخانەی قادریان دەکرد لە قودس ، لە شـــــاری مەککە تەریقەتی قادری زاڵ و بەربڵاو بوو هەتا کۆتاییەکانی سەدەی دوانزدەهەمی کۆچی ، ڕۆژهەڵاتناس مرگلیۆت دەڵێت : "تەریقەتی قادری هات بۆ ناو ئاسیای بچووک و ئیستەنبوڵ لەسەر دەستی شـــێخ ئیســـماعیلی ڕۆمی کە لەوێدا خانەقایەکی دامەزراند کە ناســـرابوو بە ناوی ( قادری خانە) ، ئەم شـــێخە ناونرا بە ( بیر تیزنی ) واتا شـــێخی دووهەمی قادری ، نزیکەی چل تەکیەی قادری لەو ناوچانە دامەزراند

تەریقەتی قادری لە ئەفریقیا بڵاو بووەوە ، یەکەم تەریقەت بوو کە بچێتە ناو ســـۆماڵ کە شـــێخ حەســـەن جبرو ســـاڵی (١٢٣٤ ک - ١٨١٩ ز ) ناوەندێکی بۆ دامەزراند لە ناوچەی (بردیرە) و شێخەکەشی عەبدولڕەحمانی کوری عەبدوڵڵای شاشی بوو کە دامەزرێنەری خانەی قادری بوو لە (مەقەدیشۆ) هەروەها تەریقەتی قادری بڵاوبووەوە

[149] يوسف محمد طه زيدان : الطريق الصوفي و فروع القادرية بمصر ، دار الجيل – بيروت ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ١٧٩

له جوبا العلیاء ، مزگەوتێکی قادری لە ( توججلە) دروستکرا لەسەر دەستی شێخ ئوەیس کوری موحەمەدی براوی قادری.[150]

پاشان تەریقەتی قادری چووە سودان و دوابەدوای ئەو بۆ باکوری نەیجیریا لە شاری (کانو) کە زۆربەی موسوڵمانەکانی ئەوێ بوون بە قادری ، لە بەغداد دا ، کاتێک مەغۆلیەکان ساڵی (٦٥٦ ک – ١٢٥٨ ز) هێریشیان کرد ، تەکیە و قوتابخانەکانی قادری لەناوچوون و ڕووخێندران ، بەڵام دواتر دووبارە بونیاد نرایەوە ، نابلسی مێژوونوس دەڵێت[151]: " لە شام تەریقەتی قادری زۆر لە پێشینەوە جێگیر بووە ، بەتایبەت دوای ئەوەی یەکێک لە نەوەکانی حەزرەتی گەیلانی تێیدا دەمێنێتەوە ، ئەویش سەید شەرەفەدین یەحیا کوری ئەحمەد کوری موحەمەد کوری عەبدولڕەزاق کوری حەزرەتی گەیلانیە ، کە لە حومات نیشتەجێبووە ساڵی ٧٣٤ ک" ، تەکیەکانی قادری لە شام مایەوە هەتا سەدەی یانزدەهەمی کۆچی.[152]

تەریقەتی قادری لە ئەندەلوس بڵاوبووەوە پێش کەوتنی غەرناتە ساڵی (٨٩٧ ک – ١٤٩٢ ز)[153]، تەریقەتەکە لەو پەڕی ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامیەوە بڵاو بووەوە ، و گەیشتە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات ، هەروەها لقەکانی قادری لە هیندستان جێگیربوو لە

150 يوسف محمد طه زيدان : الطريق الصوفي و فروع القادرية بمصر ، دار الجيل – بيروت ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ١٨١

151 عبدالغني بن اسماعيل النابلسي : الحقيقة و المجاز في الرحلة إلى بلاد الشام و مصر و الحجاز ، مركز تحقيق التراث – القاهرة ، ١٩٨٦ ، ل ٤٩

152 يوسف محمد طه زيدان : الطريق الصوفي و فروع القادرية بمصر ، دار الجيل – بيروت ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ١٧٩

153 عبدالقادر القادري : الزاوية القادرية و دورها الديني و الإجتماعي ، وزارة الاوقاف و الشؤون الإسلامية – المغرب ، ١٩٧٩ ، ل ٤٨

دێر زەمانەوە ، و ئەو لقانە هەتا ئێستاش ماون ، گرنگترین لقەکانی تەریقەتی قادری لە هیندستان دوو لقن ئەوانیش : قادریەی بناوە و قادریەی گورزمار .[154]

تەریقەتی قادری زۆر لقی هەیە لە جیهانی ئیسلامیدا لەوانەش :

- تەریقەتی قادری فارزی : ئەم لقە دامەزرا لەلایەن شـــێخ موحەمەد فارزی کە لە نەوەکانی شـــێخ عەبدولقادری گەیلانیە ، هەندێک لە مێژوونووســـان پێیان وایە کە تەریقەتی فارزی دەگەڕێتەوە ســـەر دەســـتی شـــاعیرێکی ســـۆفی ، ئەمەش لەبەر لەیەکچوونی ناوەکانە لە نێوان شێخ ئیبن فارزی شاعیر و شێخ موحەمەد فارزی ، تەریقەتی قادری فارزی کۆنترین لقی قادریە لە میســـڕ کە ڕەگ و ڕیشـــەی دەگەڕێتەوە بۆ ســـەدەی حەوتەمی کۆچی[155]، و شـــوێنی ئەم تەریقەتە لە مزگەوتی ساداتی قادریە کە تێیدا سۆفیەکان ئەڵقەی زیکری هەفتانە ئەنجام دەدەن .
- تەریقەتی قادری قاســـمی : ناوەکەی وەرگرتووە لە شـــێخ قاســـمی کوڕی موحەمەد ئەلکەبیر کە یەکێکە لە شێخە گەورەکانی سۆفیەکانی سەردەمی خۆی لە میسڕ ، زنجیرەی ئەم تەریقەتە دەبەسترێتەوە بە شێخ عەبدولقادری

[154] L . Massignon. Ency. of Islam vol. 4 page 670

[155] يوسف محمد طه زيدان : الطريق الصوفي و فروع القادرية بمصر ، دار الجيل – بيروت ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ١٨٥

گەیلانی لە ڕێگەی باوکیەوە کە شـــێخ عیســـا ی کوری عەبدولقادرە کە لە میسپردا ناسراوە بە شێخ عیسا (ئەبو ڕومانە) [156].

- تەریقەتی قادری شـــەرعی : ئەم لقەی تەریقەتی قادری دامەزرا لەســـەر دەستی شێخ عەبدولمونعیم ئەلنەبی عەلی قادری مالیکی کە سۆفیگەرێتی وەرگرتبوو لەســـەر دەســـتی شـــێخ موحەمەد حەبیبوڵڵای شـــەنقیتی کە خوێندکاری شـــێخ مائولعەینی مەغربی بووە کە ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتی گەیلانی [157] ، لە کتێبی (الركائز الإيمانية) دا شـــێخ عەبدولمونعیم دەفەرموێت : "هۆکاری ناونانی تەریقەتەکەمان بە قادری شـــەرعی بۆ ئەو ئەورادە شەرعیانە دەگەڕێتەوە کە دەچنەوە سەر قورئان و سونەت و حەزرەتی گەیلانی پوختی کردۆتەوە ، پاشـــان دەڵێت : ئەم تەریقەتە ناوەکەی لە ویردی شەرعی وەرگرتووە کە حەزرەتی شێخ دایناوە لە کتێبی الدرر النورانية [158] " ، شـــێخ عەبدولمونعیم کاتێک ســـاڵی (١٤٠٦ ک – ١٩٨٦ ز) وەفاتی کرد تەریقەتەکەی دامرکـایەوە چونکە هیچ موریـد و منـداڵێکی لەدوای خۆی جێنەهێشـــتبوو کە ببێتە درێژەپێدەری تەریقەتەکەی ، بۆیە کۆتایی پێهات بە کۆچی دوایی ئەو .

---

[156] يوسف محمد طه زيدان : الطريق الصوفي و فروع القادرية بمصر ، دار الجيل – بيروت ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ١٨٥

[157] يوسف محمد طه زيدان : الطريق الصوفي و فروع القادرية بمصر ، دار الجيل – بيروت ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ٢٠٩

[158] يوسف محمد طه زيدان : الطريق الصوفي و فروع القادرية بمصر ، دار الجيل – بيروت ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ٢١١

- تەریقەتی قادری نیازی : ئەم لقەی تەریقەتی قادری ، نمونەیەکی گەشایەوە بۆ تەسەوفی سەردەمیانە ، کە ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتی شێخ عەبدولقادر لەڕێگەی کورەکەیەوە کە حەزرەتی شێخ عەبدولڕەزاقە [159] ، تەریقەتی نیازی هات بۆ میسر لە تورکیاوە نزیکەی پێنج سەدە پێش ئێستا و لە ناوچەی ئەسکەندەریە نیشتەجێبوون ، ئەم تەریقەتە دەگەڕێتەوە بۆ شێخ عەبدولڕەحمانی نیازی کە ناوی ئەم لقەی قادری هەڵگرتووە [160].

لەو لقانەشی کە لە تەریقەتی قادری بوونەتەوە ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی (تریمینگهام) بە لیستێک ناویان دەبات بەم شێوەیە [161] :

- ئەحدەلیە : دامەزراوە لەسەر دەستی ئەبولحەسەن عەلی کوڕی عومەری ئەحدەل لە یەمەن.
- ئەسەدیە : دامەزراوە لەسەر دەستی عەفیفەدین عەبدوڵڵا کوڕی عەلی ئەسەدی لە تورکیا.
- بیقاعیە : دامەزراوە لەسەر دەستی ئەحمەدی بیقاعی قەنەتی ، لە بیابانی ڕۆژئاوا و سودان.
- داودیە : دامەزراوە لەسەر دەستی ئەبوبەکری کوڕی داود لە دیمەشق.

---

159 يوسف محمد طه زيدان : الطريق الصوفي و فروع القادرية بمصر ، دار الجيل – بيروت ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ٢١٧
160 يوسف محمد طه زيدان : الطريق الصوفي و فروع القادرية بمصر ، دار الجيل – بيروت ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ٢١٨
161 **Trimingham The Sufi Orders in Isiam Appendix D p . 271,272,273**

- فەریدیە : دامەزراوە لەسەر دەستی عومەری کوڕی فەرید لە میسڕ.
- غەوسیە : دامەزراوە لەسەر دەستی موحەمەد غەوس کوڕی شا میر کوڕی عەلی کە ڕەچەڵەکی دەگەڕایەوە ســەر شــێخ عەبدولوەهابی کوڕی شــێخ عەبدولقادری گەیلانی.
- هیندیە : دامەزراوە لەســەر دەســتی شــێخ موحەمەد غەریبوڵڵای هیندی لە تورکیا.
- جوندیە : دامەزراوە لەسەر دەستی بەهائەدینی هیندی لە هیندستان.
- کەمالیە : دامەزراوە لەسەر دەستی کەمالەدینی کەتهالی لە هیندستان.
- مەنزلیە : دامەزراوە لەسەر دەستی عەلی کوڕی عەماری مەنزلی شعیی لە جەزائیر و تونس.
- قەومیســـیە : دامەزراوە لەســـەر دەســـتی ئەبولحەیات کوڕی مەحمود ، کە ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە سەر شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە هیند .
- ڕومیە : دامەزراوە لەسەر دەستی شێخ ئیسماعیلی ڕۆمی لە تورکیا.
- سەمەدیە : دامەزراوە لەسەر دەستی موحەمەدی سەمەدی لە سوریا.
- عەرابیە : دامەزراوە لەســەر دەســتی عومەری کوڕی موحەمەدی عەرەبی لە یەمەن.

- یافعیە : دامەزراوە لەسەر دەستی عەفیفەدین عەبدوڵڵای کوڕی ئەسعەدی یافعی لە یەمەن.
- زەلیعیە : دامەزراوە لەســەر دەســتی ســەفییەدین ئەحمەدی کوڕی عومەری زالعی لە یەمەن.
- زەنجەریە : دامەزراوە لەسەر دەستی عەلی بابا لە ئەلبانیا.

لە ســــەرچاوەیەکی تردا دەڵێت کەوا تەریقەتی قادری چەند لقێکی لێ پەیدابووە لەوانەش [162] :

- تەریقەتی قادریەی گەیلانیە لە مەغریب .
- تەریقەتی قادریەی بودشیشیە.
- تەریقەتی قادریەی عەرکیە.
- تەریقەتی نەقشبەندی قادری.
- تەریقەتی بریفکانی قادری.
- تەریقەتی عەلیی قادری کەسنەزانی.
- تەریقەتی قادری (دائیرەی شێخ حەسەن قەرەچێواری).
- تەریقەتی زەعبیەی قادریەی عەلییە.
- تەریقەتی قادریەی نوریە.

---

[162] د. جمال الدين فالح الكيلاني : هكذا تكلم الشيخ عبدالقادر الكيلاني ، دار الكتب العلمية – بنغلاديش ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ٢٦

- تەریقەتی قادریەی بەرەکاتیە لە هیند.
- تەریقەتی کەنزیەی قادریە.
- تەریقەتی قادریەی جەعلیە لە سودان.
- تەریقەتی قادریەی ڕەزویەی عەتاریە.

## بەشی شەشەم : تەریقەتی قادری لە کوردستان دا :

تەریقەتی قادری سـەرەتای بڵاوبونەوەی لە کوردسـتاندا لە ڕێگای شـێخ ئیسـماعیل ولیانی دەبێت و یەکەم کەسە ئەوڕێبازە عیرفانیەی بە کوردان ناساندووە و تەریقەتی قادری لە شـــێخ ئەحمەدی ئیحســـائی وەرگرتووە لە بەغدا [163] [164] ، لقەکانی تەریقەتی قادری لە کوردستانی گەورەدا [165] [166] [167] :

- شـــەمزینانەکان کە بنەماڵەی ســـاداتی نەهرین لە باکووری کوردســـتان کە ئەڕۆنەوە ســـەر شـــێخ عەبدولعەزیزی کوری حەزرەتی شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی ، دوای پەیوەســـتبوون بە تەریقەتی قـادری پەیوەســـتبوون بە نەقشبەندیەوە ، ناودارترین شێخی شەمزینان شێخ عوبەیدوڵلا یە.
- تەریقەتی تاڵەبانی کە لە کەرکوکن لە باشـــووری کوردســـتان و ڕشـــتەی ئیرشادی بنەماڵەی تاڵەبانی بریتیە لە شێخ یوسف کوری شێخ عەلیی کوری حاجی شێخ جەمیلی کوری شێخ محەمەد عەلی کوری حاجی شێخ عەلی

[163] بابە شـــێخ مەردۆخ ڕۆحانی : مێژووی ناودارانی کورد ، و. ماجد مەردۆخ ڕۆحانی ، ئەکادیمیای کوردی – هەولێر ، ٢٠١١ ، چ ١ ، بەرگی ١ ، ل ٢١٦

[164] تێبینی : پێم وایە مێژووی قادری لە کوردستان بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شێخی گەیلانی کە لەگەڵ شێخ ئەبو وەفای نێرگزەچار بە کوردستاندا تێپەڕیون و لە چەند شوێنێکی کوردستان خەڵوەتی کردووە [ لێکۆڵەر ]

[165] محمد رئوف توکلی : تاریخ تصوف در کردستان ، انتشارات اشراقی – ایران ، ل ١٥٨ - ١٦٨

[166] هەندێک زانیاری زیاتر نوسراوە لیرەدا ، کە لە بەدواداچوونی لێکۆڵەری ئەم کتێبەیە [ لێکۆڵەر]

[167] تەریقەتەکانی قادری لە کوردســـتانی گەورەدا ژمارەیان زۆرە و لقی زۆریشـــیان لێ جیابووەتەوە ، ئێمە لێرە هەوڵمانداوە بەشـــێکیان باس بکەین [لێکۆڵەر]

ئەفەندی کوری شـێخ عەبدولڕەحمانی خاڵیس کوری شـێخ ئەحمەدی کوری شێخ مەحموود [168]و زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ یوسف تاڵەبانی
2. شێخ عەلی خالسی تاڵەبانی (شێخ عەلی ثانی)
3. شێخ موحەمەد جەمیل خالسی تاڵەبانی
4. شێخ موحەمەد عەلی خالسی تاڵەبانی
5. شێخ عەلی خالسی تاڵەبانی (شێخ عەلی موحەدیس)
6. شێخ عەبدولڕەحمانی خالسی تاڵەبانی
7. شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی
8. شێخ مەحمودی زەنگەنە
9. شێخ ئەحمەدی هیندی لاهوری
10. شێخ موحەمەد حوسەین ئەزمیرانی
11. شێخ عەبدولرەزاقی حەمەوی
12. شێخ موحەمەد مەعسوم مەدەنی
13. شێخ عەبدولڕەحمانی حەسەنی
14. شێخ بورهانەدینی زەنجەری

---

[168] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ٤٣٧

15. شێخ نورەدینی شامی

16. شێخ یەحیای بەسڕی

17. شێخ عوسمانی جیلی

18. شێخ عەبدولڕەزاق

19. شێخ عەبدولقادری گەیلانی

20. شێخ ئەبو سەعیدی مەخزومی

21. شێخ عەلی هەکاری

22. شێخ ئەبو فەرەجی تەرتوسی

23. شێخ عەبدولواحیدی یەمانی

24. شێخ ئەبوبەکری شیبلی

25. شێخ جونەیدی بەغدادی

26. شێخ سری سقطی

27. شێخ مەعروفی کەرخی ، لێرەشەوە شێخ مەعروفی کەرخی لە دوو ڕێگاوە تەریقەتەکەی وەرگرتووە :

1. ڕێگای ئەلوبەیت :

1. ئیمام عەلی ڕضا

2. ئیمام موسای کازم

3. ئیمام جەعفەری سادق

4. ئیمام موحەمەدی باقر

5. ئیمام عەلی زەین العابدین

6. ئیمام حوسەین

7. ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب

8. حەزرەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)

2. ڕێگای پیاوچاکانی تابعین :

1. شێخ داودی تائی

2. شێخ حەبیبی عەجەمی

3. شێخ حەسەنی بەسری

4. ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب

5. حەزرەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)

- تەریقەتی بریفکانی کە لە موسڵەوە دەستیان بە ئیرشاد کردووە لەسەر دەستی حەزرەتی شێخ نورەددینی بریفکانی و زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ عوبەیدوڵڵای قادری

2. شێخ موحەمەد قادری

3. شێخ ئەحمەدی ئەخزەر

4. شێخ موحەمەد باقری داری قادری حوسەینی

5. شێخ موحەمەد کالی

6. شێخ نور موحەمەد بریفکانی

7. شێخ موحەمەد نوری بریفکانی

8. شێخ نوردەدینی بریفکانی (گەیلانی ثانی)

9. شێخ مەحمودی کوری شێخ عەبدولجەلیلی موسڵی

10. شێخ ئەبی بەکری ئالوسی

11. شێخ عوسمانی قادری گەیلانی

12. شێخ ئەبوبەکری قادری گەیلانی

13. شێخ یەحیای قادری گەیلانی

14. شێخ حیسامەدینی قادری گەیلانی

15. شێخ نورەدینی قادری گەیلانی

16. شێخ وەلیەدینی گەیلانی

17. شێخ زەینەدینی نەقیبی گەیلانی

18. شێخ شەرەفەدین موحەمەد گەیلانی

19. شێخ شەرەفەدەین موسای گەیلانی

20. شێخ شەمسەدینی گەیلانی

21. شێخ نورەدینی گەیلانی

22. شێخ حەسەن بەدرەدینی گەیلانی

23. شێخ شەمسەدین موحەمەدی ئەکحەلی گەیلانی

24. شێخ حیسامەدینی شەرشیقی گەیلانی

25. شێخ جەمالەدین موحەمەدی هەتاک

26. شێخ ئەبوبەکر عەبدولعەزیزی گەیلانی

27. شێخ عەبدولقادری گەیلانی (حەزرەتی غەوس)

- لە ناوچەی بەتلیس و وان لە باکووری کوردستان لەسەر دەستی شێخ بەهائەدینی کوڕی شێخ موحەمەد کفراوی .
- لە ناوچەی هەکاری لە باکووری کوردستان بنەماڵەی شێخ فەهیم ئوراسی ، یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەم تەریقەتە شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ تاهایە کە پێش جەنگی جیهای یەکەم ژیاوە.
- بنەماڵەی زانبیل لە بۆکان و سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەم تەریقەتە شێخ موحەمەد نورانی بووە ، کە ڕابەرایەتی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی کردووە.

- بنەماڵەی سندۆڵان[169] کە یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەم تەریقەتە شێخ عەبدولعەزیز و شێخ حوسێنە .
- بنەماڵەی شێخ بابا کە لە ناوچەی غەوس ئابادن کە دەکەوێتە نێوان بۆکان و مهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەم تەریقەتە شێخ حەسەنە.
- بنەماڵەی حاجی شیخ موستەفای کوکەیی لە ناوچەی قزقەڵان کە لە نزیک مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ، یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەم تەریقەتە شێخ مەحمودە .
- بنەماڵەی شیخ عەلی دەرگاشێخانی[170] کە یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەم تەریقەتە سەید کاک ئەحمەدی کوری بابە شێخ ساتاوا (سادات ئاباد)-ە کە لە سەقز دانیشتووە .
- کەوانە دۆڵ لە باشوری کوردستان کە یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەم تەریقەتە شێخ ئەحمەدە.
- بەرزنجی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کە زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ ئیسماعیل بەرزنجی

[169] سندۆڵان گوندێکە کەوتووەتە ناحیەی قەڵادزێ - قەزای پشدەر - پارێزگای سلێمانی – باشوری کوردستان
[170] دەرگا شێخان دەکەوێتە باشوری بانە – ڕۆژهەڵاتی کوردستان

2. شێخ سەفائەدین

3. شێخ طه

4. شێخ مەحمود گۆپتەپە

5. شێخ محمد صالح گۆپتەپە

6. شێخ عەبدولقادری قازانقایە

7. شێخ حوسێنی قازانقایە

8. شێخ عەبدولصەمەدی گڵەزەرد

9. شێخ محێدینی کەرکوک

10. شێخ ئیسماعیل ولیانی (غەوسی ثانی)

- بنەماڵەی چوێســـە لە باشـــووری کوردســـتان کە یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەم تەریقەتە شێخ عەبدولقادری چوێسەیە و شێخی حازری ئەم تەریقەتە شێخ کامیلی چوێسەیە.
- بنەماڵەی شێخ سەلامە سورە لە سنەی ڕۆژهەڵاتی کورستان کە یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەم تەریقەتە شێخ شەهابە.
- لە چۆلاخ نزیک لە دیواندەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەم تەریقەتە سەید جەمالە .

- شێخانی دێی نزاره له قه‌زای پێنجوێن له باشووری کوردستان که شه‌جه‌ره‌ی بنه‌ماڵه‌که‌یان به‌م شێوه‌یه‌یه[171]: شێخ موحه‌مه‌د کوری شێخ عومه‌ر کوری شێخ وه‌سیم کوری شێخ موحه‌مه‌د کوری شێخ تاها کوری شێخ شه‌مسه‌دین کوری شێخ سه‌عدی کوری شێخ قه‌له‌نده‌ر کوری شێخ مسته‌فا (کۆنه‌پۆشی) کوری شێخ ساڵه‌ح کوری شێخ عه‌بدولڕه‌زاق کوری شێخ عه‌بدولقادری گه‌یلانی .
- له هه‌مروله نزیک له سنه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان که یه‌کێک له ڕابه‌ره‌کانی ئه‌م ته‌ریقه‌ته سه‌ید عه‌لایه .
- له قه‌سری شیرین له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان که یه‌کێک له ڕابه‌ره‌کانی ئه‌م ته‌ریقه‌ته شێخ تاهیره.
- ته‌ریقه‌تی سۆڵه‌یی له دۆڵاو له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان که ڕابه‌رایه‌تی کراوه له‌لایه‌ن شیخ موحه‌مه‌د زادنه‌خۆر (پیری دۆڵاو) و زنجیره‌ی ته‌ریقه‌ته‌که به‌م شێوه‌یه‌یه :

1. شێخ حه‌سه‌ن هاشمی + شێخ موختار هاشمی
2. سه‌ید شێخ موحه‌مه‌د هادی هاشمی
3. شێخ موحه‌مه‌د زادنه‌خۆر (پیری دۆڵاو)

---

38.[171] عه‌بدولکه‌ریمی موده‌ریس: بنه‌ماڵه‌ی زانیاران ، په‌خشانگای ئاننا – ته‌هران ، ٢٠١٠ز ، ل ٦١

4. شێخ عەبدولقادر جەلالەدینی سۆڵە (قامچی ڕەش)
5. شێخ حەسەن قەرەچێواری (شێخ حەسەنی قازانقایە)
6. کاک ئەحمەدی شێخ
7. شێخ مەعروفی نۆدێ
8. شێخ عەلی دۆڵپەموو
9. شێخ ئیسماعیلی ولیانی
10. شێخ ئەحمەدی ئەحسائی
11. شێخ حوسێنی بەحرانی
12. شێخ موحەمەد سادق
13. شێخ موحەمەد قاسم
14. شێخ عەبدولفەتاحی سەیاح
15. شێخ موحەمەد غەریبوڵڵا
16. شێخ داودی ثانی
17. شێخ عەبدولڕەزاقی گەیلانی
18. شێخ عەبدولقادری گەیلانی

- لە هانە سورەی هەڵەبجە لە باشووری کوردستان یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەم تەریقەتە شێخ نەجیمە.

- تەریقەتی قەرەچێواری لە قادر کەرەم نزیک لە چەمچەماڵی باشووری کوردستان کە ڕابەری ئەم تەریقەتە حەزرەتی شێخ حەسەنی قەرەچێواریە کە ناسراوە بە (پیری ڕۆخانە) و زنجیرەی ئەم تەریقەتە بەم شێوەیەیە :

1. شێخ لەتیف قەرەچێواری
2. شێخ ئیبراهیم قەرەچێواری
3. شێخ عەبدولکەریم قەرەچێواری
4. شێخ محێدین قەرەچێواری
5. شێخ حەسەن قەرەچێواری (شەمسەدین – پیری ڕۆخانە)
6. کاک ئەحمەدی شێخ
7. شێخ مەعروفی نۆدێ
8. شێخ عەلی دۆڵپەموو
9. شێخ ئیسماعیلی ولیانی
10. شێخ ئەحمەدی ئەحسائی
11. شێخ حوسێنی بەحرانی
12. شێخ موحەمەد سادق
13. شێخ موحەمەد قاسم
14. شێخ عەبدولفەتاحی سەیاح

15. شێخ موحەمەد غەریبوڵڵا

16. شێخ داودی ثانی

17. شێخ عەبدولڕەزاقی گەیلانی

18. شێخ عەبدولقادری گەیلانی

- لە گاپیلۆن لە باشووری کوردستان کە ڕابەری ئەم تەریقەتە شێخ موحسینی گاپیلۆنە و زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیە :

1. شێخ فەخرەدین
2. شێخ جەلال
3. شێخ محێدین
4. شێخ موستەفای گاپیلۆن
5. شێخ موحسینی گاپیلۆن
6. کاک ئەحمەدی شێخ ( غەوسی کوردستانی [172] درع الشمال)

- تەریقەتی کەسنەزانی کە دەگەڕێنەوە بۆ شێخ عەبدولکەریمی شاهی کەسنەزان کە لە کرپچنەی سەنگاو لە باشوری کوردستان ژیاوە و ڕابەری ئەم تەریقەتەیە ، زنجیرەی تەریقەتەکان بۆ شێخ عەبدولکەریمی شاهی کەسنەزان بە چەند ڕێگایەکدا هاتووە لەوانەش :

1. زنجیرەی بنەماڵەی شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی :

[172] ئەم نازناوە پیرەمێردی شاعیر ئاماژەی پێداوە

1. شێخ نەهرۆ (شەمسەدین)
2. شێخ موحەمەد ئەلموحەمەد کەسنەزانی (سوڵتان)
3. شێخ عەبدولکەریمی کەرکوک
4. شێخ سوڵتان حوسەین
5. شێخ عەبدولقادر ( پیری موهاجیر )
6. شێخ عەبدولکەریم ( شاهی کەسنەزان )
7. شێخ عەبدولقادری قازانقایە
8. شێخ حسێنی قازانقایە
9. شێخ عەبدولسەمەدی گڵەزەرد
10. شێخ محێدینی کەرکوکی
11. شێخ ئیسماعیلی ولیانی
12. شێخ ئەحمەدی ئەحسائی
13. شێخ حوسێنی بەحرانی
14. شێخ موحەمەد سادق
15. شێخ موحەمەد قاسم
16. شێخ عەبدولفەتاحی سەیاح
17. شێخ موحەمەد غەریبوڵڵا
18. شێخ داودی ثانی
19. شێخ عەبدولڕەزاقی گەیلانی

20. شێخ عەبدولقادری گەیلانی

2. زنجیرەی بنەماڵەی شــێخ کاکە حەمە کەســنەزانی کە ئەمەش بە دوو زنجیرە هاتووە :

1. زنجیرەی یەکەم :

1. شێخ اصف
2. شێخ عبدالقادر
3. شێخ کاکە حەمە (پیری خاکنشین)
4. شێخ عەبدولقادر (پیری موهاجیر)
5. شێخ عەبدولکەریم (شاهی کەسنەزان)

2. زنجیرەی دووهەم :

1. شێخ تاهیر
2. شێخ حوسەین (نازناوی شیعری : دەروێش)
3. شێخ کاکە حەمە
4. شێخ عەبدولقادر
5. شێخ عەبدولکەریم (شاهی کەسنەزان)

3. زنجیرەی بنەماڵەی شــێخانی کانی چنار کە ئەمەش بە دوو زنجیرە هاتووە :

1. زنجیرەی یەکەم :

1. شێخ جەعفەر

2. شێخ عزالدین

3. شێخ حەسەن کانی چناری

4. شێخ عەبدولکەریم (شاهی کەسنەزان)

2. زنجیرەی دووهەم :

1. شێخ حەسەن

2. شێخ عەبدوڵلا

3. شێخ ئەحمەد

4. شێخ حەسەن کانی چناری

5. شێخ عەبدولکەریم (شاهی کەسنەزان)

- بنەماڵەی شێخ حوسێنی سۆڵە[173] ناسراو به (پیری کامڵ) که زنجیرەی تەریقەتەکەیان بە چەند ڕێگایەک هاتووە بەم شێوەیەیە :

1. زنجیرەی یەکەم :

1. شێخ بابا عەلی سۆڵە

2. شێخ موحەمەد تاهیر

3. شێخ عەبدولقادر جەلالەدین (قامچی ڕەش)

4. شێخ حوسەینی چرچەقەڵا (پیری کامڵ)

5. شێخ حەسەن قەرەچێواری (پیری ڕۆخانە)

---

[173] سۆڵە – قەرەداغ – سلێمانی – باشوری کوردستان

6. كاك ئەحمەدی شێخ ( غەوسی کوردستانی – درع الشمال)

2. زنجیرەی دووهەم :

1. شێخ عەبدولعەزیزی کەلار

2. شێخ حەسەنی چرچەقەڵا

3. شێخ عەلی

4. شێخ حوسێنی چرچەقەڵا

5. شێخ حەسەن قەرەچێواری

6. کاک ئەحمەدی شێخ ( غەوسی کوردستانی – درع الشمال)

3. زنجیرەی سێهەم :

1. شێخ مەنسوری سۆڵە

2. شێخ موحەمەد تاهیر

3. شێخ عەبدولقادر جەلالەدین (قامچی ڕەش)

4. شێخ حوسەین (پیری کامڵ)

5. شێخ حەسەن قەرەچێواری

6. کاک ئەحمەدی شێخ ( غەوسی کوردستانی – درع الشمال)

4. زنجیرەی چوارەم :

1. شێخ عبداللطیف

2. شێخ ڕەئوف

3. شێخ ڕەزا

4. شێخ حوسێنی چرچەقەڵا

5. شێخ حەسەن قەرەچێواری

6. کاک ئەحمەدی شێخ ( غەوسی کوردستانی – درع الشمال)

5. زنجیرەی پێنجەم :

1. شێخ سەفائەدین

2. شێخ ئەحمەد

3. شێخ ڕەزا

4. شێخ حوسێنی چرچەقەڵا

5. شێخ حەسەن قەرەچێواری

6. کاک ئەحمەدی شێخ ( غەوسی کوردستانی – درع الشمال)

- بنەماڵەی شـــێخ ئیســـماعیلی عەوەڵانی کە لە گوندی عەوەڵان لە نزیک چەمی ڕەزان لە باشـوری کوردسـتان دادەنیشـن و زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ جەعفەر عەوەڵانی

2. شێخ کەمالەدینی عەوەڵانی

3. شێخ عەبدولکەریمی عەوەڵانی
4. شێخ عیصامەدینی عەوەڵانی
5. شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ حەسەنی عەوەڵانی
6. شێخ موحەمەدی کوڕی شێخ حەسەنی عەوەڵانی
7. شێخ عەتتاری عەوەڵانی
8. شێخ حەسەنی عەوەڵانی
9. شێخ ئیسماعیلی ثانی عەوەڵانی
10. شێخ ئەحمەدی عەوەڵانی (شێخ ئەحمەدی بۆنخۆش)
11. شێخ عەبدوڵڵای عەوەڵانی
12. شێخ ئیسماعیلی عەوەڵانی
13. شێخ موحەمەد ڕەفیعی بەغدادی
14. شیخ عەلی کوڕی حەسەن ( شێخ عەلوانی حەمەوی)
15. شێخ عەلی کوڕی مەیمونی مەغریبی
16. شێخ ئەحمەدی تیاسی
17. شێخ ئەحمەدی کوڕی مەخلوفی شابی
18. شێخ عەبدولوەهابی هیندی
19. شێخ ئەلمەشایخی هیندی

20. شێخ مەدینی تلمسانی

21. شێخ عەبدولقادری گەیلانی (حەزرەتی غەوس)

22. شێخ ئەبو حامیدی غەزالی (حجة الإسلام)

23. شێخ عەبدولمەلیکی کوڕی موحەمەدی جوەینی

24. شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای جوەینی

25. شێخ ئەبو تاڵیبی مەکی

26. شێخ ئەبوبەکری شیبلی

27. شێخ جونەیدی بەغدادی (سید الطائفتین)

28. شێخ سری سقطی

29. شێخ مەعروفی کەرخی (الترياق المجرب)

30. شێخ داودی طائی

31. شێخ حەبیبی عەجەمی

32. شێخ حەسەنی بەصری (ئیمامی تابعین)

33. ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب

34. حەزرەتی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)

- بنەماڵەی ولیانی لە ئاکرێ لە باشوری کوردستان کە زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ وریا
2. شێخ موعتەسەم
3. شێخ سەعید
4. شێخ عەبدولعەزیز بەرزنجی
5. شێخ عەبدولکەریم دارەخورمایی
6. شێخ حەسەن قەرەچێواری
7. کاک ئەحمەدی شێخ

- بنەماڵەی هانە گڵان[174] کە لقێکن لە تەریقەتی قادری قەرەچێواری و زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ موحەمەد تاهیر
2. شێخ عەباس حوسەینی (شەمسەدینی ثانی)
3. شێخ کاکە حەمە (مەرجەعی غورەبا)
4. شێخ شەمسەدین (عارف باللە)
5. شێخ ڕەزای هانە گڵان (پیری کیفسانی)
6. شێخ حەسەن قەرەچێواری (پیری ڕۆخانە)
7. کاک ئەحمەدی شێخ ( غەوسی کوردستانی – درع الشمال)

[174] هانە گلان – سنە – ڕۆژهەڵاتی کوردستان

• بنەماڵەی شێخی کۆمائین [175] زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

8. شێخ یاوەر
9. شێخ عەلائەدین
10. شێخ حوسەین
11. شێخ ئیبراهیم
12. شێخ عەباس (کوردی کۆمائین – شێخ عەباسە کوردە)
13. شێخ عەبدولقادری دەوڵەت اباد
14. شێخ ڕەسولی دەوڵەت ئاباد

1. لێرەدا لە دوو ڕێگاوە شێخ ڕەسولی دەوڵەت ئاباد تەریقەتەکەی وەرگرتووە :

1. ڕێگای یەکەم :

1. شێخ عەبدولقادری قازانقایە
2. شێخ حوسێنی قازانقایە
3. شێخ عەبدولسەمەدی گڵەزەرد
4. شیخ محێدینی کەرکوک
5. شێخ ئیسماعیلی ولیانی

[175] کۆمائین – کامیاران – ڕۆژهەڵاتی کوردستان

2. ڕێگای دووەم :

1. شێخ موستەفا
2. شێخ ڕەسولی سۆڵە
3. شێخ قادری سۆڵە
4. کاک ئەحمەدی شێخ ( غەوسی کوردستانی – درع الشمال)
5. شێخ مارفی نۆدێ
6. شێخ عەلی دۆڵپەموو
7. شێخ ئیسماعیل ولیانی

- بنەماڵەی شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما ، کە لە هەولێر لە باشوری کوردستان دادەنیشن و زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ عیسا + شێخ موحەمەد + شێخ ڕەشید
2. شێخ موستەفا (حاجی شێخ کاکە )
3. شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما
4. شێخ حەسەنی قەرەچێوار (پیری ڕۆخانە)
5. حاجی کاک ئەحمەدی شێخ (غەوسی کوردستانی – درع الشمال)

- بنەماڵەی شـــێخانی باشـــتەپەیی کە لە هەولێر لە باشـــوری کوردســـتانن و زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ ناصح
2. شێخ عەبدولعەزیزی باشتەپەیی
3. شێخ محەمەدی عەوێنە
4. شێخ جەلالەدین
5. شێخ عەبدولعەزیز
6. شێخ مەعروفی بازیان
7. شێخ موحەمەد وەلی عەهد
8. شێخ موحەمەد باع الطویل
9. شێخ ڕەزای دێلێژە
10. شێخ ئیسماعیل ولیانی

- بنەماڵەی شـــێخ جەواد بەرزنجی لە هەولێر لە باشـــوری کوردســـتان کە زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ جەواد
2. شێخ جەلالەدین
3. شێخ نەجمەدین

4. شێخ شەمسەدین
5. شێخ محمد بابی پیر
6. شێخ حەسەن قەرەچێواری

- بنەماڵەی شـــێخ ئەحمەد کاریتانی لە هەولێر لە باشـــوری کوردســـتان کە زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ ئەحمەد کاریتانی
2. شێخ عوبێد کاریتانی
3. شێخ موحەمەد کاریتانی
4. شێخ ساڵەح کاریتانی
5. شێخ حەسەن قەرەچێواری

- بنەماڵەی شـــێخ حمدامین خەیلانی لە هەولێر لە باشـــوری کوردســـتان کە زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ حمدامین خەیلانی
2. شێخ محمد خەیلانی
3. شێخ عەبدولکەریم دارەخورمایی
4. شێخ حەسەن قەرەچێواری

- بنەماڵەی شێخ عبدول لە سەید سادق لە باشوری کوردستان کە زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ عبدول
2. شێخ سەعید
3. شێخ محەمەد
4. شێخ حەسەن کەلوڕانی
5. شێخ عەبدولرەحمان
6. شێخ حەسەنی کێلەکەوە
7. شێخ حوسێنی دادنا
8. شێخ عەلی دۆڵپەموو
9. شێخ ئیسماعیل ولیانی

- بنەماڵەی شێخ عەتای تورانی لە کەلار لە باشوری کوردستان کە زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ عەتای تورانی
2. شێخ عەبدولعەزیزی تورانی
3. شێخ بابا ڕەسول
4. شێخ عەبدولقادر

5. شێخ عەلی گردە
6. شێخ حەسەنی کێلەکەوە
7. شێخ حوسێنی دادنا
8. شێخ عەلی دۆڵپەموو
9. شێخ ئیسماعیل ولیانی

- بنەماڵەی شێخ جەبار لە گوندی گرێزە – سەید سادق – باشووری کوردستان ، کە زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ جەبار
2. شێخ تاهیر
3. شێخ بابە ڕەسوڵ
4. شێخ عەبدولقادر
5. شێخ عەلی گردە
6. شێخ حەسەنی کێلەکەوە
7. شێخ حوسێنی دادنا
8. شێخ عەلی دۆڵپەموو
9. شێخ ئیسماعیل ولیانی

- بنەماڵەی هیرانی لە شارۆچکەی هیران لە باشوری کوردستان کە زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ مەلا ثانی
2. شێخ عەلی سەفوەت
3. شێخ موستەفا سافی (سافی هیرانی)
4. شێخ عبداللە ثانی
5. شێخ عەلی
6. شێخ موستەفا
7. شێخ عبداللە
8. شێخ سولەیمان
9. شێخ تاهای بەتلیسی
10. شێخ موستەفای شامی
11. شێخ ئیسماعیلی ولیانی

- بنەماڵەی شێخ عەبدولخالیق بەرزنجی لە هەولێر لە باشووری کوردستان کە زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ عەبدولخالیق بەرزنجی
2. شێخ جەعفەر

3. سەید حەسەنی کۆیە

4. شێخ نجم الدینی نیهانی

5. شێخ محی الدین

6. شێخ عبدالکریم

7. شێخ ئەحمەد

8. شێخ عەبدولکەریم

9. شێخ حەسەنی گڵەزەرد

- بنەماڵەی شێخانی باقلان کە لە شاری هەولێر لە باشوری کوردستان دادەنیشن و زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ عەبدولکەریم

2. شێخ یوسف (کاک مەلا)

3. شێخ بایز باقلانی

4. شێخ ئیبراهیمی حافیز

5. کاک ئەحمەدی شێخ (غەوسی کوردستانی – درع الشمال)

- بنەماڵەی شێخ عەبدولڕەحمانی شۆریجە لە کەرکوکی باشوری کوردستان کە زنجیرەی تەریقەتەکەیان بەم شێوەیەیە :

1. شێخ موحەمەد

2. شێخ عەبدولڕەحمانی شۆریجە

3. شێخ نەجمەدینی صابری

4. شێخ کەریمی شۆریجە

5. شێخ مەحمودی قوتب

6. کاک ئەحمەدی شێخ (غەوسی کوردستانی – درع الشمال)

7. شێخ مارفی نۆدێ

8. شێخ محێدینی کەرکوک

9. شێخ ئیسماعیلی ولیانی

## بەشی حەوتەم : شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە ناو شیعری کوردیدا:

لەبەر ئەوەی تەریقەتی قادری بەربڵاو بووە لەناو میللەتی کورددا بۆیە دەبینین چەندین شاعیر شیعریان لە ستایشی حەزرەتی گەیلانیدا نووسییوە لەوانەش:

- میرزا غەفوور دەفەرموێت [176] :

شین و فەریادی سبەینانی هەدەرچوو عەندەلیب

خاڵە "میرزا" ش جانفیدایی کۆی شەهی بەغدایە دڵ

هەروەها [177] :

زەمانێکە بەجیدی ، بوومە پا بۆسی سەگی گەیلان

ئەویش لەو نەسلەیی زاتێکە ، حوببی ڕەبی مەعبودم

هەروەها [178] :

گەلێ پێم خۆشە ئەم حاڵە ، کە بێ خۆف و موحابا بووم

لە سایەی غەوسی گەیلانی ، لە بەندی غەم بەڕەڵلا بووم

هەروەها [179] :

[176] عەبدوڵلا ئاگرین : دیوانی میرزا غەفور ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ٣٩
[177] عەبدوڵلا ئاگرین : دیوانی میرزا غەفور ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ٤٠
[178] عەبدوڵلا ئاگرین : دیوانی میرزا غەفور ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ٥١
[179] عەبدوڵلا ئاگرین : دیوانی میرزا غەفور ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ٥٣

یا ئیلاهی ؛ من سەگی دەرگایی زاتی غەوسی تـۆم

مولتەجیی پڕ هیمەت و زات و سیفاتی غەوسی تۆم

ئاستان بۆسی سەگی دەرگاهی غەوسم ڕۆژ و شەو

ئـــــینتیزاری زەڕەیێ لوتف و بەراتی غەوسی تۆم

عاجز و زار و زەلیل و دەردەمەند و دڵ حـــــەزین

گەرچی دائیم شادمانی ڕێی نەجاتی غەوسی تۆم

گـــــەرچی ڕووزەردم لە قاپی تۆ ، وەلێ ئومێدمە

بۆ کەریمی تۆ ، بە ئومێدی خەڵاتی غەوسی تۆم

رحمة للعالمين ، تۆ و منیش عەبدی زەلیـــــــــــل

ئوممەتی شای ئەنبیا و توشنەی فوڕاتی غەوسی تۆم

بـــــێ پەنا و مەلجەئم ، نیمە بە غەیرەز ڕەحمی تۆ

چارەیی خۆم هەر بە ئومێدی سەباتی غەوسی تۆم

ئەو کە "تاجولعارفینە" ، قودوەیی ئیمان و دیــــــــــــن

بازی ئەشهەب غەوسی گەیلان بەر حەیاتی غەوسی تۆم

وا بەتاو دەڕژێ لە دیدەی "خاڵە میرزا" ئەشکی خوێن

بـــــێ ئیرادەم هەر بە ئومێد واریداتی غەوسی تۆم

هەروەها [180] :

زەمانێکە لە دەست بەختم ؛ خەریکی زایەڵە و شینـــم
سەراپا تا بەدامەن ، غەرقی مەوجی ئەشک و ئەسرینم

بە شەو تا ڕۆژ لە زاریدام ؛ لەبەر ئازار و ئێشی دڵ
لەدەس فەریاد و ناڵەی خۆم قەرینی ماهو پەروینم

کە هەمسایەن لە ناڵەی من هەموو بێزاری عومری خۆن
منیش لەم حاڵە بێزارم ، نەمانم چاکە نەک ژینـــــم

دڵی بێ چارە دووچارە ، بە دامی خاڵی مەهـ ڕوویی
کـــە دانەو نەقشی ئەو خاڵە ، دەوایە بۆ دڵ و دینم

دڵی پەروانەوارم وا ، بە شوعلەی شەمعی ئەو سووتا
مەگەر خالق بە لوتفی خۆی بکا ڕەحمی ؛ بە ناڵینم

گەلێ پێم خۆشە ئەم جەژنە ، خودا بمکا بە قوربانی
بـــە خۆرایی نەچێ و نەڕوا بە زایع عومری شیرینم

کە دەست هەڵگرتنم نابێ ؛ لە پابۆسی سەگی گەیلان

---

[180] عەبدوڵڵا ئاگرین : دیوانی میرزا غەفور ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ٥٥

دەڵێ "میرزا" {ابا عن جد} سەگی دەرگای "محی الدین"م

هەروەها [181]:

تەمامە خۆم بە قوربانی سەگی دەرگای (محێ دین) کەم

کە ئەو نیسبەت بە شاهێکە ، لە جەمعی ئەولیا "تاق"ە

هەروەها [182] :

دڵ لـــــە سۆزی ئاگری عەشقت بە مەحزونی دەڵێ:

من زەدەی پەیکانی عەشقم ، چیم بەسەر (عەنقا) تەوە

ڕوو لە کوێ بکەم (دادخوا)م بێ ، هیچ پەناهێکم نی یە

چارەیی من ، وا لە خدمەت غەوسەکەی بـــەغداتەوە

حـــەزرەتی کاک ئەحمەدی شێخم تەمەننا بۆ بکا

ڕۆژی دیـــــــوانی جەزا ، ئۆمێد ئەکەم ، بمداتەوە

هەروەها [183] :

سەر و ماڵم بە قوربانی شەهی ساکن لە بەغدایــە

[181] عەبدوڵڵا ئاگرین : دیوانی میرزا غەفور ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ٨٠
[182] عەبدوڵڵا ئاگرین : دیوانی میرزا غەفور ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ١٠٢
[183] عەبدوڵڵا ئاگرین : دیوانی میرزا غەفور ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ١٠٤

شیفای دەردی منی مەزڵوم بە لوتفی ئەو نەبێ نایە

جەنابی غەوسی گەیلانی ، شەهێکە قودوەیی دینە

لە زومرەی شاهبازاندا ؛ بەڵی هەر "ئەو" شەهەنشایە

عەبەس ڕەنجێکی بێ سوودە لەگەڵ ئەم وەقت و ئەییامە

غەنیمەت ئەو کەسە دەیبا لە زیکر و فیکری ئەودایـــــە

ئەوا من عەزمی ڕۆینمە ، دەچم بۆ خزمەتی شاهم

حەیاتی جاویدان بۆ کەس نی یە ، ئەمڕۆ زوفەردایە

بە سەد لوقمان و ئەفلاتوون عیلاجی دەردی من ناکا

عیلاج و چاری دوو دنیا لە خزمەت زاتی ئەودایـــــە

ئەمن کەمتر سەگێکم ئاستان بۆسی سەگانی "ئەو"

کـــــــە (تاجولعارفین)ە شاهبازە ، دوڕی یەکتایە

هەروەها[184]:

ئەرێ بۆ جەژنی قوربان هات ، نەتان کردم بە قوربانی

بە قوربانی سەگێکم کەن ، لە قاپی غەوسی گەیلانی

[184] عەبدوڵڵا ئاگرین : دیوانی میرزا غەفور ، ۱۹۹۱ ، چ ۱ ، ل ۱۱٦

ســــــەرم قوربانی خاکی مەرقەدی ئەو قودوەیی دینە

که شاهـ و ئەولییایە ، بازی ئەشـهەب ، حوببی ڕەبانی

لە ژێر سایەی لیوای ئەو شاهەدا ، ڕێی دەسکەوێ هەر کەس

بە مەعلوومی کە نایداتن بە سەد تەختی "سلێـــــــــمان"ی

هەزاران تەختی جەمشید و سکەندەر بەڵکو ناگاتن

بە زەڕەی گەردی خاکی پێی سەگێکی پاسەبانانی

منیش کەمتر سەگێکم لەو سەگانەی ئاستانەی "ئەو"

قوبووڵمکا ، خوا بمکەن بە خزمەتکاری دیوانـــــــی

وەکو مەنصور سەرم ببڕن ، لە پای سێدارەدا دەیڵێم:

غـــــــــولامی حەزرەتی شێخم بەخۆی و ئەولییانی

لە خزمەت شوعلە بەخشی دین بە ئومێدی شەفاعەت هەم

لە سایەی حەزرەتی غەوس و دووهەم کاکی ســــــلێمانی

هەروەها [185]:

گەرچی پیرم ؛ بەخودا خادیمی دەرگەیی پیرم

---

[185] عەبدوڵلا ئاگرین : دیوانی میرزا غەفور ، ١٩٩١ ، چ ١ ، ل ١٢٦

وامەزانن ؛ کە نەفامم بە خودا زۆر ژیـــــــرم

ئاستان بۆسی سەگی حەزرەتی غەوسەلسەقەلەین

خـــــــــــاڵە میرزایە ، کە دێوانەیی ؛ بێ زنجیرم

- مەلا عەبدوڵڵای زێوەر دەفەرموێت [186] [187] :

منم گەدایی دەری بارەگاهی حەزرەتی غـــــــەوث

نواڵە جۆیی سەخای فەیز بەخشی نیعمەتی غەوث

ڕەئیـــــــــــــســـــــی طائیفەی ئەولیایە گەیلانی

گەیشتە هیند و حەبەش شەوقی نووری تەلعەتی غەوث

دەلیلی سالیکی هالیک ، چراغی گوم گەشــــــتە

سیراجی زومرەی ئەقطابی دەهرە هیممەتی غەوث

نەژادی حەزرەتی زەهرا و نووری چەشمی (حسین)

طەریقی ئەسهەلە بۆ مەعریفەت طەریقەتی غەوث

بەسیم و زەڕ مەکە تەشبیهی خاکی دامانـــــی

کە تاجی فەرقی ئەمیرانە خاکی توربەتی غەوث

[186] مەحموود زێوەر : دیوانی زێوەر ، بڵاوکراوەی ئاراس – هەولێر ، ٢٠٠٣ ، چ ١ ، ل ٢١٢
[187] گۆڤاری بەیان – ژمارە ١٣٧ – لاپەڕە ٢٠

تـــــــــەصەڕروفاتی حەیات و مەماتی یەکسانە

تەبەددولاتی نەبوو فەیزی نووری شەوکەتی غەوث

دەروونی (زێوەر) و دەریا ، گەلـــــــــــێ لەیەک دوورن

لە فیکری ئەو بەدەرە مەدحی جاهـ و حەشمەتی غەوث

هەروەها [188] :

ئەگەر شێخت ئەوێ لادە لە ڕێگای خانەقا و تەکـــــیە

ئەتۆ ئەقڵ و کەماڵت بێ ، بێ بزانە : کێ بەشان شێخە

جونەید و شێخی سیرڕ و (غەوثی بەغدا) شێخی میحرابن

عـــــــــــەیاز و خالید و تاریق ، ئەمیر نەورۆزمان شێخە

- فەقێ قادری هەمەوەند دەفەرموێت [189] :

بەعضێ ئەولیا جە حەدد ئیکـــمال

هەم با حەق داران جەواب و سوئال

غـــــــــەوث و بایەزید ، هەم (ابن العرب)

شەمس و مەولای ڕۆم جە قورب مەطڵەب

[188] مەحموود زێوەر : دیوانی زێوەر ، بڵاوکراوەی ئاراس – هەولێر ، ٢٠٠٣ ، چ ١ ، ل ٢٣٩
[189] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٧٣

هەروەها [190] :

یا حەی بە حورمەت ڕەسوول خاتـــەم

بـــە شەرەفناکیی ئەو (غوث الاعظم)

هـــــەرچەند گوناهم نەدارۆ پایان

بە نیسبەی عەفوت بە قەطرە ڕەوان

ئیحسان کەر وەنەم ئیمان کامـــڵ

هەنـــی نـــەکروون خـەیاڵ باطڵ

هەروەها [191] :

شاهـ گەیلانی فەخر هەر طەریـــــق

غەوث ئەعظەم و دورڕ دەریای حەقیق

یەک ڕۆ ئەمرش کەرد جە توحفەی مەتاع

ئـــاوەردن پەرێش چەند پارچەی ئەنواع

یەک پارچە جێشان پەسەند نمانـا

بە بیست دیرهەم زەڕ زەرعش ستانا

---

[190] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٩٢

[191] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٣٨٩ – ٣٩٠ – ٣٩١ - ٣٩٢

سپەرد بە خادم ئەو (ولی اللّٰه)

بــــــەرۆش بە بازار بسازۆ قەبا

جە حین عبوور خەددام جـــــــە بازاڕ

پارچەش دی بە چەم یەک مەرد توججار

ئـــــــەحواڵ پارچەش پەرسا جە خادەم

خەددام وات : قەبان پەی (غوث الاعظم)

تاجر بە دڵ وات : شێخ یە قەباش بــۆ

هەردەم جە هەوای نەفس نە تەلاش بۆ

مـــــــەر فەرقش چێشەن جە دنیاداران

چێش مەند پەی لیباس خەلیفەی دەوران

چون ئاوەرد بە دڵ خەطەرەی پەلید

دەرلەحظە مسمار بە پایاش خەلید

ئــــــاما بە ئەفغان ، پێچیا چون مار

جەم بین جە سەرش دەوریەی بازار

دیشان دوو ڕوەی پاش یەک مــــسمارەن

هەردوو سەر گوڵ مێخ سەخت دیشوارەن

نـــەکریا بە جەمع ئاهینگەر عیلاج

تا بە قاپیی شێخ تاجر بی موحتاج

بەردن جەنازەی تازر نیمە جان

نیان بە حضوور ئەولیای زەمان

عـــــــەرض کەردن یا شـێخ مێخ قودرەتەن

هەردوو سـەر گوڵ مێخ بەسـتەی حیکمەتەن

شـێخ فەرما ئەو مێخ خەطـــەرەی خامەن

وەسـوەسـەی ئیبلیس و نەفس بێ ڕامەن

نـــــــــەودەمدا تاجر ئاما بە زوبان

تەقبیل کەرد قەدەم ئەو بەحر عیرفان

عەرض کەردش بە شێخ من خەجاڵەتم

جە خەیاڵ خام جە ضەلالەتـــــــــم

عەرض کەردش یا شـێخ ! تۆبە صەد تۆبە

تـــــۆبەی نەصووحی جێش نەبۆ عەودە

شـێخ (باسـم الله) کەرد ، دەسـت ماڵا نە پـــــــاش

هەم میسـمار بی غەیب ، هەم نێش و ، هەم جاش!

فەرماش ئەی تاجیر تۆ کەردی ئەفکار

شێخ بە هەوای نەفس بییەن گورفتار

یار قەسەم کەرد ئەو بەحر زەخخار

تا ئەمرش نەبۆ دارای جـــــیهاندار

نەپۆشم هەرتا نەگۆیەند (بپۆش)

نەنۆشم هەرتا نەگۆیەند (بنۆش)

تاخیر هۆرێزا بە تەوبەی تەعـــــجیل

کەفت نە قەدەمگای ئەو قوطب کامیل

هەم قەضای تەعلیق سەر دا نە توججار

هـەم ئیثبات بی قەصد ئەولیای کیبار

های دەروێش کردەی کاران بە دڵەن

صیححەت و سوقم جە دڵ حاصڵەن

یا حەق بە حورمەت ئەو غەوث گەیلان

مـــــەئیووسم نەکەی جە نوور ئیمان

عەفوم کەر بە عەشق جوملە کەلیمات

مەحفووظم کەری نە هەر سەییـــئات

قاپیی دڵ بە نوور ڕەحمەت کەر گوشاد

هـــــەم (فەقێ) نە بەند بەڵا کەر ئازاد

(دەروێش) پەی ئیثبات نە هەر موددەعا

(شرعا) یەک شاهید نی یەن ئیـــکتیفا

هەروەها [192]:

شێخ ئەولیا .. شێخ ئەولیـــــا..

سولْطان خووبان ، شێخ ئەولیا..

نــادرەی ئەییام (نکتەی شـيء الله)

ئەولادی ئەشرەف شای (اهل العبا)

مورشید ڕەشید لیوای طەریـــــقەت

سالیک ڕای شەرع مەغز مەعریفەت

عورووج نە بووروج عەرش موعەللا

موسەممای صیفات ذاتت (باز الله)

مەشهوور نە هیندو عەرەب تا عەجەم

[192] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٦٧٠-٦٧١

(مسند عظامت بغوث الاعظـــــــم)

هـــەرچەند شەرمندەی قاپیی ئەعلاتم

ئەمما چون مەحبووس بەند ظوڵماتم

هەروەها [193]:

غەوث گەیلانی .. غەوث گەیلانی..

قوطب هەر طەریق غەوث گەیلانی..

تـــــــاج عاریفین ، بەحر مەعانی..

عیسەوی ئەنفاس مووسای عیمرانی

مەتەڕرو مەرکەز دائـــیرەی دەوران

طەییار قودسی ئەقدەم جە ئەقران..

نـــــەتیجەی سەیید قورەیشی نەسەب

ڕەهنومای حەقیقی (محی الدین) لەقەب

حوججەت حەققەن جە ئایەی قەدیم

پەرێ ئەولیا نی یەن عیجز و بیـــــم

[193] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٦٧٣ - ٦٧٤

چون جەددت حەبیب ذات ئیلاهەن

شـــافیی موذنیبان پشت و پەناهەن

دەستم دامانت سوڵطان ئەقــطاب

نیسیانم نەکەی نە (یوم الحساب)

- مامۆستا مەلا مەحموودی بێخود دەفەرموێت[194]:

شوکری خودا کە ((قادر)) ی موشکیل گوشایە غەوس

بۆ غونچەیی دڵی من و تۆ بای سەبایە غـــــەوس

شـــــــوکری خودا کە مەنزەری دنیا و قیامەتە

بۆ ئێمە یەعنی جامی دوو گیتی نەمایە غەوس

شوکری خودا کە بۆ دڵی پڕ چڵکی مەعـــــسیەتە

وەک سەیقەڵێکی ژەنگی کەدوورەت زەدایە غەوس

مــاهێکی وایە کە ساکینی بورجی ویلایەتە

شاهێکی وایە خاوەن تاجی ڕەزایەتە غەوس

ئەولادی چیرە دەستی شەجاعەت مەدارە شـــەیخ

---

[194] موحەمەد مەلا عەبدولکەریم : دیوانی بێخود ، انتشارات کردستان ــ سنه ، ٢٠٠٧ ، چ ١ ، ل ٤٥ ــ ٤٦- ٤٧ ـ ٤٨

ئەحفادی خۆشەویستی شەفاعەت پەنایە غەوس

یەک دانە دوڕڕەکەی سەدەفی (فاطمە)ی بەتوول

تاقانە سەروەکەی حەسەنی موجتەبایە غەوس

مورغی درەختی عالەمی ئەڕواحە ، دانەشـــــــــی

فەرموویە خۆی کە نووری تەجەللی خودایە غەوس

مـــیهری سوپیهری مەعریفەتە و هەوری ڕەحمەتە

دەریایی لوتفە ، مەنبەعی جوود و عەتایە غەوس

سەرداری خێڵی (قادری) و (نەقشبەندی) یـــــە

ئوستادی هۆزی ئەهلی تەکیێ و خانەقایە غەوس

حەپسی نەجاتی مەحزە ، غەمی عەینی شادییە

زام و بــــرینی مەڵحەمە ، دەردی دەوایە غەوس

عەنقایی قافی غیرەتە ، بازی تەریقەتــــــــە

قەربییەتی سەعادەتە ، یەعنی هومایە غەوس

کـــــەنناسی ڕێی موریدە ، موریدی خەلیفەیە

فیرقەی خەلیفە شێخن و شێخی مەلایە غەوس

پڕوانە حیشمەتی کە لە عەرسەی بوزورگییـــــــا

ئەسپ و وەزیری مەملەکەتی ، فیل و شایە غەوس

قوتبی زەمان ئەگەر نیە ئەی مونکیرینە بۆچ

پێی وا لەبانی شانی هەموو ئەولیایە غەوس

ئەبدال ، ئەگەر ریجال ، ئەگەر ئەوتاد ، ئەگەر وەلی

بەخوا هەمووی پەپوولەن ، ئەوان و چرایە غـــەوس

لـــــــــەم چۆڵی پڕ لە حۆلی بیابان و زوڵمەتە

وەک (خدر)ی زیندە رابەری رێگەی هودایە غەوس

سەحنی مونیفی دائیرەی سێحــــــەتی وجوود

قوبەی شەریفی مەرکەزی (دار الشفا) یە غەوس

بـــــــــۆ ئاستانەکەی وەرە ئەی تیرە دڵ نەخۆش

هەر حوجرەیێکی (ڕۆتکەن)ی سەد کارەبایە غەوس

دار و درەختی حەسرەتی عوودی قومــــــــارییە

خاشاک و خۆڵی ڕەشکی عەبیری خەتایە غەوس

بۆ دەستی رەعشە داری لە پێ کەوتووانی عەشق

یـــــادێکی ئیعتیدالی قەدی سەد عەسایە غەوس

بۆ قەتڵی زەیبەقی هەوەس و هەژدەهای لەعین

تلیاکە خاکی ، مەرقەدی ئیقلیمیایـــــە غەوس

خۆزگەم بە خۆم کە خاکی نەزەرگەی ئەوم بە ڕۆح

چـــــــــونکی نەزارەیێکی هەزار کیمیایە غەوس

((بێخود)) نەکەی خەیاڵی تەداوی بە غەیری ئـــەو

لوتفێکی سـەد دەوای وەکوو (عرق النسا) یە ، غەوس

هەروەها [195]:

خاوەن شـان و شـەرەف ((میرزا فەرەج)) ئالی شـەریف

تاکو دوێنێ بوو مەلیک ، ئیمڕۆ مەلەک میوانیـــــــە

بەسیە ئەم نیو شیعرە بۆ تەئریخی کۆچی ئەو کەوا...

دەســـــــــت و دامێن گیری "عبدالقادری گەیلان" یە

هەروەها [196]:

چ باوک ؟ یادگاری حەزرەتی شێخی ((ســـــــراج الدین))

نەوەی نائیب ، وەلی عەهدی (علاء الدین) ی عوسمانی

لـــــە تەکیە و خانەقای زوهدا ئیلاهی کامگاری کەی

[195] موحەمەد مەلا عەبدولکەریم : دیوانی بێخود ، انتشارات کردستان – سنه ، ۲۰۰۷ ، چ ۱ ، ل ۱۱۱
[196] موحەمەد مەلا عەبدولکەریم : دیوانی بێخود ، انتشارات کردستان – سنه ، ۲۰۰۷ ، چ ۱ ، ل ۱۲۷

به جاهی شاهـ و بازی نەقشبەند و غەوسی گەیلانی

هەروەها[197]:

((بێخود)) وەرە بێ پەردە بڵێ خۆت وتەنـــی

ئەم شیعرە بە بای سەبای عێراقی و یەمەنی

ڕۆحی من و پەروانەیی شەمعی سەری ((غەوس))

دەســـــــــتی من و داوێنی ((ئووەیسی قەرەنی))

- شێخ ئەنوەر بەرزنجی دەفەرموێت[198]:

لە بۆ بازی سپی یەعنی جەنابی قوتبی ڕەببانـــی

دەنوسم پارچە هەڵبەستێ لە مەدح و ناوونیشانی

زەمانێکە لە بەندو داوی شیعری ئەو گرفتارم

ئەوا ڕێم گرتەبەر تا بۆ زیارەت ببمە میوانی

ئەمینی مورسەلینی تۆ لە ئالوبەیتی پێغەمـــبەر

سەرم هێناوە بۆ قاپیت مەدەد یا غەوسی گەیلانی

ئـــــــەتۆ لوقمانی دەردانی ڕەفیقی شەرع و ئیمانی

---

[197] موحەمەد مەلا عەبدولکەریم : دیوانی بێخود ، انتشارات کردستان – سنه ، ٢٠٠٧ ، چ ١ ، ل ١٦٣

[198] شێخ سەربەست بەرزنجی : دیوانی شێخ ئەنوەر بەرزنجی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر ، ٢٠٠٩ ، چ ١ ، ل ١٠٨ – ١٠٩ – ١١٠ - ١١١

موعین و موبتەلای دەرگانەتم ئەی غەوسی گەیلانی

لەناو بەحری تەسەووف دا عەجەب غەواسی دوڕناسی

لە زانینی حەقیقەت خاوەنی ئیسپات و بورهانـــــی

ئــەدیب و شاعیر و زانا لە دیوانت زمان کورتن

لە ئافاتی زەکاوەت پێم ببەخشە عیلمی ڕۆحانی

لە چەرخی کۆن و تازەی شاعیران بژمێرە تــا ئەمڕۆ

هەموو پەروانە و شەمعن لە دەوری شێخی گەیلانی

ئـــــــەوە سەعدی ئەوە حافز ئەوە فەیروزی کاشانی

کەلیم و مەسنەوی و جامی ، بە قەزوینی و خوراسانی

بوخاری ، سەهرەوەردی نابغەی مەشهووری زوبیــــــانی

بە کەعب و ئەختەل و خەنسا ، بە حەسان و بەرەیحانی

فرزدق ئەوەل وسانی جەریر و نابغەی جوعدی

زوهەیرو ئومڕوالقیس و ئەبو نەواس و زنجانی

بە قەیسی عامری و لەیلا بە شبلی ئەسمەعی و جاحز

موعەڕی و بوحتری و کەییان ئەبو فیراسی حەمــــدانی

لە جوملەی فەیلەسوفان شایەتی حاڵن بە عیرفانت

ئـــــەوە سـوکرات ئەوە تالیس ئەوە ئەفلاتی یۆنانی

بە فارابی و ئیبن ڕوشـد و بە کندی و شـێخ علی سـینا

بە کرمانی و بەشـەیخی خاوەنی تەسریفی زنجانـــی

بە مەولانای نەقشبەندی ، بە سـەعدانی و بریفکانی

بــە شـێخی قوولەو و نۆدێ بە شـێخی پیری ولیانی

بە حاجی و سـالم و مەحوی حوسـەینی و ئەحمەدی موختار

بە شـێخ مەعرووفی نۆدێ و ئەحمەدی کاکی سـوولەیمانی

بە مەدحی تاهری و هیجری بە حەمدی و مەولوی و نالی

بــــــە شـێخی عالمی رازی ، رەزای دەوران و هیرانی

بە فەوزی و صابری و بێخوود بە نووری و فائز و دڵـدار

مەلیک مەحموود و سـید احمد نەقیب زادە و مەریوانی

بە قوتبی مەشـرق و مغرب کە مەشـهوورە بە محی الدین

بە ئیبـــن و حاج و بێتووشـی و جمال الدینی ئەفغانی

بە مامۆسـتای جەلیزادە بە شـەوقی و حافـزی و کوردی

بە هەوری و هێمن و هەردی ، جزیری و بێکەس و فانی

بــە پیری پیرەمێرد و موخلس و عاسـی بە سـەبییوتی

به گۆران و سەلام ، بە شارەت الخوری و بە حەسانی

لە دیوانی ئەدەب شاگردی تۆن ناگەن بە ئیعجازت

بە دەوری حەلقەتا جەمعن چە نەفسانی چ ڕوحانــی

ئیمامان شافعی و ئەحمەد ، حەنیفە و مالکی نیشان

لــــــــە پاشی ئەو ئیمامانە ئەتۆ شێخی مریدانی

ئەگەر شاهی نەقشبەندە ئەگەر سوڵتانی تەورێــــــــــزە

ئەگەر کەرخی و ئەگەر شبلی و جونەید و شێخی شەعرانی

ئەگــەر مەنسووری حەلاجە ئەگەر شێخ داوودی طائی

ئەگەر شێخ سریە و شێخی روفاعی و شێخی حەرانی

بە تۆ سەربەرزن و ڕێگەی تەسەووف مەنبەعی تۆیە

وەکیلی موتڵەقی هەر خۆت دڵو چاوی مریدانــــــــی

ســەراسەر شێخ و دەروێشان مریدی تۆن لەهەرکوێ بن

لە ژێر ئومرە و ئیشارەی تۆ دەکەن حەلقەی زیکر خوانی

چ سڕێکە لەناو نووری تەجەلادا فەنافـــــی اللّٰه

وەکو پەروانە سووتاوە ؟ چ کەس ئەو سڕە نازانی

بە کورتی وەسفی (گەیلانی) لە بەحرا قەترەیێ ئاوە

مـــيدادی خامه وشـکی کرد نه دەفتەر ما نه عنوانی

- شێخ مەلا کاکە کە کوڕی هەرە گەورەی شێخ صافی هیرانیە و نازناویشـی (صەفوەت)-ە دەفەرموێت[199]:

عەبیدانەت مەنەم کەمتەر نویی هەم سەیدو سەروەر

گەداوار هاتووم بەردەر مەدەد یا ساکن البغـــــــداد

توبی هەم پیر و هەم رابەر توبی هەمراز و هەم مەنزەر

تـــوبی هەم باز و هەم دڵبەر مەدەد یا ساکن البغداد

غەریقی بەحری عشقی تۆم لە تەعلیماتی مەشقی تۆم

بەدائم من لە شەوقی تۆم مەدەد یا ساکن البغـــداد

فــەقیری ئاستانەی تۆم لە دووری ئاشیانەی تۆم

بە ئومێدی نیشانەی تۆم مەدەد یا ساکن البغداد

کەمن پەروانەیی تۆمە سەراپا سووختەیی تۆمە

حەریقی ناری ڕووی تۆمە مەدەد یا ساکن البغداد

غوڵام و بەندەیی تۆمە هەموودەم چاوەڕێی تۆمە

[199] گیوی موکریانی : دیوانی صافی ، چاپخانەی کوردستان – هەولێر ، ١٩٧٣ ، چ ٣ ، ل ٨٨ - ٨٩

نـــەزەرکە دفعەیێ بۆمە مەدەد یا سـاکن البغداد

غەریب و با وەفایەم من عەلیل و پر جەفایەم من

بە ئومێدی شـفایەم من مەدەد یا سـاکن البغـــداد

لە دووریت زامدارم من لە فیرقەت غەمگوسارم من

لە دەورەی گوڵ هوزارەم من مەدەد یا سـاکن البغداد

سـەری عەقڵم لەدەسـتم چوو کەماڵ و هۆش و عیلمم چوو

ئومێدی وەصلی یارم چوو مەدەد یا ساکن البـــــــــغداد

دڵ و دیـــــنم بە غارەت چوو کە دونیا و قیامەت چوو

خودایە جان لە حەسـرەت چوو مەدەد یا سـاکن البغداد

زەلیل و عاشـقم قوربان نەماوە دانش و عیرفــــــــان

نەزەر کە ئەی شـەهی گەیلان مەدەد یا سـاکن البغداد

دەخیل ئەی (صافی) ی هیوان دەگەڵ جەمعیەتی پیران

بچین بۆ خزمەت ئەو سـوڵتان مەدەد یا سـاکن البغداد

تەن و جیسـم کە بێمارە روح و گیانم کە بێزارە

بەبێ تەسـلیم نیە چارە مەدەد یا سـاکن البغداد

کە (صفوەت) زۆر بە ئازارە لە دونیادا گوناهبارە

هەمیشە ئارەزووی یارە مەدەد یا ساکن البغداد

- کاک عبدالکریمی کوری حەوتەمینی شێخ صافی هیرانی کە نازناویشی (ووریا) بووە دەفەرموێت[200]:

بازی گەیلانی دەخالەت تۆ رجا کار بی لە بـۆم

ڕۆژی سەد جاران بە قوربانی سەگی دەرگانە بم

شەرتە گەر بێت و دەریشم کەی نەڕۆم لەم دەرگەیە

تـــــــاکوو مردن خادمی خاکی دەری ئاستانە بم

چۆن ئەبێ ترسم هەبێ قوربان لە ڕۆژی مەحشەرا

خۆم بە هیرانی بزانم نەســــــلی ئەم شێرانە بم

- مینە جاف دەفەرموێت[201]:

یا غەوث شابازی زاتی (اللّٰه)ی تـــۆ

یا غەوث نازداری (رسول اللّٰه) ی تۆ

قـــــەسەمت ئەدەم بە شەوی میعراج

کـــە فەخری عالەم بوو بە صاحێب تاج

[200] گیوی موکریانی : دیوانی صافی ، چاپخانەی کوردستان – هەولێر ، ١٩٧٣ ، چ ٣ ، ل ٩٧
[201] مصطفی نەریمان: دیوانی مینە جاف ، مطبعة الجاحظ – بغداد ، ل ٣٨ ، ٣٩

قەسەمت ئەدەم بە ڕوتـــــــــبەی (دنا)

ئەو شـەوی بە لوتف ئەی فەرموو خوا

بـــــــــمکە بە خاتر نووری پێغەمبەر

بەسە بەس بم کە موحتاج بە دوختەر

لە ڕووی لوتفەوە بە نیو نەزەرێ

بەرکە وەلامۆ ، فەرەحیـــم دەرێ

بووم بە جێی بازی و گەمەی نەفامان

شــــــــا عەبدولقادر ، دەسـم وەدامان

ئەووەڵ بە خوا هەم بە پێغەمبەر

بە بێ گوناهیی (حسین) سەروەر

ڕجــــــــــایێ بۆ ئەمڕەزالەتیمە

بە ئەم مجرۆیی و کەسالەتیمە

بەڵکو نەجاتم بدەی لەم حـــــــاڵە

بە دەس دەردو ئێش حاڵم بەدحاڵە

شــــــــــــا عەبدولقادر بۆ خاتر قورئان

سەرتیپ نەجات دەی لە ئێش و دەردان

یا غەوث من پەنام وە پەنادارە

لاڵەم لە قاپیی غــەوثی نازدارە

پـــــــــــەنام هێـــناوە بێ چار و پەنا

یا غەوث من وە تۆ ، تۆیش وەلای خوا

هەروەها[202]:

شاهبازی ئەولیا ، ئەی شاهی گەیلانی لەقـــەب

ئەی بە ڕوتبەی شاهبازی ئەولیا بووی مونتەخەب

ڕوتبەیی شابازی بۆ شانت کەمە ئەی شەهریار

بــۆیە ڕوتبەی تۆ بە (غوث الاعظم)ی دریاقەرار

لاییقیت بۆ بەرزیی ڕوتبە لەلای زاتی خــــــوا

بۆیە تەرفیعی نیشانت تۆ بە (محی الدین) کرا

کەس بە ڕوتبەی تۆ نەبوو نائیل لە نەسلی شای عەرەب

شـــــــــــاهبازی ئەولیا و و هەم (رسول الله) نەسەب

بم کە خاتر لوتفی ئەو یەزدانەی تۆی کرد بێ نیاز

[202] مصطفی نەریمان: دیوانی مینە جاف ، مطبعة الجاحظ – بغداد ، ل ٤٠ - ٤١

بەم هەموو ڕوتبە زلانە تۆی کە کردە شاهبــــــــاز

هەم ببەخشە من بە جاهی شای شەفیعولموزنبین

لای خوا فـــەرموو ڕجایێ بۆ سەگی قاپیت ئەمین

تۆ ئەبێ ئەرجو بکەی قوربان کە (غوث الاعظمی)

کاری یە ئەم دەردە ، لوتفی تۆیە تەنها مەڵهەمی

ڕوو لە قاپیی تۆ ئەکەم ، هەر تۆی ڕجام ، تۆ بۆم بکەی

تۆڕجام گەر بۆ نەکەی ، ئیتر هەواڵەی کوێم ئەکەی ؟

ئەی شەها بیبەخشە (مینە) تو خوا سا ڕەحمەتێ

دەردی کاری ئەو دەواکە ، ئەی خوا سا هیـــمەتێ

هەروەها [203] :

ئەم عەرزوحاڵەم ئەیگـــــــــرم وە دەس

ئەیخەم وە خزمەت غەوسی فریاد ڕەس

غـــــەوسی لە نووری پاکی پێغەمبەر

غەوسی لە نوتفەی حوسەینی سەروەر

---

[203] ع مصطفى نەريمان: ديوانى مينە جاف ، مطبعة الجاحظ – بغداد ، ل ٥١ – ٥٢ – ٥٣ - ٥٤

غەوسـی خەلیفەی زاتی مستەفــا

غەوسـی مونەووەر وە نوور و سـەفا

یــا غەوس شابازی زاتی ئەڵڵای تۆ

یــا غەوس نازداری ڕەسولوڵڵای تۆ

یا غەوس شابازی نازدارانی تـــــۆ

یا غەوس غەمخواری غەم بارانی تۆ

چون نووری دیدەی نووری پاکی تۆ

جـــــێنشین دین شای لولاکی تۆ

یا غەوس پادشای مەملەکەتی تۆ

سوڵتانی هەر چوار تەریقەتی تــۆ

غەوسـی گەیلانی بازی یەزدانی

رهـــــاکنندهی گشت داماوانی

پەنام هێناوە ئیستە وە دەرگـــات

یا غەوس پەنام دە تۆ بی و خوات

بــــمکە وە خاتر خووای لامەکان

بمکە وە خاتر موعجیزەی قورئان

بمکە وە خاتر ڕەوزەی پێغەمبەر

بمکە وە خاتر بووبەکری ئەکبەر

بمــــــکە وە خاترسوڵتانی عادڵ

یەعنی شا عومەر خەڵیفەی کامڵ

بمکە وە خاتر کۆ کەردەی قــــورئان

یەعنی زیننورەین عوسمانی عەففان

بمکە وە خاتر شەهنشای سەردار

شـــێری خواوەن حەیدەری کەڕاڕ

بمکە وە خاتر فاتیمەی ســـــەروەر

سەر تا پا شوعلەی نووری پێغەمبەر

بمبەخشە وە قورب عەباسی سەردار

ئــەو مامەی عەزیز مستەفای موختار

بمکە وە خاتر دە کەسەی شادان

مۆژدەی ڕەهایی وەدەســدریاکان

بمکە وە خاتر ئەسحابەی ڕەسووڵ

ئەم شکات حاڵەم لێ بکە قەبووڵ

بمکە وە خاتر جاهی ئەهلی بەیت

شاعبدالقادر دەوای دەردم کەیـــت

بمـــــکە وە خاتر زومرەی شەهیدان

بمبەخشە وە قورب تەواو سەعیدان

بمکە وە خاتر عەودالانی بـــــــەڕ

بمبەخشە وە جاهـ مەردانی ئەکبەر

وە شێر مەردان هەر چوار تەریقەت

وە ئـــــەولیاکان ڕاگەی حەقیقەت

وە معجزات ئەنبیای سەرحەد

وە نوور و زیای زات پێغەمبەر

دەلالێـــــمۆ لێت وەم زاتانەوە

وە جاهی نەبی و وە قورئانەوە

دەبێ بمبەخشی وە خاتر داران

بمکە وە خاتر شای شەهریاران

شــــاعبدالقادر ئەوێ پەنام دەی

زامانی کاریم یەکسەر دەوا کەی

هاوردم وه لات دڵ وه زامــەوه

وه زامانی زوڵم دەس لیئامەوه

پەنام هاوردگه وه شای گەیلانی

دەبێ پەناگ دەی تۆ وه ئاسانی

یا غەوس من پەنام وەلات هاورده

پەنام وه شاباز گەیـــــلانی کرده

شــــــــاعبدالقادر غەوس فریاد ڕەس

هەر تۆی فریاد ڕەس داماوی بێکەس

نابێ بە مەئیووس دەرم کەی لە لات

چون پەنام هێنا من وه بارەگــــــات

هـــــاوارم وه لات شـــاعبـــدلقادر

یا غەوسی ئەعزەمم یا غەوسی نادر

بۆ هەر مەقسەدێ پەنام هێــناوه

ئەم شکات حاڵەم تەقدیم کریاوه

دەبـــــــێ وه سەهلی سوڵتانی گەیلان

گشت جێبەجێ کەی لە خزمەت یەزدان

ئەوڵ ئیمانم سوپاردوە وە تـــــــۆ

بە دەس شەیتانۆ نەمکەی ڕەنجەڕۆ

دووەم شـــەفاعەت بۆ گوناهم کەی

لای خوا گونام یەکسەر عەفو کەی

سێهەمڕازی دڵ وە نیـــازەوە

ئەمری ئیجرا بیٚ لە شابازەوە

بدە نەجـــــــــــاتم بیکە خەڵاتم

یا غەوس وەک مینە سەگی دەرگاتم

- ویساڵی دەفەرموێت[204]:

منم عەبدی زەلیلی تۆ، مەدەد یا شاهی گەیلانی

لەبۆ عالەم دەلیلی تۆ، مەدەد یا شاهی گەیلانی

غــوڵامی ئەبروانی تۆم، فیدای غونچەدەهانی تۆم

شەبانی ئوشترانی تۆم، مەدەد یا شاهی گەیلانی

فیدایی خادمانی تۆم، هەموو دەم پاسەبانی تـــۆم

[204] جمال محمد محمد امين : ديوانی ويساڵی ، مطبعة دار الجاحظ للطباعة و النشر – بغداد ، ل ١٩٥ – ١٩٦ - ١٩٧

چو کەلبی ئاستانی تۆم، مەدەد یا شاهی گەیلانی

تـــــــویی آن یوسف ثانی، منم این پیر کنعانی

بۆیە وا بووم بە بریانی، مەدەد یا شاهی گەیلانی

ئەبر بۆ تۆ دەناڵێنێ، بەدائیم ئەشک دەڕژێنـــــێ

مەلەک بۆ تۆ دەهاڕێنێ، مەدەد یا شاهی گەیلانی

غەریقی بەحری عوسیانم، ئەسیری بەندی هیجرانم

کە چاکی تیغی حیرمانم، مەدەد یا شاهی گەیلانی

نیازی قەلبی مەجنوونی، دەوایی مەردی مەحزوونی

چراغی دەشتی هاموونی، مەدەد یا شاهی گەیلانی

غـــــــەریبی موڵکی ئالانم، پەشێوی ماهی تابانم

بەسانی شێخی سەنعانم، مەدەد یا شاهی گەیلانی

لە حەسرەت پرتەوی ڕەنگت، لەبۆ سەروی قەدی شەنگت

کە مردم بۆ سەدای چەنگت، مەدەد یا شاهی گەیلانـــــی

نەماوە ڕاحەتی جـــــــانم، بە جۆشە تابی گریانم

حەریقی زەیقی زیندانم، مەدەد یا شاهی گەیلانی

لە حوسنا یۆسفی سانی، تۆیی ئەی نووری یەزدانی

تۆ هەم جانی و جانانی، مەدەد یا شاهی گەیلانـــی

فیداتم ئەی گوڵی جیلان، لەبی تۆ چەشمەیی حەیوان

دەوا فــــەرموو دڵی بوریان، مەدەد یا شاهی گەیلانی

زەلیلی نەفس و شەیتانم، کە مەحوی ژەنگی عوسیانم

وەدەرخە تیغی ئیمانم، مەدەد یا شاهــــــی گەیلانی

شوعاعی نووری ڕەحمانی، حەبیبی غەوسی ئینسانی

پـــەنای جەمعی موریدانی، مەدەد یا شاهی گەیلانی

ڕەئیسی ئەولیای دونیا، تۆیی ئەی ساکنی بــــەغدا

تۆیی شەمعی شەبی یەڵدا، مەدەد یا شاهی گەیلانی

عـــەنادیل بۆ گوڵی ڕووتە، لەگەڵ گریە و فوغان جووتە

دڵیش بۆت مات و مەبهووتە، مەدەد یا شاهی گەیلانی

ویساڵی بۆ ویساڵی تۆ، دەکا وەســفی کەماڵی تۆ

چرای دینە جەماڵی تۆ ، مەدەد یا شاهی گەیلانی

## بەشی هەشتەم : مزگەوت و مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی [205] :

- کاتژمێرە گەورەکەی ناو حەوشەی قادری : ئەم کاتژمێرە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٣١٧ک – ١٨٩٩ز) ، واتا لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم و دەوڵەتی عوسمانیەوە ، کاتژمێرەکە چوار ڕووە ، لە ناوەوە قادرمەی تێدایە ، لە خوارەوەی کاتژمێرەکە قەفەسی کۆترەکان هەبوو کە ئێستا شوێنەکەی گواستراوەتەوە . کاتژمێرەکە لەسەردەمی یەکەم سەرۆک وەزیرانی عێراق "سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب" بونیاد نرا لەسەر تێچووی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم بەڵام ئەمە دوای کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی بووە ، کاتژمێرەکە لەلایەن هەمان ئەو کۆمپانیایە دروست کراوە کە کاتژمێری "بیگ بین"ی لە لەندەن دروست کردووە .
- منارەی حەوشەی قادری : لە ساڵی (١٣٧١ک - ١٩٥٢ز) بونیاد نراوە ، پێشتر منارەکە دامەزراو بووە بەڵام بەهۆی هێرشەکان بۆسەری و زۆری مێژووەکەی

---

[205] بۆ زانیاریەکانی ئەم بەشە سودم لە زنجیرە ڤیدیۆیەکی توێژەر "سەباح سەعدی" وەرگرتووە لە کەناڵی یوتیوبی "البغدادیون Albaghdadion" کە زنجیرەکە لە پێنج بەش پێکهاتووە بەم ناونیشانانە :

1. رحلة الى مرقد الشيخ عبد القادر الكيلاني ج1
2. رحلة الى مرقد الشيخ عبد القادر الكيلاني ج2 واهم المعالم
3. رحلة الى مرقد الشيخ عبد القادر الكيلاني ج3
4. الشورب خانة رحلة الى مرقد الشيخ عبد القادر الكيلاني ج4 الشوربة خانة مطبخ الخيرات
5. رحلة الى مرقد الشيخ عبد القادر الكيلاني ج5 المكتبة والمتحف

تێکچووە و شێواوە ، بۆیە دووبارە نۆژەن کراوەتەوە لەلایەن "سەلمانی نەقیب" لەسەر شێوازی سەلجوقی .

- گۆڕەکانی نزیک حەوشـــەی قادری : گۆڕێکی تێدا هەبوو کە گۆڕی "ئەحمەد شەرەفەدین" بوو بەڵام دواتر بردرا بۆ شوێنێکی تر ، تەنها گۆڕی شێخ ساڵەح و شێخ عەبدولجەباری کوڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی مایەوە .
- حەوشەی قادری : ژورێک لە ساحەی قادری تایبەتە بە حەڕەمی شافیعی ، بەڵام مێژووەکەی زۆر کۆن نییە ، لەو کۆنتر حەڕەمی حەنەفی یە ، ژێرزەمینێک لە حەوشـــەی قادری هەیە کە لە کۆندا نەبووە و دوای نۆژەنکردنەوە دروســـت کراوە ، ســـەرەتا بەو مەبەســـتە دروســـت کراوە کە بکرێت بە بازاڕێک نزیک لە مەرقەدەکە بەڵام دواتر بڕیاردرا کە بکرێت بە ژووری میواندۆســـتی ، نزیکەی هەشتا و شەش ژووری تێدایە ، زیارەتکاران لەباتی ئەوەی بڕۆن بۆ هۆتێلەکان دێنە ئەوێ و بەخۆرایی دەمێننەوە و بەخۆرایی نـان و ئـاو دەخۆن ، شـــۆربـا خانەکە پێشـــتر لە نزیک ســـاحەی قادری بووە بەڵام دواتر شـــوێنەکەی گواستراوەتەوە . قوتابخانەی قادری مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٥٠٥ک -١١١٢ز) ، لەســـەر دەســـتی ئەبو ســـەعیدی مەخرەمی کە شـــێخی شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە دامەزراوە کە دادوەر بووە بەڵام دواتر خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردنی زانســـت و تەریقەت ، لە ســـاڵی (٥١١ک – ١١١٧ز)

شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی بەڕێوەبردنی ئەم شـــوێنەی گرتە دەســـت بە فەرمانی شـــێخەکەی ، یەکەم نۆژەنکردنەوەی لە ســـاڵی (٥٢٧ک -١١٣٣ز) ئەنجامدرا لەلایەن خەڵکی بەغداد و بەتایبەت بازرگانەکانی ناوچەی ڕەسافە ، پاشان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیشەوە نۆژەن کرایەوە لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونیەوە بۆ سەردەمی سوڵتان مورادی چوارەم هەتا لە کۆتاییدا لە ســەردەمی ســوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم بوو . ئەم شــوێنە چەند جارێک دووچاری تێکدان و ڕوخاندن بووەتەوە لەلایەن هێرشـــەکانی مەغۆڵیەکان و هێرشەکانی سەفەویەکان .

مەرقەدی حەزرەتی گەیلانی : لە دەرگـای ژورەوەی مەرقەدەکە دوو لەوحە هەڵواسراوە کە دانەیەکیان ڕەچەڵەک و نەسەبی شێخ عەبدولقادری گەیلانیە لە باوکیەوە هەتا ئیمامی حەســـەن و لە دایکیەوە هەتا ئیمامی حوســـەین (ڕەزای خودایان لەســـەربێت) ، لەوحەکەی تریش ســـلســـیلەی تەریقەت و پۆشـــینی خەرقەیە لە شـــێخ عەبدولقادری گەیلانیەوە بۆ حەزرەتی پێغەمبەر (صـلی اللە علیە وســلم) ، لە ســەرەوەی دەرگای مەرقەدەکە ناوی ســوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم نوسراوە ، کاتێک سوڵتان عەبدولحەمید ناوی خۆی و باوک و باپیرانی لە سەر دیواری دەرگای مەرقەدەکە نەخشێنرا ، پێیان فەرموو کەوا ئێستا ناوی ئەو بەرزترە لە قەبری شێخ عەبدولقادری گەیلانی ، ئەویش

فەرمانی کرد کە لەسەروو ناوی خۆیەوە نازناوەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و نەسەبەکەی بنوسرێتەوە ، ڕەنگ ئاڵتوونیکردنی نوسینەکانی سەر دیوارەکەش لەسەر تێچووی سەید خالیدی گەیلانی بوو ، دەرگای مەرقەدەکە لە هیندستان دروست کراوە لە داری بەڕوو ، نەخشاندنێکی هیندی تایبەتی بۆ کراوە ، لەسەر تێچووی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم دروست کراوە ، کۆمەڵە نوسینێکی لەسەر نوسراوە بە مەبەستی تەبەروک و داواکردنی شەفاعەت و ئاسانکردنی کاروبار ، ئاسنی دەوری مەرقەدەکە پێشتر جۆرێکی تر بووە بەڵام گۆڕاوە لە ساڵی (١٣٩٠ک – ١٩٧١ز) لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکر و ئاسنە کۆنەکە کرایە دیاری بۆ سەر مەرقەدی شێخ جونەیدی بەغدادی ، ئاسنە نوێکەی دەوری مەرقەدەکە لە زیوی پوخت دروست کراوە لە پاکستان ، لە بەشی خوارەوەی ئاسنەکەش سەید خالید گەیلانی لەسەر تێچووی خۆی بەستەرێکی زیوی پوختی دروستکرد بۆ توندکردنی ئاسنی دەوری مەرقەدەکە ئەمەش بۆئەوەی بەهۆی زۆری زیارەتکاران نەکەوێت ، لە پاڵ سەرەوەی مەرقەدەکە پەنجەرەیەک هەیە کە تاڵەمووەکانی ڕیشی پێغەمبەری ﷺ تێدا هەڵگیراوە و تەنها لە مەڕاسیمە تایبەتیەکان دەردەهێنرێت بەتایبەت شەوی قەدر بە ئامادەبوونی بنەماڵەی گەیلانی ، ئەم تاڵە مووەی ڕیشی پێغەمبەر ﷺ سوڵتان موڕادی چوارەم لە تورکیاوە هێناویەتی بۆ مەرقەدەکە و

پێشـــکەشـــی مەرقەدەکەی کردووە و ئەم تاڵە مووە لەگەڵ نوســـراوێکدایە کە مۆری عوســـمانی پێوەیە و ئەو نوســـراوە ســـەنەدێکە کە پشـــتڕاســـتی ئەو تاڵە مووە دەکات ، دەرگای ژێر پەنجەرەی تاڵە مووەکە شـــــوێنی نوێژکردنی تایبەت بە بنەماڵەی گەیلانیە لە ڕۆژی هەینیدا ، ژورێکی تر لە تەنیشـــــت مەرقەدەکە هەیە کە ئەم ژوورەیان ژووری خەڵوەتکردنی شێخ عەبدولقادری گەیلانیە ، کە تێیدا خوداپەرستی دەکرد ، سورەیای ناوەوەی ئاسنی مەرقەدەکە لە نزیکەی چوار کیلۆ ئاڵتون دروســـــت کراوە ، دایکی ســـــولتان ســـــولەیمانی قانونی پێشـــکەشـــی کرد بە مەرقەدەکە ، تاجی ناو مەرقەدەکە نیشـــانەیە بۆ تاجی ئەولیا و لە هیندســـــتان دروســـــت کراوە لە زیوی پوخت ، ســـــندوقەکان دەستنوسی قورئانی پیرۆزیان تێدایە کە بە ئاوی ئاڵتوونی نوسراون هەروەها بەردی بەنرخی تێدایە و لەلایەن ســـولتان مورادی چوارەم بەدیاری پێشـــکەش کراوە ، بەرگە شـینەکەی ســەر مەرقەدەکە بەرگێکی تورکیە پێشـــکەش کراوە لەلایەن سەرۆکی تورکیا "ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ".

- سیلسیلەی تەریقەت : لە پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ ئیمامی عەلی لەویشەوە بە دوو ڕێگـادا هـاتووە تەریقەتەکە ، ڕێگـایەکیـان لە ئیمـامی عەلیەوە بۆ ئیمـامی حوســـەین بۆ ئیمام عەلی زەینەلعابدین بۆ موحەمەدی باقر بۆ جەعفەری سادق بۆ موسای کازم بۆ عەلی ڕضا بۆ شێخ مەعروفی کەرخی ، ڕێگەیەکیان

لە ئیمامی عەلیەوە بۆ شێخ حەسەنی بەسڕی بۆ شێخ حەبیبی عەجەمی بۆ شــێخ دادوی تائی بۆ شــێخ مەعروفی کەرخی ، پاشـــان لەم دوو ڕێگایەوە دەگەنەوە بە شێخ مەعروفی کەرخی و لەویشەوە تەریقەتەکە دراوە بە شێخ سری سقطی لەویشەوە دراوە بە شێخ جونەیدی بەغدادی لەویشەوە دراوە بە شێخ ئەبوبەکری شیبلی لەویشەوە دراوە بە باوکی شێخ عەبدولواحیدی تەمیمی و لەویشـــەوە بۆ شــێخ عەبدولواحیدی تەمیمی (لێرەشـــدا لەوانەیە کەسانێک بپرسن کە بۆچی لە سیلسیلەی شێخەکانی تەریقەتەکاندا ناوی باوکی شــێخ عەبدولواحیدی تەمیمی نەهاتووە ؟ شــێخ یەڵماز لە وەڵامی ئەم پرســـــیارە دەفەرموێت : لەبەر کورت و پوختکردنەوەی زنجیرەکەیە کە ناوی ناهێنرێت) لەویشــــەوە بۆ شـــێخ ئەبولفەرەجی تەرتوســــی لەویشــــەوە بۆ ئەبولحەســــەن عەلی هەکاری بۆ ئەبو ســــەعید موبارەکی مەخزومی بۆ حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی .

- گۆڕســتانی نزیک مەرقەدەکە : ئەم گۆڕســتانە تایبەتە بە بنەماڵەی گەیلانی و پیاوچاکان و ئەو زانایانەی لەو شوێنە وانەیان وتووەتەوە ، لەوانەش:
    - شێخ خالید عەبدولڕەحمانی نەقشبەندی
    - شێخ عەبدولکەریمی بیارە (موفتی عێراق)
    - شێخ عەبدولموحسین سەعدون (سەرۆک وەزیران)

- گۆڕی موریدێکی هیندی لەوێ نێژراوە
- شێخ مەحمود مهاوش کوبەیسی (شێخی تەریقەتی شازلی لە بەغداد)

هاوکات من وەک لێکۆڵەر و ئامادەکاری ئەم کتێبە توانیم لەلایەن بنەماڵەی گەیلانیەوە ناوی زۆرێک لە نێژراوان لەم گۆڕستانەم دەست بکەوێت و لێرەدا ناویان دەهێنم:

❖ لە بنەماڵەی گەیلانی:

- سەید عەبدوڵڵا موئەیەد کوری سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب
- سەید وەلید موحیەدینی گەیلانی
- سەید کامل عەبدولوەهابی گەیلانی
- علویە فەخریە عەبدولڕەزاق گەیلانی
- علویە مەحاسن محمد موکەرەم
- سەید قەیس شەهاب
- علویە سوهەیلە عەلی محمد
- سەید کازم نزار
- سەید مبدر کامل

- علویە ابتسام عەلی زەینەدین
- علویە فەهیمە عوسمان
- علویە ئەمینە
- سەید حەسەن طالب عەلی
- سەید عەبدولکەریم فائیز
- علویە نەبیهە محمد یاسین
- سەید حسین محمد یاسین
- سەید عەبدولجەبار فائیز
- سەید ئەحمەد عەبدولحەمید
- سەید محێدین عەبدولڕەزاق
- سەید یاسین موحەمەد
- علویە ئایە جمال
- سەید قاسم ئەحمەد مستەفا
- علویە گیلانیە محمود فەیزوڵڵا
- سەید ئەحمەد ڕەشید عوسمان
- علویە مەنال عەبدولحەمید
- علویە گەیلانیە کچی سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب

- سەید عەبدولڕەزاق عەبدولجەبار فائیز
- علویە بەدیعە عەبدولحەمید
- سەید ناسر کوڕی سەید سەفائەدین کوڕی سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب
- علویە ڕەفیعە سەفائەدین
- سەید عەبدولحەمید ئەحمەد
- علویە ئەسماء سەید عەلی
- سەید سالم کوڕی سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب (بەرپرسی ئەوقافی قادری)
- سەید عومەر شەهابەدین
- علویە زەینەب قەیس
- علویە مونیرە داود زیائەدین کوڕی سەید سەلمانی نەقیب
- سەید ئیبراهیم عەلی
- سەید عەبدولمەجید بورهانەدین کوڕی سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب (بەرپرسی ئەوقافی قادری)
- علویە فاتیمە حەسەن عەلی
- علویە مونیرە موستەفا

- سەید عەبدولعەزیز موعەزیز کوڕی سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب
- علویە نەسریە هاشم عبدالله
- سەید موحەمەد سالح هاشم
- سەید سافی ڕەشید
- سەید حوسەین عەلی
- سەید کەمال هاشم عەبدوڵلا
- سەید طالب عەلی
- علویە فەهیمە سەید عەلی
- علویە مەیسون شەهابەدین خێزانی سەید ئەحمەد گەیلانی
- سەیدە ساجیدە حەیدەری
- سەید مستەفا کوڕی شێخ زەینەدینی ئەسغەر
- حیسامەدین کوڕی شێخ نورەدین

❖ بنەماڵەی تاڵەبانی:

- شێخ ڕەزا ئەفەندی تاڵەبانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)
- شێخ عەبدوڵلا ڕەزا تاڵەبانی

- شێخ حەبیب عەلی تاڵەبانی
- ڕەحمەتوڵڵا کوڕی شێخ عەبدوڵڵا تاڵەبانی
- حەسنیە کچی شێخ عەلی تاڵەبانی

❖ بنەماڵەی حەیدەری:

- نازیم عەبدولڕەحمان پاشا حەیدەری
- ئیبراهیم حەیدەری (موفتی دەوڵەتی عوسمانی)
- فاتیمە ئەمینە عەبدوڵڵا سالم
- سەلمان داود ئیبراهیم
- عەبدولڕەحمان پاشا
- عەبدوڵڵا سالم
- حازم عەبدولڕەحمان صالح
- مونعیم داود پاشا
- عەبدولقادر سیبغەتوڵڵا
- بەهیجە موحەمەد درویش
- کازم عەبدولڕەحمان پاشا
- مونیر حەیدەری

❖ بنەماڵەی سەعدون:

- عەبدولموحسین سەعدون (سەرۆک وەزیرانی عێراق)
- شجر حامید ئەلفەهد
- عەلی عەبدولموحسین
- موحەمەد بک ئەلفەهد
- عەبدولکەریم فەهد پاشا
- حمد بک فهد پاشا
- واصف عەبدولموحسین
- عەبدولمەجید فەهد
- صەفوک ئەلغەیدان
- ترکی عەبدولهادی
- خالد عەبدولهادی
- عەبدولهادی فەهد پاشا
- عومەر موختار عەبدولعالی

❖ بنەماڵەی نەقشبەندی:

- ڕەشید عەبدولغەفار
- شێخ عەبدولغەفار عەبدولڕەزاق
- غەنی زەنیل

- شێخ خالید عەبدولغەفار
- شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا
- موحەمەد عزەلعەرەبی نەقشبەندی
- ئەحمەد حوسێن نەقشبەندی
- نوری عەبدولغەفار
- نزار خالد
- راجحە خان کچی ئەحمەد نەقشبەندی

❖ بنەماڵەی الهذال:

- شێخ عجیل کوڕی محروث الهذال
- شێخ موهەنەد کوڕی عەبدولموحسین الهذال
- شێخ مەحروث کوڕی فەهد بک الهذال

❖ بنەماڵەی چادرجی:

- سەید کامل چادرجی
- ڕیفعەت چادرجی
- صەبیحە ڕیفعەت چادرجی
- ڕەئوف ڕیفعەت چادرجی

❖ بنەماڵەی بابان:

- سەڵاحەدین ڕۆستەم بابان
- خالید سەڵاحەدین بابان
- زەکیە سەلیم بابان
- عەفیفە جەمیل بابان
- بەهیجە سەلیم بابان

❖ بنەماڵەی جاف:

- ئەنوەر جاف (سەرۆک عەشیرەت)
- سەعید قادر جاف
- عەبدولحەمید عەبدولمەجید عوسمان پاشا حامید جاف
- بورهان عەبدولحەمید جاف
- ئەحمەد بک محمد صالح

❖ بنەماڵەی موفتی:

- دکتۆر کامل عومەر موفتی
- سەلوا کامل عومەر موفتی
- ئەمەل کامل عومەر موفتی

❖ بنەماڵەی دەفتەری:

- مەحمود سوبحی دەفتەری

- بنەماڵەی عمری:
  - عەبدولباقی عمری
- بنەماڵەی العوا:
  - سەفوەت پاشا العوا
  - ڕەبیعە سەفوەت العوا
  - دایکی سەفوەت پاشا العوا
- بنەماڵەی یاوەر:
  - عەلی عەبدولڕەزاق یاوەر
  - نەزیهە عەلی عەبدولڕەزاق یاوەر
- بنەماڵەی ئاغا:
  - موستەفا حاجی سەعید ئاغا
  - جەلال حاجی سەعید ئاغا
  - ئامینە سەعید ئاغا
  - فائیزە موستەفا سەعید
  - بەهیە سەعید عوسمان ئاغا
- زاناکان:

- شـــێخ عەبدولکەریم موحەمەد فەتاح مودەریس (موفتی عێراق – مەلا عەبدولکەریمی مودەریسی بیارەیی)
- عەلامە یوسف عەتا (موفتی عێراق)
- مەحمود مهاوش کوبەیسی
- کەمالەدین عەبدولموحسین تائی
- شێخ موحەمەد تاها بالیسانی
- شێخ قاسم ئەلقەیسی

❖ فەرمانبەرەکان:

- حاجی عوســمان فەرحان ئیســماعیل (کارگێڕی ئەوقافی قادری)
- حاجی مەجید عیســـا العکیدی (لە ئەوقافی بنەماڵەی سەید یوسف گەیلانی کاری کردووە)

❖ بنەماڵەی ریزە لی:

- سەڵاحەدین ڕەزا موحەمەد ریزە لی
- ڕەزا موحەمەد ئەفەندی ریزە لی
- مریەم ڕەزا ریزە لی
- حاجیە ئاسیا ڕەزا ریزە لی

❖ بنەماڵەی ترکلی:

- موستەفا ترکلی
- سورەیا ڕەشید موحەمەد سەعید
- سنیە موحەمەد ڕەشید
- عەبدولجەبار ترکلی

- چێشـــــتخــانەی خێرخوازی مەرقەدی گەیلانی : ئەمە یەکێکە لە کۆنترین چێشتخانە خێرخوازییەکان ، لەسەر تێچووی بنەماڵەی گەیلانی خواردن ئامادە دەکرێت ، لە حەوشــەی چێشــتخانەکە چەند بەشــێک هەیە کە تەلبەند کراون بەشــێکیان تایبەتە بە مەڕ و بەشـــێکیان بە مانگا و بەشـــێکیان بە حوشـــتر کە دەکرێنە قوربانی و لە چێشتخانەکە بەسەر هەژاران دابەش دەکرێن ، کەمترین خواردن لەم چێشـــــتخانەیە چارەکە کیلۆیەک گۆشـــــتی لەگەڵە ، ناو هۆڵی چێشتخانەکە دوو پەنجەرە هەیە کە یەکێکیان بۆ پیاوانە و ئەوەی تر بۆ ئافرەتانە ، خەڵک سەتڵ و جام و دەفری گەورە دەهێنن و بۆیان پڕ دەکرێت ، بۆ خواردنی بەیانیان پڕی ٤٠ کیلۆ برنج و ٥٠ کیلۆ برنج و ٢٥ کیلۆ فاســــۆلیا یان پەتاتە ، و ڕۆژانە نزیکەی ٥٠ بۆ ٦٠ کیلۆ گۆشت لە شێوەی شۆربای گۆشت پێشکەش دەکرێت ، لە هەموو ناوچە جیاکانی بەغدادەوە ڕوودەکرێتە چێشـــــتخانەکە ، هەندێک میوان دێن تەنها بۆ خواردنی کەوچکێک لە خواردنەکە بۆ بەرەکەت ،

پەنجەرەکانی چێشــتخانەکە بەشــێوەیەک دروســت کراون کە ڕوخســارەکان نەبینرێت بەمەش بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هەموویان بەبێ جیاوازی دابەش دەکرێـت ، ڕۆژانە جگە لە ڕۆژی هەینی هەموو ڕۆژەکـانی تر دووژەم خواردن دابەش دەکرێت کە یەکێکیان ژەمی بەیانیە کاتژمێر ١٠:٣٠ و ئەوەی تریشیان ژەمی نیوەڕۆیە کاتژمێر ١:٣٠ .

- کتێبخانەی قادری : ئەم کتێبخانەیە چەندین دەســـتنوســـی کۆنی تێدایە ، هەروەهـا ئـامێرە کۆنەکـانی چـاپکردنی کتێـب و نوســـینەوە و بەرگتێگرتن و چاککردنی پارێزراون تێیدا ، ئەم کتێبخانەیە دوای مردنی شـێخ ئەبو سـەعیدی مەخزومی بووە موڵکی قوتابخانەی بەشــیری ، زانســتی فەلەک و ئابووری و زانســـتەکانی تر زیادکران بۆ خوێندن هاوشـــانی زانســـتی شـــەرعی ، دەســـتنوســـی فەرمانەکانی دامەزراندنی بنەماڵەی گەیلانی تێدا پارێزراوە ، هەندێک لە دەســـتنوســـەکان داپۆشـــراون بە پەڕۆیەک بۆ ئەوەی ڕووناکی ژوورەکە کـاریـان تێـدا نەکـات و حیبرەکەی تێـک نەدات ، ، کتێـب هەیە لەم کتێبخـانەیە کە لەکـاتی هێرشـــەکـانی مەغۆلـدا لەنـاو ڕووبـاری دیجلە هەڵگیراوەتەوە .

## بەشـــی نۆیەم : زانیاری زیاتر لەســـەر مزگەوت و مەرقەدی شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی [206] :

❖ مزگەوتی سەید شێخ عەبدولقادری گەیلانی :

ئەم دامەزراوە ڕۆشـــنبیریە گەورەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ســـەرەتاکانی سەدەی شەشەمی کۆچی ، یەکەم قوتابخانەی زانستیە لەسەر مەزهەبی حەنبەلی ، سـەرەتا پێی وتراوە (قوتابخانەی مەخرەمی) ئەوەش لەبەر ئەوەی دراوەتە پاڵ دامەزرێنەرەکەی کە دادوەر ئەبو ســـەعید موبارەکی مەخرەمیە و یەکەم کەســـە کە وانەی تێـدا وتووەتەوە و دوای مردنی دامەزرێنەرەکەی وانەکان دەوترانەوە لەلایەن شێخ عەبدولقادری حەسەنی حوسەینی گەیلانی بەغدادی ، ساڵی (٥٢٠ ک – ١١٢٦ ز) شێخ عەبدولقادر دانیشت بۆ ئامۆژگاری کردن و وانەوتنەوە ، ســـاڵی (٥٢٨ ک - ١١٣٤ز) مزگەوتەکە فراوان کرایەوە ، ساڵی (٥٦١ ک - ١١٦٥ ز) شێخ عەبدولقادر وەفاتی کرد و منداڵ و نەوەکانی وانە وتنەوەیان گرتە ئەســـتۆ ، ســـاڵی (٦٩٥ ک – ١٢٩٦ز) مەزاری شـــێخ عەبدولقادر نۆژەنکرایەوە و دادوەری بەغداد پەردەیەکی لە ئاوریشم تێیدا دانا ، ســـاڵی (٩٠٤ ک – ١٤٩٩ز) بڵندگۆی نزیک دەرگای ڕۆژهەڵات دروســـت کرا ، ساڵی (٩١٤ ک – ١٥٠٨ز) شـا ئیسـماعیلی سـەفەوی هێرش دەکاتە سـەر بەغداد و مەرقەدەکە دەشـــێوێنێت و بنەماڵەی گەیلانی دەربەدەر دەبن بەرەو حەلەب و قاهیرە و ناوچەکانی تر ، ســـاڵی (٩٤١ ک – ١٥٣٥ز) ســـوڵتان ســـلێمانی قانونی دەســـت بەســـەر بەغداد دەگرێت ، هەڵدەســـتێت بە نۆژەنکردنەوەی مەزارگەکە و ڕوخاندنی قوبە کۆنەکە و دروستکردنی دانەیەکی

---

[206] بۆ زانیاریەکانی ئەم بەشە سودم لە پەڕەی فەرمی مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و ئەوقافی قادری وەرگرت لە فەیسبوک کە لەلایەن بنەماڵەی گەیلانیەوە بەڕێوە دەبرێت و ناوی پەیجەکە بریتیە لە : متوليا جامع الشيخ عبد القادر الكيلاني والاوقاف القادرية Sheikh Algailan

تر له شـوێنی ئەو ، له تەنیشـت مەرقەدەکه شـوێنی میوانداری بۆ هەژاران و بێوەژنەکان و خەڵکی شارەکه و دەوروبەری دروست دەکات ، ساڵی(١٠٣٣ ک – ١٦٢٤ز) شـــا عەباســـی ســـەفەوی دەســـتی بەســـەر بەغداد گرت و مزگەوتەکەی ڕوخاند ، ســاڵی (١٠٤٨ ک – ١٦٣٨ز) ســوڵتان مورادی چوارەم توانی بەغداد بگرێتەوە و مزگەوتەکانی نۆژەن بکاتەوە ، ســـاڵی (١١٢٣ ک – ١٧١١ز) مزگەوتەکه نۆژەنکرایەوە لەلایەن سولتان ئەحمەدی سێهەم ، ساڵی (١١٣٩ ک – ١٧٢٧ز) ئەحمەد پاشای والی بەغداد هەستا به نۆژەنکردنەوەی گشـــتی مزگەوتەکه و دروســـتکردنی شـــوێنێک که هەژارەکان و زانایان تێیدا نیشــتەجێ ببن و دروســتکردنی قوتابخانەیەکی ئاینی ، ســاڵی (١١٧١ ک – ١٧٥٨ز) ســلێمان پاشــا نۆژەنکردنەوەیەکی گشــتی و چاکســازی زۆری کرد ، ساڵی (١٢٤١ ک – ١٨٢٦ز) سەید مەحمودی کوری زەکەریای قادری هەستا به نۆژەنکردنەوەی ، ســـاڵی (١٢٨٢ ک – ١٨٦٥ز) ســـەید ســـەلمان قادری هەندێ باڵەخانەی مزگەوتەکەی نوێ کردەوە و تاقێکی بەرزی بونیاد نا ، ســاڵی (١٢٩٧ ک – ١٨٨٠ز) ســەید ســەلمانی کوڕی ســەید عەلی منارەی ڕۆژئاوای دروســت کرد ، ســاڵی (١٣١٧ ک – ١٨٩٩ز) ســەید عەبدولڕەحمانی نەقیب هەستا به دروستکردنی شوێنی نوێژی هاوینه و منارەی سەعاتەکه ، ســـاڵی (١٣٧٣ک -١٩٥٤ز)ســـەید یوســـف گەیلانی و بورهانەدین گەیلانی هەســـتان به نۆژەنکردنەوەیەکی گشـــتی و نوێکردنەوەی قوبەکه به ڕەنگی شـــین و ســـپی هەروەها نوێکردنەوەی شـــوێنی دەســـتنوێژی هاوینه و چاککردنەوەی چێشـــتخانەکه و دانانی بناغه کۆنکرێتیەکان ، بۆ کتێبخانەی قادریه هۆڵێکی تایبەت له نهۆمی سەرەوە دانرا لەلایەن سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب و یەکەم جار کرایەوە بەڕووی خوێنەراندا ســـاڵی (١٣٧٣ک - ١٩٥٤ ز) دوای ئەوەی که سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب وەسیەتی کرد که کتێبەکانی

وەقف بێت لەسـەر کتێبخانەی قادری و ئەوکاتە گەیشـتبووە ٨٠٠ بەرگی دەسـتنوس و ٤٠٠٠ بەرگی چاپکراو و ڕەنگی سـور تایبەت بوو بە بەرگتێگرتنی کتێبەکانی ، بنەماڵەی گەیلانی بەردەوامبوون لە فراوانکردنی کتێبخانەکە و دواتر ژووری تەنیشـتی بۆ زیاد کرا ، لە سـاڵی (١٣٨٤ک - ١٩٦٥ز) هۆڵێکی نوێ دروسـت کرا و ڕووبەرەکەی ١٨٠ م چوارگۆشـە بوو و کرایەوە لە سـاڵی (١٣٨٦ک – ١٩٦٧ز) ، لە ماوەی چەند سـاڵێکدا باڵەخانە کۆنەکە ڕوخێندرا کە کتێبخانەکە و چێشـتخانەکەی لەخۆ گرتبوو و ژووری گەورە بۆ شـێخەکانی تەریقەتی قـادری دروسـت کرا و کتێبخـانەیەکی گەورە بە دوو نهۆم لە ڕووبەرێکی زۆر فراوان ، ئەوقافی قادری و چێشـتخانەکە گواسـترانەوە لە شوێنە کۆنەکەیانەوە بۆ شـوێنە نوێکەیان لەو جادەیەی دەڕوات بەلای گۆڕسـتانی غەزالی .

❖ کتێبخانەی قادری :

سـەرەتـاییترین کتێبەکـانی کتێبخـانەی قـادری بریتیە لە کتێبەکـانی دامەزرێنەرەکەی کە دادوەر ئەبو سـەعیدی مەخرەمیە ، دوای کۆچی دوایی دامەزرێنەرەکە کتێبخانەکە لە ژێر سـەرپەرشـتی شـێخ عەبدولقادری گەیلانی بوو بۆیە بە جوانی خزمەتی دەکرد و کتێبەکانی زیاد کرد و دوای ئەویش کور و نەوەکانی پارێزگاری کتێبەکان بوون ، بەهۆی هێرشـە بەردەوامەکان بۆ سـەر قوتابخانەکە بووە هۆی ئەوەی چەندین نوسراوی دەگمەنی زاناکان لەناو بچێت و پەرتەوازە ببێـت ، بنەمـاڵەی گەیلانی بە کتێبەکـانیـان ئەم کتێبخـانەیەیـان دەوڵەمەند کرد ، لەوانەشـی کە بوونەتە هۆی فراوانکردنی ژمارەی کتێبەکانی کتێبخانەکە :

- ✓ سـەید عەلی قادری
- ✓ سـەید ڕەمەزان قادری


- ✓ سەید سلێمانی نەقیب
- ✓ سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب
- ✓ سەید یوسف گەیلانی
- ✓ سەید بورهانەدین گەیلانی


❖ پەردەی سەر مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی :

- ✓ یەکەم پەردە کە لەسەر مەرقەدەکەی دانرا لە لایەن خەلیفەی عەباسی "المستنجد بالله" بوو .
- ✓ لە ساڵی (٥٦٦ ک - ١١٧٠ ز) خەلیفەی عەباسی "المستضيء بالله" پەردەیەکی لە ئاوریشم و پۆشراو بە ئاڵتوون لەسەر مەرقەدەکە دانا .
- ✓ لە ساڵی (٥٧٣ ک - ١١٧٧ ز) عەماری کوڕی سەلامەی حەنبەلی کە یەکێک بوو لە بازرگانەکانی بەغداد پەردەیەکی لەسەر مەرقەدەکە دانا .
- ✓ لە ساڵی (٦٠٣ ک - ١٢٠٦ ز) شێخ عیمادەدین قاسمی دامغانی کە دادوەری بەغداد بوو پەردەیەکی ئاوریشمی لەسەر مەرقەدەکە دانا .
- ✓ لە ساڵی (٦٠٦ ک - ١٢٠٩ ز ) ئەمیری عەباسی عەلی کوڕی خەلیفە ناصر لدين الله پەردەیەکی لە ئاوریشم خستە سەر مەرقەدەکە.
- ✓ لە ساڵی (٦٥٦ ک - ١٢٥٨ ز) مەرقەدەکە ڕوخێندرا لەلایەن هۆلاکۆ لە کاتی کەوتنی بەغداد.
- ✓ لە ساڵی (٦٩٥ ک - ١٢٩٥ ز) دووبارە مەرقەدەکە بونیاد نرایەوە و شێخ عیمادەدین کە دادوەری بەغداد بوو پەردەیەکی ئاوریشمی خستە سەر مەرقەدەکە.
- ✓ لە ساڵی (٩١٤ ک - ١٥٠٨ ز) مەرقەدەکە ڕوخێنرا لەلایەن شا ئیسماعیلی سەفەوی.

- ✓ لە ســــاڵی (٩٤١ ک - ١٥٣٤ ز) دووبـارە مەرقەدەکە بونیـاد نرایەوە و ســـوڵتان ســـلێمانی قانونی پەردەیەکی ئاوریشـــمی خســـتە ســـەر مەرقەدەکە.
- ✓ لە ســــاڵی (١٠٣٣ ک - ١٦٢٣ ز) مەرقەدەکە ڕوخێنرا لەلایەن شـــــا عەباسی سەفەوی.
- ✓ لە ســــاڵی (١٠٤٨ ک - ١٦٣٨ ز) دووبارە مەرقەدەکە بونیاد نرایەوە و سوڵتان موراد پەردەیەکی لە ئاوریشم خستە سەر مەرقەدەکە.
- ✓ لە ســـاڵی (١٢٣٣ ک - ١٨١٧ ز) ســـەیدە عاتیکە کچی ســـەید عەلی نەقیب پەردەیەکی دروستکراو لە مرواری خستە سەر مەرقەدەکە.
- ✓ لە ســـاڵی (١٢٥٢ ک - ١٨٣٦ ز) ســـوڵتان مەحمود خانی عوســـمانی پـارچەیەک لە پەردەی ســـــەر مەرقەدی پێغەمبەر (صـــلی الله علیـه وسلم)ی هێنا و لەسەر مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دانا.
- ✓ ســـــاڵی (١٣٠٢ ک - ١٨٨٤ ز) زانا و بازرگانەکانی هیند پەردەیەکیان لە ئاوریشمی سەوز نارد بۆ سەر مەرقەدەکە.
- ✓ لە ساڵی (١٣٢٠ ک - ١٩٠٢ ز) لە هیندستانەوە پەردەیەک لە ئاوریشم نێردرا بۆ ئەوەی لەسەر مەرقەدەکە دابنرێت.
- ✓ لە ساڵی (١٣٤٧ ک - ١٩٠٢ ز) لە هیندستانەوە پەردەیەک لە ئاوریشم بۆ سەر مەرقەدەکە نێردرا.

## بەشی دەیەم : وێنەکان :



کتێبخانەی قادریە لەناو مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی

کە چەندین دەستنوسی کۆن و دەگمەن و بەڵگەنامەی مێژوویی و سەرچاوەی تێدایە





کتێبخانەی قادریە لەناو مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی



قورئانی دەستنوسی زۆر کۆن و دەستنوسی زانستەکان کە پارێزراوە لە کتێبخانەکە




دەستنوسی قورئان





دەستنوسی قورئان






مزگەوت و مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی






مزگەوت و مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی





دەرگای (باب الازج) لە مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی



قوبەی مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی پێش نۆژەنکردنەوە



قوبەی مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دوای نۆژەنکردنەوە



ئاسنی سەر قوبەی مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی کە بە ئاڵتوون ڕەنگ کراوە



دانانی ئاسنەکان لەسەر قوبەی مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی





چێشتخانەی خێرخوازی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی

کە هەموو ڕۆژێک خواردنی تێدا ئامادە دەکرێت و بەسەر هەژاران دابەش دەکرێت



نوێژی هەینی لە مزگەوتی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی



حەڕەمی حەنەفیەکان لە مزگەوتی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی




دەرگای دەرەوەی مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولجەبار و شێخ ساڵەحی کوڕی
شێخ عەبدولقادری گەیلانی



دەرگای ناوەوەی مەرقەدی شێخ ساڵەحی گەیلانی




مەرقەدی حەزرەتی شێخساڵەحی گەیلانی





دەرەوەی مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولجەباری گەیلانی




مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولجەباری گەیلانی



مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولعەزیزی گەیلانی لە ئاکرێ – باشووری کوردستان ، پێش نۆژەنکردنەوە




مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولعەزیزی گەیلانی لە ئاکرێ – باشووری کوردستان

دوای نۆژەنکردنەوە




مەرقەدی سەید زیائەدین شێخ عەبدولڕەزاق عەبدولقادر گەیلانی

شاری تشنگتشو – باکوری ڕۆژهەڵاتی چین




دەرگای دەرەوەی مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی




دەرگای یەکەمی ناوەوەی مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی




دەرگای دووهەمی ناوەوەی مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی





هەردوو لەوحەی نەسەبی پیرۆز و سیسلسیلەی تەریقەتی پیرۆزی شێخ عەبدولقادری گەیلانی




بەشی سەرەوەی دەرگای دووهەمی ناوەوەی مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی

تێیدا ناوی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم نوسراوە لەگەڵ باوک و باپیرانی

لەسەروو ئەویشەوە نازناو و ناوی باوک و باپیری حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی نوسراوە




لە سەرەوەی دەرگای مەرقەدەکە شیعرێکی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی نوسراوە



ڕووکاری دەرگای مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی




نەسەبی پیرۆزی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە دایک و باوکیەوە





سیلسیلەی تەریقەتی پیرۆزی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی




دەرگای مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی

کە لە داری بەڕوو دروست کراوە




نوسراوێکی سەر دەرگای مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی





بەشێک لە شیعری سەر دەرگای مەرقەدی حەزرەتی گەیلانی




بەشی دووهەم لە شیعری سەر دەرگای مەرقەدی حەزرەتی گەیلانی







وێنەی مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی پێش نۆژەنکردنەوە




وێنەی مەرقەدی شێخ جونەیدی بەغدادی ، کە ئاسنی سەر مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی گواسترایەوە بۆ ئەوێ دوای نۆژەنکردنەوە



مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە کاتی نۆژەنکردنەوە




مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دوای نۆژەنکردنەوە





مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی




ئاسنی سەر مەرقەدەکە لە زیوی پوخت دروست کراوە لە پاکستان



بەستەر بۆ توندکردنی ئاسنی مەرقەدەکە ، لەسەر تێچووی سەید خالید گەیلانی




ناو مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی




تاجی ئەولیا کە لە هیندستان دروست کراوە لە زیوی پوخت



سندوقی تایبەت بە هەڵگرتنی دەستنوسی قورئانی پیرۆز بە ئاوی ئاڵتوون و هەندێک لە بەردە بەنرخەکان



سورەیای ناو مەرقەدەکە کە لە نزیکەی چوار کیلۆ ئاڵتوون دروست کراوە



پەنجەرەی ژووری مەرقەدەکە کە تاڵە مووەی ڕیشی پێغەمبەر ﷺ تێیدا پارێزراوە

لە شەوانی قەدر و بە ئامادەبوونی بنەماڵەی گەیلانی دەردەهێنرێت





شوێنی خەڵوەتی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە ژووری تەنیشت مەرقەدەکە



خوێندنی ستایشی ئاینی لە ناو مزگەوتی حەزرەتی گەیلانی



ناوەندی فێرکردنی قورئان بۆ کوڕان لەناو مزگەوتی حەزرەتی گەیلانی



ناوەندی فێرکردنی قورئان بۆ کچان لەناو مزگەوتی حەزرەتی گەیلانی



خوێندنی قورئان بە کۆمەڵ لە مزگەوتی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی



مزگەوت و مەرقەدی حەزرەتی گەیلانی لە ڕەمەزاندا



منارەی حەوشەی قادری کە لەسەر شێوازی سەلجوقیەکان لەلایەن سەلمانی نەقیب نۆژەن کراوەتەوە





حەوشەی قادری لە مانگی مەولود (ربیع الاول) دا





ئەڵقەی زیکری دەروێشەکانی لقە جیاوازەکانی تەریقەتی قادری لە حەوشەی قادری



وێنەیەکی کۆنی مزگەوت و مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی



گۆڕستانی تەنیشت مەرقەدی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی



وێنەیەکی کۆنی گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ساڵی چلەکان



وێنەی گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی








مەرقەدی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە گۆڕستانی مزگەوتی گەیلانی



ئارامگای شێخ ڕەزای تاڵەبانی (شێخ ڕەزا ئەفەندی) لە گۆڕستانی مزگەوتی گەیلانی



وێنەیەکی کۆنی گۆڕستانی مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی



مەرقەدی ئومولخەیر ؛ دایکی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی

لە (ئێران : رشت - صومعه سرا – سردارجنگل دبستان رقیه – دست چپ)

هەرچەندە هەندێک لە سەرچاوە زانستیەکان پشتڕاستی ناکەنەوە کە ئەمە گۆڕەکەی بێت





یەکێک لە شوێنەکانی خەڵوەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی

لە (کوردستانی باشوور : باکوری ناحیەی کەڵەک)




سەید خالید گەیلانی – موتەوەلی و بەرپرسی مزگەوت و مەرقەدی گەیلانی



سەید شێخ هاشم الدین گەیلانی – شێخی تەریقەتی قادری لە جیهاندا

ئەو جبەیەی لەم وێنەیەشدا لەبەریەتی دەگەڕێتەوە بۆ سێ سەدە پێش ئێستا

کە سەید عەبدولڕەحمانی گەیلانی لەبەری کردووە





سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب

سەرۆک وەزیرانی عێراق لەساڵی (١٣٣٨ک - ١٩٢٠ز)

## بەشی یانزدەهەم : سەرچاوەکان :


1. ئانا مارى شـيمل : الأبعاد الصـوفية في الاسـلامي و تاريخ التصـوف ، منشـورات الجمل – كولونيا ، ٢٠٠٦ز، چ ١ .
2. إبراهيم زكي خورشيد: دائرة المعارف الإسلامية ، ١٩٣٤ز، چ ١ .
3. إبن رجب الحنبلي : الذيل على طبقات الحنابلة ، مطبعة الحلبي – القاهرة ، ١٩٥٢ز .
4. ابن عماد شهاب الدين الحنبلي الدمشقي : شذرات الذهب في أخبار من ذهب ، دار ابن كثير – دمشق ، ١٩٨٦ز ، چ ١ .
5. إبن كثير : البداية و النهاية ، مطبعة السعادة – مصر ، ١٩٦٨ز .
6. أبو الحسـن علي الحسـني الندوي : رجال الفكر و الدعوة في الإسـلام ، دار ابن كثير - دمشق ، ٢٠٠٧ز، چ٣.
7. الذهبي : سير أعلام النبلاء ، دار الرسالة للطباعة – بيروت ، ١٩٨٦ز ، چ ٤ .
8. بابه شێخ مەردۆخ ڕۆحانی : مێژووی ناودارانی کورد ، و. ماجد مەردۆخ ڕۆحانی ، ئەکادیمیای کوردی – هەولێر ، ٢٠١١ز ، چ ١ .
9. تاج الدين السـبكي : طبقات الشـافعية الكبرى ، تح : د. محمود محمد الطناحي ، دار هجر للطباعة و النشر و التوزيع – مصر ، ١٤١٣ ک ، چ ٢ .
10. Trimingham The Sufi Orders in Isiam Appendix D
11. جمال الدين فالح الكيلاني : من الشـك إلى اليقين (دراسـة في نسـب الشـيخ عبدالقادر الجيلاني) ، بحث نقدي في مصـادر التأريخ الإسـلامي الوسـيط ، دار الزنبقة – القاهرة ، ٢٠١٣ز .
12. جمال الدين فالح الكيلاني : من الشك إلى اليقين قراءة متأنية في نسب الشيخ عبدالقادر الكيلاني ، دار الزنبقة – القاهرة ، ٢٠١٤ز .
13. جمال الدين فالح الكيلاني : فتوح الغيب للباز الاشـهب الشـيخ عبدالقادر الجيلي ، مركز الإعلام العالمي – بنغلاديش ، ٢٠١٤ ز .
14. جمال الدين فالح الكيلاني : هكذا تكلم الشـيخ عبدالقادر الكيلاني ، دار الكتب العلمية – بنغلاديش ، ٢٠١٤ز ، چ ١ .
15. جمال محمد محمد امين : ديوانى ويسـاڵی ، مطبعة دار الجاحظ للطباعة و النشـر – بغداد .
16. حشـاني محمد رضـا : الوجود عند عبدالقادر الجيلاني ، اشـراف : د. عبدالله العشـي ، أطروحة دكتوراه – جامعة باتنة – الجزائر ، ٢٠١٧ز .

17.حياة الفقيه الجيلاني : الفتوحات الربانية في الاوراد القادرية ، دار الوابل الصـــيب للإنتاج و النشر و التوزيع – القاهرة ، ٢٠١٩ز ، چ ١ .
18.خاشع المعاضيدي : كتاب من بعض أنساب العرب ، دار الرشيد – بغداد ، ١٩٩٧ز .
19.زامدار قادری : عاشقانە دێم ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە – هەولێر ، ٢٠١٩ز ، چ ١ .
20.زامدار قادری : گوڵستانی عاریفان ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە – هەولێر ، ٢٠٢٠ز ، چ ٢ .
21.زامدار قادری : موریدی حەزرەتی پەروانەم ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە – هەولێر ، ٢٠٢٠ز ، چ ١.
22.زين الدين ابو الوردي المعري الكندي : تأريخ ابن الوردي ، دار الكتب العلمية – بيروت – ١٩٩٦ز ، چ ١ .
23.ســەربەســت بەرزنجی : دیوانی شــێخ ئەنوەر بەرزنجی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر ، ٢٠٠٩ز ، چ ١ .
24.عبدالرحمن محمد امين : کۆڕ و مەجلیســەکانی شــێخی ئیســلام "شــێخ عەبدولقادری گەیلانی" جلاء الخاطر ، پێداچوونەوە : زامدار قادری ، ناوەندی ڕەها – هەولێر ، ٢٠٢٠ز ، چ ١ .
25.عبدالغني الدروبي : المختصـر في تأريخ شــيخ الإســلام عبدالقادر الكيلاني ، باكســتان – كراجي ، ١٩٧٢ز .
26.عبدالغني بن اسماعيل النابلسي : الحقيقة و المجاز في الرحلة إلى بلاد الشام و مصر و الحجاز ، مركز تحقيق التراث – القاهرة ، ١٩٨٦ز .
27.عبدالقادر الجيلاني : فتوح الغيب ، المكتبة الأزهرية للتراث – القاهرة ، ٢٠٠٤ز .
28.عبدالقادر الجيلاني : تفسير الجيلاني ، دار الكتب العلمية – بيروت ، ٢٠٠٧ز .
29.عبدالقادر القادري : الزاوية القادرية و دورها الديني و الإجتماعي ، وزارة الاوقاف و الشــؤون الإسلامية – المغرب ، ١٩٧٩ز .
30.عبدالمنعم الحفني : الموسوعة الصوفية أعلام التصوف و المنكرين عليه و الطرق الصوفية ، دار الرشاد – مصر ، ١٩٩٢ز ، چ ١ .

31.عبدالوهاب الشعراني : الطبقات الكبرى المسمى لواقح الانوار القدسية في مناقب العلماء و الصوفية ، تح : د.أحمد عبدالرحيم السايح ، مكتبة الثقافة الدينية – القاهرة ، ٢٠٠٥ز ، چ ١ .

32.عفيف الدين عبدالله اليافعي : خلاصـــة المفاخر في مناقب الشـــيخ عبدالقادر ، تح : أحمد فريد المزيدي ، دار الآثار الإسلامية – سريلانكا ، ٢٠٠٦ز ، چ ١ .

33.عماد عبدالسلام رؤوف : الشيخ عبدالقادر الكيلاني رؤية تاريخية معاصرة ، مؤسسة مصر مرتضى للكتاب العراقي – بغداد ، ٢٠١١ز ، چ١ .

34.عمر محمود حسين السامرائي : الشيخ عبدالقادر الكيلاني و منهجه في التربية و السلوك ، دار الزنبقة – القاهرة ، ٢٠١٩ز .

35.علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الاسرار ، مطبعة مصطفى الحلبي – القاهرة ، ١٩١١ز .

36.علي بن يوسف الشطنوفي : بهجة الاسرار و معدن الانوار في مناقب الباز الاشهب ، تح : د. جمال الدين فالح الكيلاني ، المنظمة المغربية للتربية و الثقافة و العلوم – المغرب ، ٢٠١٣ز ، چ ٢ .

37.علي بن يوســف الشــطنوفي : بهجة الأســرار و معدن الأنوار ، دار الكتب العربية – مصـر ، ١٣٣٠ ک .

38.عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئانا – تەهران ، ٢٠١٠ز .

39.عەبدولکەریمی مودەریس : کۆمەڵەی شـــیعری فەقێ قادری هەمەوەند ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا ، ١٩٨٠ ز .

40.عەبدوڵڵا ئاگرین : دیوانی میرزا غەفور ، ١٩٩١ز ، چ ١ .

41.Kadiriayah, the Ency. of Islam (Margaliouth

42.گیوی موکریانی : دیوانی صافی ، چاپخانەی کوردستان – هەولێر ، ١٩٧٣ ز، چ ٣ .

43.L . Massignon. Ency. of Islam vol. 4

44.محمد الكسنزان الحسيني : الطريقة العلية القادرية الكسنزانية .

45.محمد بن عيســـى التادفي : قلائد الجواهر في مناقب عبدالقادر ، دار الباز – فلوريدا ، ١٩٩٨ز .

46. محمد رئوف توكلى : تاريخ تصوف در كردستان ، انتشارات اشراقى – ايران .
47. محمد صـــديق حســـن خان القنوجي البخاري : التاج المكلل من جواهر مآثر الطراز الآخر و الاول ، وزارة الأوقاف و الشؤون الإسلامية – قطر ، ٢٠٠٧ز ، چ ١ .
48. محمد علي العيني : عبدالقادر الجيلاني شـــيخ كبير من صـــلحاء الإســـلام ، دار الثقافة و النشر و التوزيع - عمان ، ١٩٩٣ز ، چ ١ .
49. محمد درنيقة : الشـــيخ عبدالقادر الكيلاني و أعلام القادرية ، الدار العربية للموســـوعات – بيروت ، ٢٠٠٦ز.
50. محمدی شەڵماشی : مەجلیسی ئەولیا ، انتشارات كردستان – سنه ، ٢٠١١ز ، چ ٥ .
51. مصطفى نەریمان: دیوانی مینه جاف ، مطبعة الجاحظ – بغداد .
52. مصلح الدين سعدى شيرازى : گوڵستانی سەعدی ، و.: مصطفى رسول ، ٢٠٠٨ ز، چ ٢ .
53. مەحموود زێوەر : دیوانی زێوەر ، بڵاوكراوەی ئاراس – هەولێر ، ٢٠٠٣ ز، چ ١ .
54. موحەمەد مەلا عەبدولكەریم : دیوانی بێخود ، انتشارات كردستان – سنه ، ٢٠٠٧ز ، چ ١ .
55. نیاز مەستی : ڕشتەی نوور ، ٢٠١٨ز ، چ ١ .
56. هونەر خورشـــید : جەننەتم وەســـڵی ئەوە ، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە - هەولێر ، ٢٠٢١ز ، چ ١ .
57. يوســف بن إســماعيل النبهاني : جامع كرامات الأولياء ، تح : إبراهيم عطوة عوض ، المكتبة الثقافية – بيروت ، ١٩٩١ز .
58. يوســـف بن اســـماعيل النبهاني : جامع كرامات الأولياء ، تح : ابراهيم عطوة عوض ، مركز اهل سنت بركات رضا – هند ، ٢٠٠١ ، چ ١ .
59. يوســـف بن تغري بردي الحنفي : النجوم الزاهرة في ملوك مصـــر و القاهرة ، دار الكتب – مصر .
60. يوســـف محمد طه زيدان : الطريق الصـــوفي و فروع القادرية بمصـــر ، دار الجيل – بيروت ، ١٩٩١ز ، چ ١ .